حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر
کۆلێجی زمان

# وشەخواستن لە زمانی کوردیدا

## (لێکۆڵینەوەیەکی ئیتیمۆلۆجییە)

نامەیەکە

ساکار ئەنوەر حەمید
بەکالۆریۆس لە زمانی کوردی- زانکۆی سەلاحەددین(2004-2005)

پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆلێجی زمانی زانکۆی سەلاحەددینی کردووە
بەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی ماجستێر لە زمانی کوردیدا.

بەسەرپەرشتی

پ.ی.د.بەکر عومەر عەلی

2009زایینی 2709کوردی 1430کۆچی

حكومة اقليم كردستان–العراق
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
جامعة صلاح الدين–اربيل
كلية اللغات

# استعارة الكلمة في اللغة الكوردية

## ( بحث ايتمولوجي )

رسالة تقدم بها الطالبة

ساكار أنور حميد
بكالوريوس في اللغة الكردية–جامعة صلاح الدين(2004–2005)

رسالة

إلى مجلس كلية اللغات–جامعة صلاح الدين وهي جزء من متطلبات نيل درجة الماجستير في اللغة الكردية

باشراف

أ.م.د.بكر عمر علي

2009ميلادى 2709كردي 1430هجري

Kurdistan Regional Government- Iraq
Ministry of Higher Education & Scientific Research
Salahaddin University- Erbil
College of Languages

# BORROWING IN KURDISH LANGUAGE- AN ETYMOLOGICAL STUDT

A THESIS
SUBMITTED TO THE COLLEGE OF LANGUAGES-
SALAHADDIN-UNIVERSITY
IN PARTIAL FULFILLMENT OF THE REQUIREMENTS FOR
THE DEGREE OF MASTER
IN KURDISH LINGUISTICS

**By**
**Sakar Anwar Hameed**
**B.A. University of Salahaddeen (2004-2005)**

**Supervised By**
**Assist.Prof. Dr.Bakir Omer Ali**

**2009AD** **2709K** **1430H**

ئەم نامەیە بە چاودرێری من لە زانکۆی سەلاحەددین ئا ماده‌کراوە و بە شێکە لە پێویستیەکانی وەرگرتنی پلەی ماجستێر لە زمانی کوردیدا.

ناو: پ.ی.د.بەکر عومەر عەلی

ڕۆژ: / / 2009

بەپێی ئەم پێشنیارە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

ناو: د.یادگار ڕەسول باڵەکی

سەرۆکی لیژنەی خوێندنی باڵای بەشی کوردی

ڕۆژ: / / 2009

# ڕاپۆرتی لیژنەی گفتوگۆکردن

ئێمە ئەندامانی لیژنەی تاوتوێکردن و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوە، کە بە ناونیشانی (وشە خواستن لە زمانی کوردیدا–لێکۆڵینەوەیەکی ئیتیمۆلۆجییە) و قوتابی (ساکار أنور حميد)مان تاقی کردەوەو گفتوگۆمان لەگەڵیا لە بارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی ترییەوە کرد و بڕیارماندا کە شایانی ئەوەیە بە پلەی(          ) بڕوانامەی ماجستێری لەزمانی کوردی بدرێتێ.

ناو: د.شلێر ڕەسول محەممەد
ئەندام

ناو:د.ئەبوبەکر عومەر قادر
ئەندام

ناو: پ.ی.د.بەکر عومەر عەلی
ئەندام و سەرپەرشتیار

ناو:پ.ی.د.فەرەیدون عەبدول بەرزنجی
سەرۆکی لیژنە
مێژوو:

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێجی زمان  زانکۆی سەلاحەددین پەسندکرا.

ناو: نەوزاد حەسەن خۆشناو
ڕاگری کۆلێجی زمان زانکۆی سەلاحەددین
مێژوو:    /    / 2009.

# لیستی زاراوەکان

| | |
|---|---|
| Acronym | ئەکرۆنیم |
| Elevation | بەرزبونەوەی واتا |
| Narrowing | تەسك بونەوەی واتا |
| Blending | تێکەڵکردن |
| Bifurcation | پەلهاویشتن |
| Obsolescence | پوکانەوە |
| Clipping | پارچەکردن |
| Inverito | داهێنان |
| Extension | فراوان بونی واتا |
| Polysemy | فرەواتا |
| Blocking | کۆتکردن |
| Expansion | گەشەکردن |
| Metaphor | میتافۆر |
| Pejoration | نزم بونەوەی واتا |
| Symonym | هاو واتا |
| Signifier | واتا |
| Obsolete | وشەی مردە |
| Inactive words | وشەی سست |
| Active words | وشەی چالاك |
| Tabo words | وشەی تابۆ |
| Neologism | وشەی نوێباو |
| Borrowing | وەرگرتن |
| Potention words | وشەی نەبوو |

# نـــاوەڕۆك


| لاپەڕە | بابەت |
| --- | --- |
| 3-1 | پێشەكی |
| 2 | –ناونیشان و بواری نامەكە |
| 2 | –هۆی هەلبژاردنی بابەتەكە |
| 2 | –كەرەستە و ڕێبازی لێكۆڵینەوەی نامەكە |
| 2 | –سنوری نامەكە |
| 2 | –گرفتی نامەكە |
| 3 | –بەشەكانی نامەكە |
| 42-4 | **بەشی یەكەم** |
| 7-5 | –پێناسەی وشە |
| 9-7 | –پەیوەندی نێوان وشە و زاراوە |
| 10-9 | –پێكهاتنی وشە |
| 11-10 | –پەیوەندی نێوان وشە و مۆرفیم |
| 13-12 | –ڕێگاكانی ڕۆنانی وشە لە زمانی كوردیدا: |
| 17-12 | 1- ڕێگەی داڕشتن: |
| 17-13 | –یاساكانی ڕۆنانی وشەی داڕێژراو: |
| 14-13 | یەكەم: ناوی داڕێژراو |
| 15-14 | دووەم: ئاوەڵناوی داڕێژراو |
| 16-15 | سێیەم: كرداری داڕێژراو |
| 17 | چوارەم: ئاوەڵكرداری داڕێژراو |
| 26-18 | 2- ڕێگەی لێكدان: |
| 26-18 | – یاساكانی ڕۆنانی وشەی لێكدراو: |
| 20-19 | یەكەم: ناوی لێكدراو |
| 22-21 | دووەم: ئاوەڵناوی لێكدراو |
| 24-22 | سێیەم: چاووگی لێكدراو |
| 25-24 | چوارەم: ئاوەڵكرداری لێكدراو |
| 25 | –لایەنی مێژوویی وشە(ئیتیمۆلۆجی وشە) |

| | |
|---|---|
| 26 | -جۆرەکانی وشە: |
| 26 | 1. سادە |
| 26 | 2. داڕێژراو |
| 26 | 3. لێکدراو |
| 29-26 | -جۆرەکانی وشەی لێکدراو: |
| 26 | 1- وشەی لێکدراوی بەستراو |
| 27 | 2- وشەی لێکدراوی ناسەربەخۆ |
| 28-27 | 3- لێکدراوی کورتکراوە |
| 28 | 4- لێکدراوی خاوەندی |
| 31-28 | -داهێنانی وشە |
| 35-31 | -وشەی سست و چالاك |
| 37-36 | -کۆتکردنی داهێنانی وشە |
| 36 | 1- کۆسپی فۆنۆلۆجی |
| 36 | 2- کۆسپی مۆرفۆلۆجی |
| 36 | 3- کۆسپی واتایی |
| 37 | 4- کۆسپی جوانکاری |
| 38 | 5- بوونی وشەیەك بەهەمان واتا لە زمانەکەدا |
| 38-37 | -وشەی نەبوو |
| 42-38 | -مردنی وشە |
| 78-43 | **بەشی دووەم** |
| 44 | -گەشەکردنی وشە |
| 56-45 | -ڕێگاکانی گەشەکردنی وشە |
| 46-45 | یەکەم// وەرگرتن |
| 47-46 | دووەم// داتاشین |
| 48-47 | سێیەم// لێکدان |
| 48 | چوارەم// داڕشتن |
| 49-48 | پێنجەم// پێوانە |
| 51-49 | شەشەم// وەرگێڕان |
| 52-51 | حەوتەم// ئاوەڵواتا |

| | |
|---|---|
| **53-52** | **هەشتەم// كورتكردنەوە** |
| 54-53 | **نۆیەم// هاوواتایی** |
| 55-54 | **دەهەم// فرەواتایی** |
| 55 | **یازدەهەم// هاوبێژی** |
| 57-56 | **–گۆڕانی واتای وشە:** |
| 57 | **–شێوەکانی گۆڕانی واتای وشە:** |
| 57 | 1- **گواستنەوەی واتایی** |
| 58 | **أ–خوازە (میتافۆڕ)** |
| 59 | **ب–خواستن (میتانۆمی)** |
| 60-59 | 2- **فراوانبوونی واتای وشە** |
| 61-60 | 3- **تەسکبوونەوەی واتای وشە** |
| 61 | **–هۆکارەکانی گۆڕانی واتای وشە** |
| 62 | 1–**هۆکاری نازمانی:** |
| 62 | 1- **هۆکاری کۆمەلأیەتی** |
| 62 | 2- **هۆکاری لادان** |
| 63-62 | 3- **هۆکاری باری ئابووری** |
| 63 | 4- **هۆکاری باری دەروونی** |
| 64-63 | 5- **هێز** |
| 64 | 2–**هۆکاری زمانی:** |
| 64 | **أ- ئاستی دەنگسازی** |
| 64 | **ب– ئاستی وشەسازی** |
| 65 | **ج- ئاستی ڕستەسازی** |
| 65 | **د- گۆڕان بەهۆی دەوروبەر** |
| 72-65 | **–کاریگەری زمانانی تر لەسەر زمانی کوردی** |
| 72 | **–فەرهەنگی وشەی زمانی کوردی:** |
| 74-73 | 1. **وشەی ڕەسەن** |
| 74 | 2. **وشەی هیندۆئەوروپی** |
| 75-74 | 3. **وشەی ئێرانی** |
| 76-75 | 4. **وشەی عەرەبی** |

| | |
|---|---|
| 76 | 5. وشەی تورکی |
| 78-76 | 6. وشەی جیهانی |
| 122-79 | **بەشی سێیەم** |
| 80 | -وشه خواستن لە زماندا |
| 87-83 | -هۆکارەکانی خواستن: |
| 85-83 | 1- خواستنی بە ئارەزوو |
| 87-85 | 2- خواستنی سەپێنراو و هۆکارەکانی |
| 87 | -جۆرەکانی خواستن بە پێی ئاستەکان: |
| 89-87 | 1- ئاستی دەنگسازی |
| 90-89 | 2- ئاستی واتاسازی |
| 92-90 | 3- ئاستی وشەسازی |
| 93-92 | خواستن و بنەمای زاراوەسازی |
| 93 | -ڕەچەڵەکی وشە و پەلهاویشتنی: |
| 103-93 | -هەندێ نموونەی وشەی ڕەسەنی کوردی و ڕەچەڵەکەکەی |
| 122-103 | -وشە خواستراوەکانی زمانی کوردی و ڕەچەڵەکیان |
| 124-123 | ئەنجام |
| 132-125 | سەرچاوەکان |
| 133 | پوختەی نامەکە بە زمانی عەرەبی(الخلاصة) |
| 134 | پوختەی نامەکە بە زمانی ئینگلیزی(Abstract) |

# پێشەکی

## 1- ناونیشان و بواری نامەکە:

ناونیشانی نامەکە ((وشە خواستن لە زمانی کوردیدا-لێکۆڵینەوەیەکی ئیتیمۆلۆجیە)) یە، واتە باسەکە تەرخان کراوە بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر دیاردەی خواستنی وشە لە زمانە بیانییەکانەوە بۆ ناو زمانی کوردی، لەگەڵ ڕوون کردنەوەی ڕەچەڵەکی وشەکان.

## 2- هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:

دیاردەی خواستن لە زماندا، نیشانەی زیندوویی زمان دەگەیەنێت، هەموو زمانێکی ئەم جیهانە وشە و زاراوە لە یەکتری وەردەگرن. بۆتیشک خستنەسەر ئەم بابەتە، کە تا ئێستا لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی بۆ نەکراوە، بۆیە بە باشمان زانی باسەکەمان بۆ ئەم بابەتە تەرخان بکەین.

## 3-کەرەستە و ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:

ئەو وشە و زاراوانە دەگرێتەوە کە لەدیالێکتی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا بەکارهاتوون، بە پێی پێویستی کارەکەش، نموونە لە زمانی عەرەبی و ئینگلیزییەوە وەرگیراوە، باسەکە لەژێر ڕۆشنایی ڕێبازی وەسفی شیکاری ئیتیمۆلۆجی لە وشە خواستراوەکانی زمانی کوردی دەکۆڵێتەوە.

## 4- سنووری لێکۆڵینەوەی نامەکە:

لێکۆڵینەوەکە لە ئاستی مۆرفۆلۆژی دا، لە وشە خواستراوەکانی زمانی کوردی دەکۆڵێتەوە، لە ڕووی ئیتیمۆلۆجییەوە.

## 5- گرفتی نامەکە:

کەمی سەرچاوەی زانستی بە زمانی کوردی دەربارەی وشە خواستراوەکان و ڕەچەڵەکیان، گیروگرفتی سەرەکی نامەکە بوون.

## 6-بەشەکانی نامەکە:

نامەکە لە پێشەکی و سێ بەش و ئەنجام پێکهاتووە:

بەشی یەکەم ئەم تەوەرانە دەگرێتەخۆ: پێناسەی وشە، پەیوەندیی نێوان وشە و زاراوە، پێکهاتنی وشە، پەیوەندیی نێوان وشە و مۆرفیم، ڕێگەی دارِشتن، یا ساکانی ڕۆنانی وشەی دارێژراو، ڕێگەی لێکدان، یاساکانی ڕۆنانی وشەی لێکدراو، جۆرەکانی و شە، داهێ نانی و شە، و شەی سـ ست و چالاك، کۆتکردنی داهێ نانی و شە، و شەی نەبوو، مردنی وشە.

بە شی دووە میش ئەم تەوەرا نە دەگرێ تەخۆ: گە شەکردنی و شە، ڕێگا کانی گەشەکردنی وشە: (وەرگرتن، داتاشین، لێکدان، دارشتن، پێوانە، وەرگێڕان، ئاوەڵوا تا، کورتکردنەوە(پار چەکردن و ئەکڕۆنیم)، هاووا تا، فرەوا تا، هاوبـ ێژ)، گۆڕانی وا تای و شە، شێوەکانی گۆڕانی وا تای و شە، گوا ستنەوەی وا تایی ( مەجاز، ئیـستیعارە)، فراوانبوونی وا تای و شە، تە سك بوو نەوەی وا تای و شە، هۆکارە کانی گۆڕانی وا تای وشە (نازمانی، زمانی)، هۆکارە نازمانییەکان (کۆمەڵایەتی، لادان، باری ئابووری، باری دەروونی، هێز)، هۆکارە زمانییەکانیش بریتیـیە لە (ئا ستی (دەنگسازی، وشە سازی، ڕستەسازی))، گۆڕان بەهۆی دەوروبەر)، کاریگەری زما نانی تر لە سەر زمانی کوردی، فەرهەنگی وشەی زمانی کوردی: وشەی (ڕە سەن، هیندۆ ئەورووپی، ئێرا نی، عەرەبی، تورکی، جیهانی).

بە شی سێیەمیش ئەم تەوەرا نەی لەخۆ گر تووە: و شە خوا ستن لە زما ندا، هۆکارە کانی خوا ستن، خوا ستن بە پـ ێی ئا ستەکانی زمان:ئا ستی (دەنگ سازی، ڕستەسازی، واتا سازی، وشە سازی)، و شەی ڕە سەنی کوردی و ڕە چەڵەکەکەی، و شە خواستراوەکانی زمانی کوردی و ڕەچەڵەکییان.

# بەشی یەکەم

# بەشی یەکەم

## **پێناسەی وشە:**

(ڕێزما نە کلا سیکییەکان لە شیکردنەوەی زما ندا و شەیان بە بنا غە دا ناوە و، بەهۆ یەوە بە شەکانی ئاخاوتنذ یان دەستنیشان کردووە، ئەم بیرە وا تا (دا نانی و شە بەبنج) تاماوەیەکی زۆر باڵی بەسەر زۆربەی لێکۆڵینەوە ڕێزمانییەکاندا کێشابوو، بۆیە نەیانتوانی هەموو کەرە ستە بیٚ واتا کانی زمان بە وشە دابنێن، نە شیانتوانی و شە بکەنە پێوانە بۆ شیکردنەوەی زمان) (وریا عمر امین:112:2004) .

و شە و تێگەیشتن لە و شە، بە ندە بە شارستانیەتی میللەت و کولتورەکە یەوە، هۆکارێکە بۆ زاڵبون بەسەر زماندا، تاکو بتوانرێ قسەی پێ بکرێ، بۆیە دەبینین (هاو زمانان) زیاتر لە یەك تێدەگەن، ئەویش بەهۆی زۆرنزیکی فەرهەنگی وشەو بیرەکانیان لەیەکەوە.

(ئەگەر فەرهەنگ نەبوایە نەمان دەتوانی هەرگیزاو هەرگیز بیری خۆمان دەربڕین) (شەوکەت اسماعیل حسن:1986: 23).

ئەو لێکۆڵینەوانەی کە ئێستا لەبارەی پەیدابوونی وشەوە ئەنجام دەدرێن ، زۆر گرنگی بە ژمارەی وشە لە زمانێکی دیاریکراودا نادەن، چونکە ژمارەی وشەکانیان سنووردارنین و کۆتایان نا یەت، کۆ مەڵی پێ شکەوتووش ئەوە یە کە فەر هەنگی زمانە کەی دەوڵەمە ند ببێت، پێویستە و شەکانی لە گە شەکردن و چالاکی دا بن، تا توانا یەکی تایبەتی بە بیرکرد نەوەی مرۆڤ بدەن. ئەگەر چی ولاٚ تە پێشکەوتووەکان لێکۆڵینەوەیان لە سەر و شە ئەنجا مداوە و بەر هەمی بەنرخیان پێشکەش کردووەو سەرکەوتنیشیان بەدە ست هێناوە، بەلاٚم نەیانتوانیوە پێنا سەیەکی تەواو بۆ و شە دابڕێژن، ئەوەی لە ولاٚتی ئێمەشدا تا ئێستا کە ئەنجام درابێت لە بارەی پێنا سینی وشە، ئەوانیش کەموکوڕی زۆر لەنێو پێناسەکانیاندا بەدی دەکرێت.

(لە ڕوانگەی زمانەوانیدا زۆر کێشە هە یە لە سەر گەیشتن بە پێنا سەیەکی تێر و تە سەلی و شە. کێشەکانیش پەیوە ندیان هە یە بە سنووری و شە و ما نای و شەکان و پێگەیان لە ناو تێکستدا) (Crystal: 2003: 500).

وشە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە زماندا و بە یەکەیەکی بنچینەیی زمان دەژمێردرێت کە لە دێرزەمانەوە ئەم کارە سەرەکی یە لەلا یەن زانا کان و توێژەرەوەکان بە پوختی

ئەنجام دراوە و جێگەی بایەخ پێدانیان بووە. بۆ نموونە فەیلەسوفی یۆنانی (ئەرستۆ) (2300) ساڵ پێش ئێستا پێنا سەی وشەی کردووە و دەڵێت: (وشە یاخود ناو واژەیەکی واتادارە و پێکهاتووە لە چەند دەنگێك هیچ بەشێکی خۆی لە خۆی دا مانا نابەخشێت) (ارسطو طالس: 1953: 56).

– وتە (کلمە) وشەیەکە کە مەبەستێکی دەبێ، وەك: دار، کار، من...هتد (شێخ محمدی خاڵ:1960 :31).

– وشە بچووکترین دانەی شوێن گۆرە (Crystal,D:1971:190).

– وشە دانەیەکە خاوەنی ڕۆنانی ناوەوەیە (Crystal,D:1971:190).

– وشە ئەو بێژەیەیە کە ڕستەی لێ پێك دەهێنرێت (د.عیزەدین مستەفا ڕەسول و د.ئیحسان فوئاد وصادق بەهائەدین:1972: 25).

هەروەها ئەورەحمانی حاجی مارف لە کتێبی ( وشەی زمانی کوردی ) بەم جۆرە پێناسەی وشە لە زمانی کورد یدا دەکات و خاسیەتە بنەڕەتیەکانیشی دەستنیشان دەکات و دەڵێت :

((بێشك تعریف و دیاری کردنی ڕاست و زانستی یانەی وشە ئەوەیە کە تیشك و ڕۆشنایی ئەو نیشانە سەرەکیانەی لە وشەدا هەن لە خۆی دا بنوێنێ وشەش پێویستە ئەو خاسیەتە بنەڕەتییانەی خوارەوەی تێدابێت:

1–پێك هاتنی فۆنەتیکی هەبێت.

2–ماناو واتادار بێت.

3–قەوارەی ڕێزمانی هەبێ.

4–هەمیشە خاوەنی دەنگ و مانا بێت.

5–هەردەم لە ئاخاوتندا وەك دانەیەك (وحدە) لە زمان بەکاربهێنرێ.

6–پتر لە یەك گیرەی نەبێت.

7–بتوانرێ لە ڕستەدا بەکار بهێنرێ .

8–توانای هەبێ ببێت بە ئیدیۆم.)) (ئەورەحمانی حاجی مارف :1975 :6).

– (وشە بریتییە لە هەر یەکەیەکی زمان کە لە نوسیندا بە دیاردەکەوێت لە نێوان دوو بۆشاییدا یاخود بۆشاییەك و هاینفنێکدا) (26: Falk: 1978) .

– ((وشه تەنیا لفظێکه که مەعنای ببێ، وەك: درەخت، بەرد،....هتد)) (سعید صدقی کابان:6:1982).

– ((وشه دەنگێکه یا کۆمەڵه دەنگێکه، که پێکهاتنی فۆنۆلۆژی وا تاداری هەبێ و وەك دانەیەك له زماندا بەکاربێت)) (د.نسرین فخری و د.کوردستان موکریانی:7:1982).

– هەندێ زمانەوانیش لەو باوەڕەدان که: ((وشه بچوکترین دانەیه له زماندا دەتوانێ به تەنیا جێگەی ڕسته بگرێتەوه)) (کەوسەر عەزیز ئەحمەد:25:1990).

یەکێ له پێناسه بلاوەکانی وشه ئەوەیه که: ((وشه بریتدیه له چەند مۆڕفیمێك که جێگۆڕی ناکەن)) (محمد معروف فتاح:1990: 86) .

– ساپیر پێی وایه: ((وشه بریتییه له بیرۆچکەیەکی ساده یان چەند بیرۆچکەیەك کەوا بەڕاده یەك تێکچرژاون که یەکه یەك یان دانه یەکی دەروو نی یەك دێنن، وەك وشەی (کڕیار) که بریتیه له لێکدانی چەند بیرۆکەیەك)) (کەوسەر عەزیز ئەحمەد:73:1990).

– (وشه بریتییه له یەکه یەکی دەربڕین که له لایەن قسەکەرەکانییەوه مانا یەکی دان پێنراوی هەیه له هەردوو شێوەی نوسین و قسەکردندا) (Crystal:2003:500).

– (وشه کەرەستەیەکی زمانەوانییه، ڕۆڵێکی گرنگ بۆ دەربڕینی ڕیزکردنی بیرەکانی مرۆڤ دەبینێت، له بانکی مێشك و لەناو فەرهەنگ دا شوێنی بۆ دادەنرێت) (مصطفی زەنگەنه:2003: 248) .

## **پەیوەندی نێوان وشه و زاراوه:-**

((زاراوه چەشنه وشەیەکه و گواستنەوەی وشەیه بۆ واته یەکی نوێتر . بۆ نمونه جاران به قوتابی دەوترا (شاگرد) که خوێندن له حوجرەکاندا بوو، بەڵام ئێستا ئەو واتا یه گۆڕاوه بەو کەسانه دەوترێت که بەردەستی وەستایەك دەکەن)) (ڕۆژان نوری:2007: 27).

زاراوه واژەیەکی بابەتییه پسپۆرەکان لەسەری ڕێککەوتوون بۆئەوەی واتا یەکی دیاریکراوی زۆر بەوردی و ڕوونی پێ دەربڕن، بەجۆرێك هیچ شێواوی و ئاڵۆزییەك له بیری خوێنەر و گوێگردا له بواری دەقه زانستیەکەدا پەیدا نەکات.

(الشریف الجرجانی) دەڵێت : ( زاراوه ڕێککەوتنی کۆمەڵێك کەسه لەسەر ناونانی شتێك یان کارێك، به وشەیەك که گواسترابێتەوه له واتایەکەوه بۆ واتایەکی

تر، دوا تر زا نا (الـ كوفى) له سەر هەمان ڕ ێڕەوی (الجر جانی) هەنگاوی ناوەو بەدووبارەکرد نەوەی و تەکانی (الجر جانی) زاراوەی پێنا سه کردووه و هه ندێ ڕوونکردنەوەی نوێ ی خستۆتە سەر لایەنەکانی پێنا سەکە و دەڵێ: زاراوە و شەیەکی بابەتیـ یە، لە یەکێك لە بابە تەکانی زاذ ست و ڕۆ شنبیری و شار ستانی دەدوێ لە کاروباری ڕۆژانەدا، ئەوانە بەکاری دەهێنن، کە پەیوەندییان بەو بابەتانەوە هەیە) (کا مل حسن البصیر:1979: 7).

هەمووزاراوەیەك وشەیە، بەلاْم هەموو وشەیەك زاراوەذیە، هەموو و شەیەکیش لە توانای دا هەیە ببێت بە زاراوە، بەلاْم دەبێت بارودۆخی بۆ بڕەخسێ و دەبێت تەنیا یەك واتا بگەیەنێت و بۆ ئەم مەبەستەی بەکاردەهێنرێت واتایەکەی بە تەواوی بدات بە دەستەوە. هەر زمانێك دەوڵەمەندبوو لە زاراوەدا، لە وشەشدا دەوڵەمە ند دەبێت، بەلاْم بە پێچەوانەوە هەڵەیە، بۆیە زاراوە سەرچاوەی دەوڵەمەند بوونی فەرهەنگی زمانە.

((وشە و تێگەشتن لێی، پەیوەستە بە کلـتورو شارستانیەتی نە تەوەوە، هەروەها هۆکاری زاڵبوونە بەسەر زماندا، بۆ ئەوەی بتوانرێت بە تەواوی گفتوگۆی پێ بکرێت، بۆ یە هاوزمان زیاتر لە یەك تێدە گەن، چونکە بیر و کلـتور و فەرهەنگی و شەیان زۆر لەیەك نزیکە)) (تابان محەمەد سەعید حەسەن:58:2008) ((هەتا گەنجینەی و شە دەوڵە مەنتر د بێت، چۆنیەتی بیرکرد نەوە ڕەوا نتر و قوڵتر و بەهێزتر دەبـ ێت)) ( شەوکەت اسماء یل حسن:23:1986).

((ئەگەر وشە نەبوایە هەرگیز نەمان دەتوانی بیری خۆمان دەربڕین. گرذگی و شە لەو کاتە شدا دەردە کەوێ، کە بیر ێك و کەرە ستەیەکی نوێ دێ تە ناو ژیا نەوە، بۆ دەربڕین و ناوهێنانی پێویستە بە و شەیەکی نوێ گوزارشتی لێ بکرێت، زۆرجار بۆ بەرجەستە کردنی ئەو بیرە، وشە کۆنەکانی زمان دووبارە زیندوو دەکرێ نەوە، نەوە بە نەوە بەکاردەهێنرێ نەوە، یان و شەیەکی نوێ بە یەکێك لە ڕێگا کانی وشە سازی سازدەکرێت)) (تابان محمد سعید حسن:59:2008).

((زاراوە کان کۆمە ڵە و شەیەکن لە زما ندا خاوەنی چەمکێکی بلاْو ڕ سپۆری تایبەتن، لە فەرهەنگی وشەی زمانەکەوە دادەڕێژرێن و مەرج نیە هەموو کەس بەکاری بهێنن. زاراوە وشەیەکی فەرهەنگی سەر زمانی کۆ مەلاْنی خەڵك ذیە، بەڵکو وشەیەکی نوێباوە بۆ واتایەکی نوێ لە کۆڕێکی زانستی یاخود ڕۆشنبیری سەردەمدا سازکراوە)) (کامل حسن البصیر:25:1979) تەنها بەسەر زاری ئەو کەسانەوەیە کە لەو بوارەدا بەکاری دەهێنن.

کاتێ وشە دەبێت بە زاراوە، کە لە سەرجەم زمانەکە خۆیەوە هەڵدەهێنجرێت و لەناو فەرهەنگەوە دێت، نابێت لە ڕووی فۆنەتیکی و گراماتیکەوە ناساز بێت.

((چەندوچوونی زاراوە لە زماندا، ئاوێنەیە بۆ بینین و زانینی ڕادەی پێشکەوتنی ئەو زمانە)) (ابراهیم امین بالدار:217:1986)، چونکە هێزی مرۆڤ لە هێزی زمانەکەیەتی، ڕادەی چە سپاندنی ئەوزاراوەیەش، بەکارهێنانێتی لە ناوە ندەکانی خوێ ندن و هۆیەکانی ڕاگەیاندندا.

ئەم پێنا سانە هەموو شتێ لەم ڕووەوە پێک ناهێنن، چونکە ئەما نە گ شتیان سەرەتایەك بوون بۆ خ ستنەڕووی پێنا سینی زاراوە، (هاو کات ئەم سەرەتایە ڕێ خۆشکەرە بۆ خستنەڕووی چەمکی زاراوە و دیاریکردنی چەند تایبەتییەك، وەك:

1- سەلماندنی ئەوەی کە زاراوە جۆرێکە لە وشە.

2- د یاریکردنی ئەوەی کە زاراوە کۆمە ڵە کە سێك سازی دە کەن بۆ ئیش و کاری تایبەتی خۆیان بەکاری دەهێنن .

3- دڵنیابوون لەوەی کە زاراوە واژەیەکی نوێ یە دوو واتا یان زۆرتری هەیە .

4- هۆکاری سەرەکی دانان و سازکرنی زاراوە، گواستنەوەی وشەیە لە واتایەکەوە بۆ واتایەکی نوێ) (کامل حسن البصیر:1979: 16).

## پێکهاتنی وشە:

دوای ئەوەی زمانەوا نە دێرینەکان وشەیان کردە بنا غەی شیکردنەوەی زمان و چەندین لێکۆڵینەوەیان لەسەر ئەنجام دا، بەڵام نەیانتوانی پێناسەیەکی تەواو بۆ وشە دابڕ ێژن، ئەویش لە بەربوونی جیاوازیـ یەکی زۆر لە پێنا سەکانیاندا. ئەوەبوو ڕۆنانکارەکان وازیان لە وشە هێناو بیریان لە دانەیەکی بچووکتر کردەوە کە مۆڕفێم بوو وتیان: مۆڕفێم ئەوەیە کە وشەی پێ دەناسرێت.

پێکهاتنی وشە لە زمانەوانیدا بە دوو ڕێبازی جیاواز دەبێت:

1- بە مانای گەشەی مێژوویی وشەیەك (ئیتمۆلۆژیا) وەك وشەی (خاوێن) کە لە (خا) بە واتای (هێلکە) دێت و (وێن) بەواتای (وێنە) دێت پێکهاتووە، واتە ڕێبازی مێژوویی وشە.

2- بە مانای پەیوەندی نێوان وشەیەك لەگەڵ وشەیەکی تردا وەك وشەی (جوان) و (جوانی). واتا ڕێبازی وەسفی وشە، مەبەستمان لە ڕۆنانی وشەیە.

((وشەڕۆنان لە زانستی زماندا بەو بەشە دەڵێن، کە لە چۆنیەتی پێکهاتن و یاسای دروست بوونی وشەکانی ئەمڕۆی زمان دەکۆڵێتەوە)) (ئەورەحمانی حاجی مارف :21:1987).

هەروەك چۆن وتمان وشە بە کەرەستەی زمان دادەنرێت، هەروەها کەرەستەی لێکسیکۆلۆژیشە، بەهەمان شێوە دەبینین وشەڕۆنانیش هەر باس لە وشە دەکات، بەڵام لێرەدا تەنها باسی چۆنیەتی دروست بوون و پێکهاتنی وشە دەکات لەگەڵ دەستنیشانکردنی مۆرفێمەکان (پێشگر و پاشگر). ((بۆ نموونە ئەگەر لەباری وشەڕۆنانەوە تەماشای وشەی ((کوردستان)) بکەین، دەبینین لەو شەی ((کورد)) و پاشگری ((ستان))پێك هاتووە. بەم جۆرە لەو شەی ((کوردستان ))دا دووپارچەی واتادارهەیە، کە هەر پارچەیەکیان دەکرێ لەگەڵ پارچەی تردا بەکار بهێنرێ. بۆ نمونە ((کوردایەتی، کورد پەروەر...))، ((گۆڕستان، ئەرمەنستان...)) )) (سەرچاوەی پێشوو: 21) بێجگە لە شێوەی دروستبوونی، دەبینین دوو مۆرفێمی واتادار یەکیان گرتووە و وشەیەکی نوێیان دروست کردوە ئەویش وشەی (کوردستان)ە بە واتای شوێنی کوردان دێت.

(( لە سەرەتای چلەکاندا، بیری مۆرفیم هاتەکایەوە، بەپێی ئەم بیرە هەموو کەرەسەیەکی ڕێزمانی شی دەکرێتەوە بۆ چەند دانەیەکی بچوك کە پێی دەوترێت مۆرفیم و ئەلۆمۆرفیش وەك زاراوەیەك بۆ ئەو شێوە جیاجیایانەی مۆرفیمێك بەکاردێ کە لە چوارچێوەی تردا ئەرکی مۆرفیم دەبینن)) (محمد معروف فتاح:80:1990) ئەم بیرەش لەلایەن بلۆم فیڵدەوە سەری هەڵدا کە بەهۆیەوە لە زمان کۆڵرایەوە.

## پەیوەندی نێوان وشە و مۆرفیم:

(( مۆرفیم بچوکترین دانەی واتاداری زمانە لە فۆنیمێ یان زیاتر پێك دێت و دەورێکی لە ڕێزمانا هەیە. بە لابردنی هەر فۆنیمێ لەو فۆنیمانە مانا بنەڕەتییەکەی نامێنێ و سێ تایبەتی هەیە:

1- بوونێکی فیزیکی هەبێت.

2-واتادار بێت.

3–کەرت ناکرێ بۆ پارچەی بچووکتر)) (وریا عمر امین:2004: 114).

کریستاڵ ئەڵێ: (ئەگەر وشەیەك لە فۆرمێکی سەربەخۆ پێك بێت پێی دەوترێت یەك مۆرفیمی و هەر وشەیەکیش لە مۆرفیمێك زیاتر پێك بێت بە فرە مۆرفیمی ناو دەبرێت) (Crystal.D:2003:32).

((مۆرفیم بچووکترین کەرەسەی زمانە کە واتای هەبێت)) (محمد معروف فتاح:1990: 81). زمانەوانەکان زۆر چەشن مۆرفیمیان لە یەکتری جیاکردۆتەوە، بەڵام لە هەموویان گرنگتر مۆرفیمی بەند و ئازادە. مۆرفیمی بەند بەو مۆرفیمانە دەوترێ کە سەربەخۆ بەکارنایەن لە زمانەکەدا و دەبێ لەگەڵ کەرەسەی تردا بن وەك هەموو پێشگر و پاشگر و ناوگرێك:(ەکە–ێ–ان– ە–ب–ئایە–دار–ەکە–دارەکان–وەرە– بڕۆ–بڕۆشتایە...هتد) مۆرفیمی ئازاد، بە پێچەوانەوە دەتوانێ سەربەخۆ بە بێ یاریدەی کەرەسەی تر لە زمانەکەدا بەکاربێت وەك: با، دار، جێگا، دەست)) (سەرچاوەی پێشوو: 85).

بۆ مەبەستی ڕۆنانی وشە لە هەر زمانێکدا، کۆمەڵە یاسایەك هەیە کە بە هۆیانەوە وشەکانی ئەو زمانە دروست دەبن، لە ڕووی ڕۆنانەوە وشەکانی زمانی کوردی دابەش دەبن بۆ سەر دوو جۆر:

1– ئەوانەی دابەش دەبن بەسەر مۆرفیمدا (واتە لە مۆرفیمێك زیاتر پێکهاتوون)، بۆ نموونە:

(دار فرۆش ) لە (دار+فرۆش)

(بێ خەو) لە (بێ+خەو)

2– ئەوانەی بەسەر مۆرفیمدا دابەش نابن (واتە تەنها لە مۆرفیمێك پێکهاتوون) و لە شێوەی وشەدا بەرچاو دەکەون، وەك: مانگ، شەو، چیا، شەڕ،...هتد. بەم پێیە هەموو وشەیەك مۆرفیمە، بەڵام هەموو مۆرفیمێك وشە نییە.

کەواتە تەنها ئەو وشانەی کە لە مۆرفیمێك زیاتر پێکهاتوون، ڕۆنانیان هەیە و وشەکانی تاك مۆرفیمی پێویستیان بە ڕۆنان نییە، زمانەوان هەوڵ دەدات کە لەم بەشەدا ئەم یاسایانە دەست نیشان بکات، تاکو بتوانێ پێویستییەکانی زمانەکە بە وشەی نوێ لەم سەردەمە نوێ یەدا جێ بەجێ بکات و وشەی نوێ بە پێی ئەم یاسایانە دروست بکات.

## ڕێگاکانی ڕۆنانی وشە لە زمانی کوردیدا:

بە شێوەیەکی گشتی بۆ ڕۆنانی وشە لە زمانی کوردیدا دوو ڕێگا هەیە، ئەوانیش بریتین لە (داڕشتن و لێکدان):

## 1- ڕێگەی داڕشتن:

((داڕشتن ڕێگەیەکی چالاك و باوە لە گشت ئەو زمانانەی کە سەر بە کۆمەڵەی زمانە نووساوەکانن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەم پۆلە زمانە ناتوانێت هەموو ئەو بیر و چەمکانەی خۆی بەهۆی وشەی سادەوە دەربڕێت، لەبەرئەوەی زانین بێ پایانە و کەرەستەی دەوڵەمەندترین زمان لە چاویدا کەمەو کۆتایی هەیە)) (کەوسەر عەزیز ئەحمەد:1990:72).

بەرلەوەی ناوەڕۆکی بابەتەکە باس بکەین و یاساکانی داڕشتنی وشەی داڕێژراو بخەینە ڕوو، چاکتر وایە سەرەتا ئەو مۆرفێمە مۆرفۆلۆژیانە بناسێنین، کە وەکو کەرەستەیەکی کارا، ئەرکی داڕشتنی وشەی زمانی کوردی بەجێ دەگەیەنن، ئەوانیش بریتین لە:

- پێشگر
- پاشگر

- **پێشگر**: ئەو مۆرفیمەیە کە زۆربەی کات بە سەرەتای بناغەی وشەوە دەلکێ و شێوە و ناوەڕۆکی وشە دەگۆڕێت و دەور دەبینێت لە ڕۆنانی وشەدا، بوونیان بە تەنها هیچ بایەخێکی نییە و واتا نابەخشن، بەڵکو کە دەچنە سەر وشە، وشەی نوێ دادەڕێژن و واتا دەگەیەنن، وەك: ڕام کرد، دام گرت، هەڵدەگرم، وەربگرە...هتد.

- **پاشگر**: ئەو مۆرفیمەیە کە بە کۆتایی بناغەی وشەوە دەلکێ و هەمیشە پێش نیشانەیە کە لە پێشگردا وانییە، شێوە و ناوەڕۆکی وشە دەگۆڕێت و دەور دەبینێت لە ڕۆنانی وشەدا، بوونیان بە تەنیا هیچ بایەخێکی نییەو واتا نابەخشن، بەڵام کە دەچنە سەر وشە، وشەی تر دادەڕێژن و واتا دەگەیەنن، وەك: گوڵدانەکان، بەرخۆڵە، جوانکیلە، بەردەڵان،...هتد.

لە داڕشتن دا پێشگر یان پاشگر بە زۆری دەچێتە سەر بە شە ئاخاوتنێکی دیاریکراو، وشەیەکی نوێ پێکدێنێت و مانایەکی نوێش بە دەستەوە دەدات وەك:

**ناو + پاشگر ----- بووك + ێنی = بووکێنی**

**پێشگر + ناو ----- هەڵ+ بەست = هەڵبەست**

## **یاساکانی ڕۆنانی وشەی داڕێژراو:**

### **یەکەم: ناوی داڕێژراو:**

**لە ز مانی کورد یدا ناوی دار ێژراو بەزۆری بە یار یدەی پا شگر پێ کدیٚ ئەو پاشگرانەش دە چنە سەر (ناو، ئاوەڵناو، کار، ڕە گی کار، ئاوەڵکار)ی سادە و ناوی داڕێژراو پێك دێنن:**

**أ- ناو + پاشگر:**

**أ ناوی سادە + پاشگر = ناوی داڕێژراو:**

**شاخ + ە وان = شاخەوان**

**دەشت + ەکی = دەشتەکی**

**- ئەم پاشگرانەی سەرەوە کە وشەیان داڕشتووە، پیشەی یەکێك دیاری دەکەن.**

**- ئەم پاشگرانەی خوارەوەش شوێن نیشان دەدەن، وەك:**

**لەوەڕ + گا = لەوەڕگا**

**دار+ ستان = دارستان**

**هەندیٚ پاشگریش هەن بۆ بچووککردنەوە بەکاردێن و دەچنە سەر ناوی سادە و ناوی داڕێژراو دروست دەکەن وەك:**

**بەرخ + ۆکە = بەرخۆکە**

**گویٚ + چکە = گوێچکە**

**- ۆڵکە: ((تەختۆڵکە، تەپۆڵکە، بەرزۆڵکە))** (نوری عەلی ئەمین:18:1958).

**ب/ ئاوەڵناوی سادە + پاشگر = ناوی داڕێژراو:**

**پاك + انە = پاکانە**

**ڕووت + ەڵە = ڕووتەڵە**

**ج- کاری سادە + پاشگر= ناوی داڕێژراو:**

((هەندێ پاشگر بە(ڕەگی کرداری ڕابردو، ئێستا، ناوی چاوگ(اسم المصدر)ەوە دەلکێن و ناوی داڕێژراوی لێ دروست دەکەن)) (ئەورەحمانی حاجی مارف: 1987: 61)، وەك ئەمانەی خوارەوە:

1-بناغە+ار . وەك: (وتار) لە (وتن)ەوە

2- ڕەگ+یار . وەك: (زانیار) لە (زانین)ەوە

ب-پێشگر + ناو:

هاو + سەر ← هاوسەر

ڕا + بەر ← ڕابەر (ناوی تایبەتی مرۆڤە).

## دووەم: ئاوەڵناوی داڕێژراو:

ئاوەڵناوی داڕێژراو، لە زمانی کورد یدا بە یار یدەی پێشگر و پا شگر دروست دەبێت، وەك:

أ- پێشگر+ناو:

لە زمانی کورد یدا دوو پێشگر هەن، دەچنە سەر ناو و، ئاوەڵناوی لێ دروست دەکەن وەك:

1- بێ. وەك: بێ هۆش، بێ کار

2- بە. وەك: ((بەهێز، بەجەرگ)) (ئەورەحمانی حاجی مارف:1987: 65).

ب- وشە+پاشگر:

لە زمانی کوردیدا، ئاوەڵناوی داڕێژراو، زیاتر بەیاریدەی پاشگر دروست دەبێت، ئەمەش لە ڕێی چەند یاسایەکەوە پێکدێت، وەك:

1- ناو+پاشگر=ئاوەڵناوی داڕێژراو:

- دار: دڵدار، نازدار، ناودار

- باز:نێرباز، کۆترباز

2- ئاوەڵناو+پاشگر: ئاوەڵناوی داڕێژراو:

- وك: نەرموك

- انی: تەختانی

3- ڕەگی کردار +پاشگر=ئاوەڵناوی داڕێژراو:

- ۆك: خشۆك، گەڕۆك

- ندە: دڕندە

- ار: ژیار

4- ئاوەڵکردار + پاشگر = ئاوەڵناوی داڕێژراو:

- ەكی: سەرەكی، پاشەكی

- وو: سەروو.

## سێیەم: کرداری داڕێژراو:

کرداری داڕێژراو بەشێکی گرنگی ئاخاوتنە و لە ڕووی زاراوەسازییەوە چالاکە و بە دوو ڕێگا پێکدێت:

1- بەهۆی پاشگرەوە.

2- بەهۆی پێشگرەوە.

ا- (بەهۆی پاشگرەوە):

لە زمانی کوردیدا دوو پاشگر هەن بەشداری لە ڕۆنانی کرداری داڕێژراو دەکەن ئەوانیش: پا شگری (ەوە، ا ندن). ئەما نەی خوارەوە یا سا سەرەکییەکانی پێکهاتنی کرداری داڕێژراون:

1- کردار+پاشگر:

- ەوە: چەند واتایەکی سەرەکی هەیە، کە ئەمانەن:

1- گۆڕینی مەفهوومی (چەمکی) وشە، وەك:

سووتان – سووتانەوە

برژان – برژانەوە

بردن – بردنەوە

پەڕین – پەڕینەوە

2–دووبارەبوونەوە، وەك:  نووستن – نووستنەوە

3–گەڕانەوە، وەك:          چوون – چوونەوە

هاتن – هاتنەوە

2– ڕەگی کردار+پاشگر:

– اندن:

نووستن⟵نوو + اندن ⟵ نواندن

پەڕین⟵ پەڕ + اندن ⟵ پەڕاندن

3– دەنگی سروشتی + پاشگر:وز

میاو + اندن ⟵ میاواندن

زیڕە + اندن ⟵ زیڕاندن

4– ناو + پاشگر:

ڕەنج + اندن ⟵ ڕەنجاندن

(هەروەها ڕێگایەکی تر بۆ داڕشتنی کردار لە زمانی کوردیدا لە ڕێی قاڵبی بکەر نادیارەوەیە وەك: خوراندن–خوران

گرتن–گیران (مانگ گیران–بەندبوون) ) (وریا عومەر ئەمین:279:2004).

ب– بەهۆی(پێشگرەوە):

لە زمانی کوردیدا، دوو جۆر پێشگر بەشداری چاووگی کرداری داڕێژراو دەکەن، ئەوانیش:

ا– پێشگری سادە:

– ڕا: ڕابوون، ڕاگرتن، ڕاماڵین، ڕامان

– لێ: لێخورین، لێکەوتن.

2– پێشگری ناسادە:

تێ: تێهەڵچوون

## چوارەم: ئاوەڵكرداری داڕێژراو:

لە ز مانی کورد یدا، ئاوەڵکرداری داڕ ێژراو بەم ڕێگایا نەی خوارەوە درو ست دەبێت:

1- بەیاریدەی (پێشگر-):

هەردوو پێشگری (بە، بێ) بەشداری پێکهێنانی ئاوەڵکرداری داڕێژراو دەکەن:-

- پێشگری (بە)، وەك: بەگوڕ

- پێشگری(بێ)، وەك: بێباك، بێ بەش، بێشك

2- بەیاریدەی (-پاشگر):-

ا- ناو+پاشگر:

1- پاشگری (-ان): پاییزان، ئێواران

2- پاشگری (-انە): مەردانە، پیاوانە، شێتانە.

((ئە مەش بە زۆری لە ڕ ستەدا بەدەردە کەوێت وەك: سەربازەکان مەردا نە دەجەنگن)) (ڕۆژان نوری:85:2007)

3-پاشگری(-ێ):زستانێ، هاوینێ

4-پاشگری (ئاسا): کوێرئاسا، کوڕئاسا، پیاوئاسا، شێرئاسا.

5- پاشگری(-ەکی): شەوەکی، بەیانیەکی، دەمەکی

ج- بەیاریدەی پێشگر و پاشگر:-

1- پێشگر + ناو+ پاشگر:

بێ + ئومێد + ی ← بێ ئومێدی

2-پێشگر + چاووگ + پاشگر:

لێ + کۆڵین + ەوە← لێکۆڵینەوە

نە + بوون + ی ← نەبوونی

## 2-ڕێگەی لێکدان:

به شێوەیەکی گ شتی ز مانی کوردی ز مانێکی ل کاوه، وا ته زۆر بەی و شه و دەربڕینەکانی نا ساده و جیاوازن، ئەم تایبەتییەش ئەوه دەسەلمێنێت کەوا زۆربەی و شەکان بەهۆی ڕێ بازی لێکدا نەوه له فەر هەنگی ز مانی کورد یدا له سەر بنچینەی یەکگرتنی دوو وشەی واتادار یان زیاتر دروست بوون و وەك وشەیەکی واتادار خۆیان چەسپاندووه. (زاراوەش که چەشنێکه له وشه و به هۆی ئەم ڕێبازەوه به گوێرەی پێویست به درێژایی تەمەنی زمانی کوردی لەسەر چەند شێوەیەك له لێکدان هاتۆته ناو ز مانی کوردی یەوه و له دا یك بووه و بەڵ گەی داوه به دەست پ سپۆڕەکانی ئەم زمانەوه که له زانستی زاراوەسازیدا ڕێبازی لێکدان وەکو یەکێك له ڕێبازەکانی دانان و سازکردنی زاراوەی کوردی بگر نه بەر و له بەر تیر شکی دا زاراوەی لێ کدراوی پێویست دابهێنن) (کامل حسن البصیر :1979: 62).

((زمانه کەمان وەك زۆر بەی زما نه ئاری یەکان، و شەی لێ کدراوی زۆر تیا یه له هەموو جۆر و ته و زاراوەدا)) (ا حمد ح سن ا حمد:1975: 320). یەکێك له ڕێ گه د یار و سەرەکییەکانی و شەڕۆنان و زاراوەی نویێ ی فەر هەنگی کوردی، گرتنه بەری ڕێ گەی بناغەیه، له لێکداندا دوو بناغه بەیاریدەی مۆرفیمی بەستن یا بێ یاریدەی مۆرفیمی بەستن دەخرێنه پاڵ یەکتری بۆ پێکهێنانی وشەی نوێ. بناغەکانی ئەم وشانەی بریتین له (ناو، ئاوەڵناو، کردار، ئاوەڵکردار، ژماره ) زۆر کەم له ڕووی نێزیکی وا تاوه یان دژواتاوه لێکدەدرێن.

## وشەی لێکدراو :-

وشەی لێکدراو وشەیەکی ناسادەیه، پێك دێت له دوو وشەی سادەی واتادار یان ز یاتر و واتا یەکی نوێ دەدات به دەستەوه، وەك (مارما سی، بەردەنو یژ، گوڵه گەنم، شەو لەبان، گوڵ بەهار، شەکره سێو، هەرمێ لاسووره، ...هتد.

## یاساکانی ڕۆنانی وشەی لێکدراو :-

ڕۆ نانی و شەی لێ کدراو له سەر بنچینەی پۆلی بنا غەکانی وا ته ( ناو، ئاوەڵناو، کردار، ئاوەڵکردار، ژماره) به چەندین یاسای چالاك و دیار ئەنجام دەدرێت، ئەگەر به قووڵی له زاراوه لێ کدراوه کوردی یەکان بکۆڵی نەوه و هەوڵی دەست نی شان کرد نی

چۆنیەتی لێکدانی زاراوەی نوێباو بدەین، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە زاراوەی لێکدراو لە مانەی خوارەوە پێکدەهێنرێت :-

**یەکەم / ناوی لێکدراو :**

1- ناوی سادە + ناوی سادە :-

دار + دەست ⟵ دار دەست

((چڵکاو، بەفراو، گاسن)) (ئەورەحمانی حاجی مارف:1987: 84)

2- ناوی سادە + ئاوەڵناوی سادە:

سەر + سپی ⟵ سەر سپی

((پشت ئەستوور، دەست بڵاو، سەرسەخت)) (مسعود محمد:1988:336).

3- ئاوەڵناوی سادە + ناوی سادە:

زەرد + ئاو ⟵ زەرداو

ترش + ئاو ⟵ ترشاو.

4- ناوی سادە + مۆرفیمی بەستەری (ە) + ناوی سادە:-

((بروسك + ە + هەواڵ ⟵ بروسکە هەواڵ

هەواڵ + ە + ڕووداو ⟵ هەواڵە ڕووداو)) (بدران احمد حبيب:2005:112).

5- ئاوەڵناوی سادە + مۆرفیمی بەستەری(ە) + ناوی سادە:-

((کەڵ + ە + پیا و⟵ کەڵەپیاو)) (محمدمعروف فتاح:1989:141).

کۆن + ە + جاش ⟵ کۆنەجاش

وشکەشێواز، وشکە ساڵ، وشکە جوو، ڕەسەنەچەشن

6- ناوی سادە + مۆرفیمی بەستەری(ە) + ئاوەڵناوی سادە:-

گەرد + ە + لوول ⟵ گەردەلوول

((گورگەبۆر، ئەسپەشێ، کەرەبۆر)) (مسعود محمد:1988:338).

7- ئاوەڵکردار + مۆرفیمی بەستەری(ە) + ناوی سادە:-

پاش + ە + سەر ⟵ پاشەسەر

((پاشەلەقە، پاشەڕۆژ)) (ئەورەحمانی حاجی مارف:136:1979).

8- ئاوەڵکردار + ناوی سادە:-

پێش + کار ← پێشکار

((بن باخەڵ، هەمیشەبەهار، بەرماڵ)) (سەرچاوەی پێشوو:136).

9- ناوی سادە + بە + ناوی سادە:-

کولێرە + بە + ڕۆن ← کولێرەبەڕۆن

10-ناوی سادە + ڕەگی کردار:-

ڕێ + گر ← ڕێگر

پیلان + گێڕ ← پیلانگێڕ.

11- ڕەگی کردار + ە + ناوی سادە:-

تاش + ە + بەرد ← تاشەبەرد.

12- ناوی سادە + مۆرفیمی بەستەری (و) + ڕەگی کردار:-

دەست + و + برد ← دەست وبرد.

13- ئاوەڵناوی سادە + ڕەگی کردار:-

ڕەوان + بێژ ← ڕەوانبێژ

14- ئاوەڵکردار+ ڕەگی کردار:-

بەر + بانگ ← بەربانگ.

15- ناوی سادە + ڕەگی چاوگی (داشتن)ی فارسی+ فۆنیمی (ی):-

چەك + دار + ی ← چەكداری

16- دووبارە کردنەوەی دوو ناوی دەنگی سروشتی بە یاریدەی مۆرفیمی بەستەری (ە):-

تەپ + ە + تەپ ← تەپەتەپ.

گار+ە+گار←گارەگار

## دووەم// ئاوەڵناوی لێکدراو:-

ئاوەڵناوی لێکدراو بەم شێوانەی خوارەوە پێکدێت:-

1- ناوی سادە + ناوی سادە:

باڵا + دەست ← باڵادەست

بەژن + چنار ← بەژن چنار.

2- ناوی سادە + ئاوەڵناوی سادە:

پێست + ڕەش ← پێست ڕەش

سەر + خۆش← سەرخۆش.

3- ناوی سادە + ئاوەڵناوی کراو:-

با +بردوو ← بەش خوراو

دەست + ڕۆیشتوو ← دەست ڕۆیشتوو.

4-ئاوەڵکاری ڕادە + ڕەگی کردار:-

زۆر+ زان ← زۆرزان.

5-ئاوەڵناوی سادە + مۆرفیمی بەستەری ( و) + ئاوەڵناوی سادە:-

قیت + و + قۆز ← قیت و قۆز.

6- ناوی سادە + ڕەگی کار :-

لەش + فرۆش ← لەش فرۆش

7- ناوی سادە + مۆرفیمی بەستەر + ناوی سادە:-

ڕوو +بە + خاڵ ← ڕووبەخاڵ

دەست + بێ + خێر ← دەست بێ خێر

8- ئاوەڵناوی سادە + مۆرفیمی بەستەر + ناوی سادە:-

کورت + ە + باڵا ← کورتەباڵا

9- ئاوەڵناوی سادە + ڕەگی کردار:

ڕاست + گۆ ← ڕاستگۆ

10- ئاوەڵکرداری سادە + ناوی سادە :-

ژێر + چەپۆك ← ژێرچەپۆك

11- ژمارەی سادە + ناوی سادە :-

چوار + چاو ← چوارچاو

یەك + ڕەنگ ← یەك ڕەنگ

12- دووپات کردنەوەی ناو:-

((کون کون، ورد ورد)) (ئەورەحمانی حاجی مارف:89:1987 ).

13- ئاوەڵناو + وشەیەکی سادەی بیٚ واتا، بەیاریدەی مۆرفیمی بەستەری (و):-

چەوت + و + چەوێڵ ← چەوت و چەوێڵ

14- ئاوڵناوی سادە + ناوی سادە

خۆش + باوەڕ ← خۆش باوەڕ

تازە + بابەت ← تازەبابەت.

15- ناوی سادە + مۆرفیمی بەستەری (و) + ناوی سادە:-

شان + و + مل ← شان ومل

16- ئاوەڵناو + مۆرفیمی بەستەر (ە) + ڕەگی کردار.

چاك + ە + خواز ← چاکەخواز.

17- دووپات کردنەوەی ناو بەیاریدەدەری مۆرفیمی بەستەر:-

ڕەنگ + او + رەنگ ← ڕەنگاوڕەنگ

18- دووپات کردنەوەی ئاوەڵکردار + مۆرفیمی(ی )

دەم دەم +ی ←دەم دەمی.

## سێیەم//چاووگی لێکدراو:

ئەو کردارا نەی بە ڕێ گەی لێ کدان بەر هەم دەه ێنن، بەیار یدەی(ناو، ئاوەڵ ناو، ئاوەڵکردار، ژمارە، ئامراز ،....) پێك دێت:

## 1-بەیاریدەی ناو :

((ناو (مادی بێ یان مەعنەوی ) دەتوانێ لەپێکهاتنی کرداری لێکدراودا بەشدار بێ. وەك:- (دەستبڕین، پێگرتن، بیرکردنەوە، شەرمکردن ) ناوی داڕژاو و لێکدراویش وەك ناوی سادە دەتوانن یارمەتی پێکهێنانی کرداری لێکدراو بدەن)) (ئەورەحمانی حاجی مارف:89:1987)

ا- ناوی سادە+چاووگ، وەك:

ڕێز + گرتن ← ڕێزگرتن

نان + کردن ← نان کردن

ب- ناوی داڕێژراو+چاووگ، وەك:

ڕۆژوو + شکاندن ← ڕۆژووشکاندن

ڕێگا + گرتن ← ڕێگاگرتن

ج- چاووگی لێکدراو، وەك:

ماستاو + کردن ← ماستاو کردن

((زۆرجار جگە لەو دوو وشە واتادارەی کە وشەی لێکدراو پێکدەهێنن، پێشگر یا پاشگریش لەناو وشەی لێکدراودا دەبینرێ)) (ئەورەحمانی حاجی مارف:90:1987) وەك:

1- پێشبەند + ناو + چاوگ:

لە + دەست + دان ← لەدەست دان.

2- ئاوەڵکرداری سادە + چاووگی داڕێژراو:

پشت + تێ کردن ← پشت تێ کردن.

3- پێشبەند + ناو + چاووگی داڕێژراو:

بە + بیر + هاتنەوە ← بەبیرهاتنەوە.

4- ئاوەڵناو + چاووگی داڕێژراو:

سوور + بوونەوە ← سووربوونەوە.

5- ناو + چاووگی داڕێژڕاو:

مل + لێ نان ← مل لێنان.

## 2-بەیاریدەی ئاوەڵناو:

ئاوەڵناو بە هەمان شێوەی ناو، ( سادەبێت یا داڕێژراو یا لێکدراو) بەشداری دەکات لە پێکهێنانی کرداری لێکدراو، وەك:

ا- ئاوەڵناوی سادە+چاووگ، وەك:

سوور + بوون ← سووربوون.

ب- ئاوەڵناوی داڕێژراو+چاووگ، وەك:

بێ هێز + بوون ← بێ هێزبوون.

ج- ئاوەڵناوی لێکدراو+چاووگ، وەك:

دوودڵ + بوون --- دوودڵ بوون.

2- هەندێ کرداری لێکدراو هەن، یەکێك لە بنا غەکانی، هەمیشە بە شێوەی بەند دەردەکەون و بە تەنیا بەکارنا یەن، وەك: وازهێنان(وان)، ذقووم بوون(ذقووم)، برك کردن( برك)، فڕێ دان( فڕێ)، ها ندان(هان)، بەخێوکردن( بەخێو)، دەربازبوون(دەربان)، تووش بوون(تووش)،...هتد.

## چوارەم: ئاوەڵکرداری لێکدراو:-

ئەما نەی خوارەوە چەند یا سایەکن بەشداری لە ڕۆنانی ئاوەڵکرداری لێکدراو دەکەن:

ا- دووبارەکردنەوەی ناو بە یاریدەی مۆڕفیمی بەستەر، وەك:

- او: ڕەنگاوڕەنگ، سەراوسەر،...هتد.

- ەو: ماڵەوماڵ، شارەوشار، بانەوبان،...هتد.

- ئاوەڵناو + بە + ناو: پڕبەدڵ، پڕبەدەم، پڕبەپێست،..هتد.

- ان: ((بەرانبەر، سەرانسەر،...هتد)) (نوری علی امین:64:1960).

### 2-دووبارەبوونەوە بێ یاریدەی مۆڕفیمی بەستەر:

1-دووبارەکردنەوەی (ناو، ئاوەڵناو، ژمارە، ئاوەڵکردار)، وەك:

<u>ژمارە</u> + <u>ژمارە</u>:

**یەك + یەك ← یەك یەك**

**<u>ئاوەڵناو</u> + <u>ئاوەڵناو</u>:**

**کەم + کەم ← کەم کەم**

**<u>ناو</u> + <u>ناو</u>:**

**پۆل + پۆل ← پۆل**

2- **ئاوەڵکردار + مۆرفیمی بەستەر(ەو) + ئاوەڵکردار:**

**بەر + ەو + ژێر ← بەرەوژێر**

## <u>لایەنی مێژوویی وشە/ ئیتیمۆلۆژی وشە:</u>

**((ئیتیمۆ لۆژی ئەو بە شەیەلە زاذ ستی و شە، کە لە پە یدابوون و وەر گرتن و گە شەکردنی و شەو ئەو دەورا نەی پێ یدا تێ پەڕیوە دەدوێ))** ( ئەورەحمانی حاجی مارف:25:1975) **و لە پێ ناوی ڕوون کرد نەوە و تێگەی شتنی ئەم چەمکە چەند نموونەیەك دەخەینە ڕوو، وەك:**

((**-ئاوێنە**: **لە (ئاو + وێنە) پێکهاتووە. ئاو تایبەتمەندییەکی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە پاکژ و بێگەردە و وێنەی دەوروبەری خۆی دیار دەخا. (ئاوێنە ) ئەو ئامرازەیە کە وەك ئاو وێ نە دەردە خات (نەینۆك)یشی پێ دەوترێت. لە فارسیدا وشەکە بە شێوەی (ایینە) دەرکەوتووە.**

**-کەمتیار**: **ناوی چوار پێیە کە و لە (کەم+ تەر)ەوە هاتووە، کە (کەم+ تەر+کردن) بە واتای (دەم بەستنەوە) دێت لەسەردەمی کۆندا کورد پێیان وابووە کە (کەمتیار) زۆر حەز لە ئاوازی مۆ سیقا دە کات و، بەوە ڕاو یان کردووە و گوتوویا نە: ( کەمتیار پیاوێکی چاکە، قولە پێی بسمیت دەنگ ناکات.**

**-خاوێن/پاکژ**: **وشەی (خاوێن) لە (خا + وێن) پێکهاتووە. (خا) لە زمانی کورد یدا بە وا تای (هێلکە) دێت. (وێن) کورتکراوەی (وێنە) یە، بە وا تای (وەك هێلکە وا یە)و بە شێوەی وی یە(ئەوە). کەواتە(خاوێن) مانای پاکژو بێگەردە وەك هێلکەی پاککراو، کە (هێلکەی پاککراو) لە زمانی کورد یدا نموونەیە کە بۆ بێگەردی و خاوێنی)** ( جەمال نەبەز:2008: 78-91).

## جۆرەکانی وشە:

جۆرەکانی وشە لە ڕووی پێکهاتنی مۆڕفۆلۆژییەوە دەکرێت بە (3) سێ بەشی سەرەکییەوە، ئەوانیش بریتین لە:-

1- وشەی سادە: بریتییە لە یەك مۆڕفیمی سەربەخۆی خاوەن واتا وەك (گوڵ، چیا، سێو،...هتد).

2- وشەی داڕێژراو: بریتییە لە وشەیەك کە لە مۆڕفیمێکی سەربەخۆ لەگەڵ مۆڕفیمێك یان چەند مۆڕفیمێکی بەند پێکدێت وەك: چاکە، خواردنگە، ڕاکردن، کردنەوە، داخستن،...هتد).

3- وشەی لێکدراو: بریتییە لە وشەیەك کە لە دوو مۆڕفیمی سەربەخۆی واتادار یا زیاتر پێکدێت وەك: (دار سێو، دارخورما، تەڕەپیاز، هیزەڕۆن،...هتد)، بە سەر (4)چوار جۆری سەرەکی دابەش دەکرێت:

1- لێکدراوی بەستراو

2- لێکدراوی ناسەربەخۆ

3- لێکدراوی کورتکراوە

4- لێکدراوی خاوەندی

## 1- وشەی لێکدراوی بەستراو:-

ئەو جۆرە لێکدراوەیە کە بە ئامرازی پەیوەندی (و)ەوە کەرتەکانی دەبەسترێن. ئەمەش لە دوو وشە یان زیاتر پێکهاتوون و شەکان جێکۆڕکێ ناکەن و لە یەکتری دوورناکەونەوە و فراوان ناکرێن. لە زمانی کوردیدا ئەم جۆرە لێکدراوانە زۆرن وەك: (تاریك و ڕوون، شۆخ وشەنگ، ناسك و تەنك، گەرماو سەرما، ساردو سوڕ،...هتد).

((ئەم جۆرە وشە لێکدراوانەن کە پێکهاتوون لە دوو بناغە، بە یاریدەی مۆڕفیمی بەستەری (و) بە ئاسانی بێ گۆڕینی واتای ڕۆنانە کە جێگە ناگۆڕنەوە ئاسایی ڕۆنانەکە هەمووی و بناغە پێکهێنەرەکانیشی سەر بەهەمان پۆلی ڕێزمانی دەبن)) (بەناز ڕەفیق تۆفیق:2008: 58).

## 2- وشەی لێکدراوی ناسەربەخۆ:

ئەو وشانەن کە لە بناغەیەك زیاتر پێکدێن، یەکێك لە بناغەکانی دەوری سەرەکی و دیار لەو پێکهاتنە دەبینێ و جێگەی هەموو ڕۆنانە کە دەگرێتەوە، بە شێکیان بە یاریدەی (ە) ی مۆرفیمی بە ستەر بەیە کەوە لکاون، بە شەکەی تر یان مۆرفیمی بەستەریان لەگەڵدا نییە وەك:

1–دار + ە + بەن = دارەبەن.

2–دڵ + خۆش = دڵخۆش.

لە نموونەی (1)دا، دیارخراو ((دار)) جێگەی هەموو ڕۆنانە کەی گرتووە تەوە: دارەبەن > دار.

بەڵام لە نموونەی (2)دا، دیارخەر (خۆش) دەگەڕێتەوە بۆ دیارخراو (دڵ) و زاڵە بەسەر واتاکەیدا.

جێگای سەرنجە بە دانانی مۆرفیمی بەستەری (ی) لەنێوان بناغەکانیاندا دەبنە فرێز:

دارەبەن ⟵ داری بەن

دڵخۆش ⟵ دڵی خۆش

پێش ئەم هەنگاوەش پێویستە دیارخەر بهێنرێتە پێشەوە:

چێشت لێنان⟵ لێنانی چێشت

## 3- وشەی لێکدراوی کورتکراوە :-

ئەو جۆرە لێکدراوە کورتکراوەی گوزارەی کارێکی تێپەرە لە کوردیدا، واتە لە چاووگێك و بەرکارێك پێکدێت وەك:

چێشت لێنان = چێشت (بەرکار) + لێنان (کار)

خۆ فرۆشتن = خۆ(بەرکار ) + فرۆشتن(کار)

بەرگ دروون = بەرگ(بەرکار) + دروون (کار)

جۆرێکی تری ئەم وشە لێکدراوانە پێکهاتوون لە ناو (بەرکار)ێك و(ڕەگی کار). ئەمانە بەوە جیادەکرێنەوە کە سەرەڕای مانای ناو و کارەکە، لە ئەنجامی لێکدانەکە، مانایەکی زیادەشیان پەیداکردووە، ئەویش (ئەو کەسەی/ ئەو شتەی کە...)

وەك: کا فرۆش---- کا(بەرکار) + فرۆش (ڕەگی کار).

## 4-وشەی لێکدراوی خاوەندی:-

ئەو وشانەن کە پەیوەندی نێوان دوو کەرتەکە لە کورد یدا، بە زۆری ئیزافەیە و واتای وشە لێکدراوەکان پەیوەندییان بە واتای گشتی کەرتەکانیانەوە نییە.

ئەم جۆرەشیان زیاتر بە قۆناغی لێکچوواندن، یان خوازەدا تێپەڕیون و بوونەتە ئیدیەم، بۆ نموونە ئەگەر واتای وشەیەکی لێکدراوی وەك (بنەمۆم) کە بە واتای (بنی مۆم) نایەت، بەڵکو (بە کەسێك دەوترێت کە زۆر کورت بێت و لە بنی مۆم بچێت) لە ڕێگەی کۆکردنەوەی واتای کەرستە پێکهێنەرەکانی (بن، ە، مۆم) لێکبدرێتەوە، هیچ شتێکمان لەبارەی واتای وشە لێکدراوە کە بۆ ڕوون ناکاتەوە چونکە هیچ پەیوەندییەکی بە واتای کەرتەکانیانەوە نەماوە. بۆیە ((پەیوەندی نواندن لە نێوان دانە ڕێزمانییەکان و واتادا بە شێوەیەکی ئاسایی و ڕاستەوخۆ بەڕێوە ناچێ)) (فتاح مامەعلی:39:1998) بەڵکو واتای هەموو کەرستە پێکهێنەرەکانی لە چوار چێوەی ئیدیەمێکدا خۆیان نواندووە.

## داهێنانی وشە:-

لە ئەنجامی گەشەو گۆڕانی زمان، پێویستیمان بە وشەو زاراوەی نوێ دەبێت و بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت وشەی نوێ دابهێنرێت.

(زۆر ڕێگا هەیە بۆ زیادکردنی وشە لە زماندا، پرۆسەکان جۆراوجۆرن یەکێك لەو پرۆسانە بریتیە لە داهێنانی وشە کە ئەویش بەچەند شێوازێك دەبێت لەوانە پێ شکەوتنی تەکنەلۆجیاو دروست بوونی بەرهەمی نوێ لە کۆمپانیاکان و پێشکەوتنی زانست و زانیاری) (Fromkin: 2003:92).

داهێنانی واتە سازکردنی وشەیەك بەرابەر بە وشە بێگانەکە کە ئەو وشە نەبیستراڤێت وەك وشەی (پێنوس – قلم). (داهێنانی وشە یەکێکە لە سەرچاوەکانی دروست بوونی وشەی نوێ کە بە هیچ شێوەیەك سوود وەرناگرێت لە ڕەگ و قەدی

هیچ زمانێکی تر بۆ نمونە وشەی (Onomato Poeia ) ئەو وشانە دەگرێتەوە کە هەڵگری دەنگەکانیانن، وەکو دەنگی کوختی (کوکو) ) (Falk :1978:60 ).

(( هەموو زمانێك کلتورێکی خۆی هەیە لەناو ئەو کلتورە بەپێی گۆڕانی ژیان چەندین زاراوەی نوێ سەرهەڵدەدەن، ئەم کلتورە بۆ هەموو داهێنانێکی زمانی دەوڵەمەندە)) (ڕۆژان نوری:2007: 240).

چالاکی لە وشەداڕشتن دا بە داهێنان دادەنرێت، بەڵام جیاوازی نێوانیان ئەوەیە کە لە مۆرفۆلۆجیدا دوو جۆرە چالاکی دەبینرێت ئەوانیش:

ا-چالاکی لەسەر یاسا ڕۆیشتوو (واتە یاسای سینتاکسی زمان پیادە دەکات).

ب- چالاکی لە سەر یاسا نەڕۆیشتوو (یا ساکانی سینتاکسی پیادە ناکەن) پێیان دەوترێت داهێنان.

کەواتە وشەی داهێنراو یاساکانی زمان پیادە ناکات واتە بەپێی یاسا دروست نابێت، هەروەها پێشبینی لە واتاکەشی ناکرێ، وشەکانی وەك:

کونە با ⟵ (واتە درۆزنە ) ئیدیۆمە.

کونە ڕێوی

کونە تەیارە⟵ (پەناگەیە) (ئەمانە وشەی لێکدروان وداهێنراون).

هەروەها وشەکانی وەك: بنە بە رەیل، بنە تەشت ....هتد ئەمانە چالاکن (بنە مۆم، بروسکە هەواڵ، پایزە برا) ئەمانەش داهێنانن (میتافۆرن) و یاساکانی زمان تیایاندا بەزێندراوە.

(( مرۆڤ بوونەوەرێکی داهێنەرە، بەردەوام لەدوای نوێ بوونەوە و گۆڕان دایە، بەرەو ژیانێکی چاکترو بەدەست هێنانی ئاستێکی بەرزتر لەوەی کە هەیە، میتافۆر ئەم لایەنەی ژیان بەرجەستە دەکات)) (ڕۆژان نوری عبدالله:2007: 177).

((داهێنان (Inveritio): گۆڕینی واتای هەندێ وشەیە بۆ گەیاندن و سازکردنی چەندین بیر و زاراوەی نوێ، وەك: ((ڕاکێشان)) بەرانبەر بە بردنی کەسێك بۆ دەرەوەی وڵات، لەلایەن کەسانی ترەوە لە ئێستادا)). یان ((گەڵا)) بەرانبەر بە جۆرێك پارەی بیانی، کە سەد دۆلاری ئەمریکییە)) (شێرکۆ حەمە ئەمین قادر:2002: 14).

(مرۆڤ بەهۆی زمانەوە دەتوانێت گوزارشت لە بۆچوونەکانی خۆی بکات، بەڵام ئەم گوزارشتکردنەش لە یاساوەکانی زمانی ئاسایی لادەدات و لە

چوار چێوەیەکی د یاریکراودا دادەڕ یژرێت، بێگو مان ئەم کارە نوێ یەش بە داهێ نان دەژمێردرێت. داهێنان بەرهەمی حەزو خوا ست و ویستی ئادەمیزادە بۆ دەرخستنی خود) (اسماعیل ملحم:9:2003). (داهێنان هێنا نە کا یەی شتێکی نوێ یان ڕێگە چارەی گیروگرفتێکە، یا خود بەرجە ستەکردنی شێوەیەکی دەربڕینی هونەرییە، ئە مەش هەر زانا یان و ئەدیبان و هونەرمە ندان ناگرێ تەوە چونکە ڕ یادەکردنی ڕژێمێ کی نوێ ی حوکم، سیستەمێکی کۆمەڵایەتیانە یا خود سیستەمێکی ئابوری یان پەروەردەیی نوێ، هیچی کەمتر نیە لە داهێنانەکانی زانایان و هونەرمەندان) (مستەفا پەژار:1997 :9).

(داهێ نان یەکە یەکی کا مڵ بووە لە کۆ مەڵێك فاکتەری خودی و با بەتی لەپێناو پراکتیزە کرد نی نوێ و ڕ سەن کە بەها یەکی هەبێت بۆ تاك وکۆ مەڵ. داهێ نان و چارەسەری گرفتەکان لە ناوەڕۆکدا یەك دیاردە پێکدەهێنن) (جوان حسین:2004 :7).

((داهێنان تایبەتیەکی زما نەو لە زمانی شیعردا زیاتر بەرجە ستە دەکرێت، کە داهێنانێکی پێکهاتەی دەروونی تاکە کەسی یەو هەست و سۆزی تیا ڕەنگ دەداتەوە)) (عبدالواحدمشیر دزە یی:2006: 11). زمان داهێنانە چونکە ڕێگە بە مرۆڤ دەدات کە هە ستی خۆی لە قاڵبێك دابڕێژێت و زمانێك دروست بکات کە تایبەت بێت بەخۆی.

(زمانی شیعر زمانێکە بە داهێ نانی شاعیر دادەنرێت، ئەگەر شاعیر بە داهێ نەر دابنرێت، دەبێت خاوەن جیهانێکی تایبەتی و جۆرە سەربەستییەك بێت، تاوەکو کارە هونەرییە کەی درو ست بـ ێت) (د.خلـ یل ا براهیم العط یة :1986 :20)، (( چونکە ز مانی ئۆتۆماتیك ناتوانێ هەموو جۆرە دەربڕینێ کی ناوەوە دەر بخات)) ( عبدالسلام نجم الدین عبدالله:2007 :44).

لە شیعرەکانی مەحوی شاعیردا، داهێ نان بە شێوەیەکی زەق د یارە، هەرکە سێ زمانی شیعرەکانی بزانێت بە ئاسانی بۆی دەردەکەوێت. ((یەکێ لە داهێ نان و توا نای زمانیی مەحوی تێکشکاندنی زمانە و داهێنانی کۆمەڵێ زاراوەیە لەو بوارەدا، بێگومان ئە مەش بە گ شتی بۆ ئەوە دەگەڕێ تەوە کە مەحوی بە شێوازی هیـ ندی شیعری هۆنیوەتەوە و ئەم شێوازەش وا دەخوازێ کە لە هەندێ شوێندا یاری بە و شە بکرێ و جێگۆڕکێ یان پێ بکر ێت)) (ا براهیم ا حمد شوانی:2001: 88)، بۆ نموو نە لە چەند د ێرە شیعرێکی دیوانەکەیدا ئاماژە بە هەندێ لایەنی تێکشکاندنی زمان دەکەین:

((بە دەستی دوو دەکەون ئەهلی، ئەر لەپێ کەوتن

بەسم نەدیوە لە دنیا، هەتاکو بڕوا دەست /ل (71)

- مەبە ستی شاعیر لێرەدا ئەوە یە بڵێ ((بە دە ست بە دوای دە کەون)) ئە گەر لەپێ کەوتن.

هەروەها لە شوێنێکی تر دەڵێت:

**دڵ بۆیە خۆشی دێ لە نەخۆشی بە پڕ بە دڵ**

**بیمارە چاوی یار و خۆشیی دێ لە دەرد و دا /ل (6)**

- لێرەدا دەبینین دوو زاراوەی داهێناوە، یەکێکیان (بەپڕ بەدڵ) کە مەبە ستی ( پڕ بەدڵ)ە، لێرەدا (بە)ی سەرەتای گرێی (بە پڕ بەدڵ) زیادە یە ئە مەش پێویستی کێشی شیعرەکە وایکردووە، ئەویتریان وشەی (داء)ە کە وشەیەکی عەرەبییەو شاعیر پیتی (ء)ی لا بردووەو وا تە کردوو یەتی بە (دا) کە لە گەڵ و شەی (دەرد) ئاوەڵوا تان) (سەرچاوەی پێشوو).

## وشەی سست وچالاك:

((بەهۆی سەرهەڵدان و درو ست بونی و شەی نوێ، ز مان بەرەو پێ شکەوتن دەچێت وگەشەدەکات و دەوڵەمەندیش دەبێت. هەر نەتەوەیەکیش پێویستی بە وشەی نوێ هە یە کە لەزمانەکە یدا درو ست بێت، ئەویش پەیوە ندی بە گۆڕانی ژ یانی کۆمەلاٌ یەتی و پێ شکەوتنی بەر هەم و کولتور و زانستەوە هە یە)) ( ئەورەحمانی حاجی مارف:1975:48).

((لە تەك د یاردەی درو ست بوونی و شەی نوێ باو، دیاردە یەکی پێ چەوانە ڕوودەدات ئەویش ئەوەیە کە هەندێ وشە هەن بەرەو نەمان وفەوتان دە چن و پەکیان دەکەوێ و بەرە بەرە لە زمانەکە دووردەکەونەوە. بۆنمونە ئەو وشانەی لە پەیوە ندی خێزانیدا بەکاردێن وەك: (هەوێ، بێوەژن، دش، هەنەزا...) بە دا خەوە هەست دەکرێت ئەو و شانەی کە ناو مان بردن هە ندێ دە ستەواژە جێگا یان دەگر نەوە، وەك لە جێگای(دش)، (خوشکی مێرد)... هتد)) (سەرچاوەی پێشوو:48).

بەم جۆرە وشەی نوێباو شوێنی خۆی دەکا تەوە لەنێو زما ندا، ئەو وشەیەی کە پەکیان دەکەوێ و کۆن دەبن و بە کەمی بەکاردەهێنرێن لە زمان دوور دەکەونەوە.

بەگشتی لە موفرەداتی زماندا، لەیەك کاتدا دوو چین وشە هەن:

یەکەم: چالاك

دووەم: سست

## 1-وشەی چالاك:-

(وشەی چالاك ئەوانەن کە لەژیانی ڕۆژانەدا بەکاردەهێنرێن و هەردەم لەسەر زارن و لە چاپەمەنێکاندا بەرچاو دەکەون) (سەرچاوەی پێشوو: 49).

(چالاکی زاراوەیەکی تەمومژاوی یە لە مۆرفۆلۆژیدا، چوار واتای جیاوازی هەیە:

**بۆچوونی یەکەم:**

چالاکی بریتی یە لە زۆری بەکارهێنانی وشە لەلایەن قسەکەرەوە بۆ داڕشتن و تێگەیشتن لە وشەی نوێ یان لە نەبوو.

چالاکی بەو چەمکەی دەرەوە پابەندە بە دوو هۆکارەوە:-

- بۆ چوونمان دەربارەی وشەی نوێباو، کە لە ئاستی وشەسازیدا لە قسەکردندا هەندێکیان دەچنە ناو فەرهەنگ، وەك: قەیران، سەقامگیر.

- چۆنیەتی جیاکردنەوەی وشەی لێکدراو لە گرێ، وەك:

چوارتا---چوار تا (گرێ یە).

**بۆچوونی دووەم:**

چالاکی، بە واتای بلاوی وشە یان گیرەك دێت. مەبەست لە بلاوی وشە، توانای دروست کردن یان داڕشتنی وشەی تازە یە، بۆ نموونە، گیرەکی چالاك دەتوانێت ژمارەیەکی زۆر لە وشە دروست بکات، بەلام فۆڕمی سست بە پێچەوانەوە، لە زماندا بە ڕێژەیەکی زۆر کەم بەرچاو دەکەون، بۆ نموونە پێشگری (ب) لە وشەکانی وەك (بکوژ، ببڕ، بنووس) زۆر سستە پێویست ناکات بە گیرەك دابنرێت، لەبەر سستی ناچێتە سەر ئەو وشانەی کە دەشێت بچێتە سەری، وەك وشەی (بذێر، بفرۆش). چاکتر وایە لە فەرهەنگدا بن، بەلام (وو، او) لە وشەکانی وەك (دانیشتوو، ڕۆیشتوو، گەیشتوو،...) زۆر چالاکن.

**بۆچوونی سێیەم:**

لێرەدا چالاکی، پەیوەندی بە بەکارهێنانەوە هەیە، فۆڕمی چالاك ئەوانەن کە لە زمانی ڕۆژانەدا بەکاردێن و وشە دروست دەکەن، بەلام ئەگەر فۆڕمێك لە زمانی نوێدا بەکار نەهات و وشەی پێ دروست نەکرا، پێی دەوترێت فۆڕمی سست.

پا شگری (ار) سـ ستە و مردووە، لە کوردی نو ێدا ئەو پا شگرانە بەکارنا یەن، واتاکانیان پێشبینی ناکرێت، مەرج نییە یەك واتایان هەبێت، پا شگرەکان هەمان وا تا دروست ناکەن، وەك: کوشتار.

**بۆچوونی چوارەم:**

فۆڕمی چالاك ئەوا نەن کە لە گەڵ ژمارە یەکی زۆر بنـ جی شیاودا بەکاردێن، بە پێچەوانەوە فۆڕمی سست ئەوانەن کە لەگەڵ زۆر بنجی شیاودا بەکارنا یەن، بۆنموو نە: ( یار) ناوی بـ کەر درو ست دە کات، وەك: زاذ یار، کڕ یار، فرۆ شیار،.هتد) .(Martin.H,:2002:94)

((پاشگری (-کەر) پاشگرێکی چالاکەو دە چێتە سەر ناوی سادە، وەك: نانکەر، دارکەر. هەروەها لەگەڵ ئاوەڵناودا دێت و وا تای بکەر دەبەخشێت، وەك: خۆش کەر، بەڵام پا شگری (- گەر) زۆر چالاك نی یە، تەنیا دە چێتە سەر ( ناو)و ما نای پیـ شە دەگەیەنێت:-

برین + گەر ← برینگەر

ئاسن + گەر ← ئاسنگەر

چەقۆ + گەر ← چەقۆگەر...هتد)) (ڕۆژان نوری:34:2007)

**دوو: وشەی سست:-**

(ئەو وشانەن کە بەرە بەرە بەکارهێنانیان کەم دەبێتەوە و بەرەو سوان دە چن و زمان جێ دێڵن. هەروەها ئەو وشانە دەگرێتەوە کە زمان هێشتا پێویستی پێیان نەبووە، یاخود پێویستی پێیان نەماوە) (ئەورەحمانی حاجی مارف:49:1975).

وشەی سست بریتییە لە:

((1-ئەو وشانەی لەکاردەکەون و پەکیان دەکەوێ و کۆن دەبن و بەرەو سوان دەڕۆن- واتە وشەی مردە (الكلمات الميته-Obsolete).

2- ئەو و شە نوێیا نەی هێشتا بە تەواوی لە زما ندا ڕەگ یان دا نەکوتاوە، یاخود تازە هاتونە تە ناو زما نەوە- وا تە و شەی نوێباو(الكلـ مات المو لدە-Neologism) )) (سەرچاوەی پێشوو:49).

3- ئەو و شانەی کە تابۆن و پەیوە ندییان بە باری دەروو نی و هەڵچوونەوە هە یە، پێیان دەوترێ (وشەی تابۆ).

((له زۆر کۆنەوە خەڵکی ئەو هێزو قودرەت و گیانلەبەرانەی کە پیرۆزبوون لا یان، یا سەرچاوەی مەترسی بوون بۆیان، سڵیان لە ناوبردنی ڕاستەقینەیان کردۆتەوە و وایان بە باش زانیوە کە بە وشەی تر ناویان بەرن، بەمە باوەڕیان وابووەو وایە کە ڕێزیان لێ دەگرن دڵیان ڕادەگرن، یا لە کینە و پەلامار و ڕق هەڵسان و ئێش و ئازار پێگەیاندنیان بۆسەر خەڵکی بەدوور دەبن، واتە ئەگەر ناوە ڕاستەقینەکانی ئەو هێز و قودرەتانە بەرن لە هەموو حاڵەتێکدا باشیان بۆ نابێت و تووشی خراپە دەبن)) (عەبدوللا عەزیز محەممەد:1990:68).

(واتای ڕەنگدانەوە جۆرێکە لەو واتایەی کە لە وشەی هاوبێژدا بەدی دەکرێت و واتایەکی ئاسایی و واتایەکی تابۆی هەیە لەبەر پەیوەندی بە کردەی سێکسی) (شێخ ڕەزای تاڵەبانی:142:2007).

شێخ ڕەزای تاڵەبانی یەکێکە لەو شاعیرە بێ وێنانەی کورد کە لە شیعرەکانیدا، باس لە بەکارهێنانی وشە تابۆ و قەدەغەکراوەکان دەکات، شیعرەکانی کێڵگەیەکی بە پیتی ئەو جۆرە واتایانەن. شاعیر یاری بە وشە تابۆکان دەکات و لە شوێنی مەبەست بەکاریان دەهێنێت، بەمەش کۆتی کۆمەڵی بەزاندووە کە زۆر کەس لە ڕووی نایەت بەکاری بێنێت) (شێخ ڕەزای تاڵەبانی:2007: 128).

(( ئەو وشە فرەواتاو هاوبێژانەی کە یەکێ لە واتاکانی تابۆ یان وروژێنەربێت، ئەوا دەبێتە هۆی ئەوەی کە واتای دەروونی هەڵگرێت و بەسەر واتا هۆشەکیەکە زاڵ بێت، بۆ نموونە وشەی (کەر) کە وشەیەکی هاوبێژە و هەڵگری دوو واتایە:

کەر ← پاشگر (ئیش کەر)

کەر← کەر (گوێ درێژ)

(کەر) ی (پاشگر) سێبەری واتایی (کەر)ی (گوێدرێژ) ی وەرگرتووە، بەسەر واتا هۆشەکیەکەیدا زاڵە، بۆیە لە نرخی کەم دەکاتەوە ئەو پاشگرە هەندێ لە نووسەران گۆڕییان بۆ (کار) یان هەندێکی تر گۆڕێیان بۆ (زان) وەك: گۆڕینی وشەی (یاریکەر) بۆ (یاریزان) )) (عبدالواحد مشیر دزەیی:2005: 75).

وشە هاوبێژەکان لە شیعرەکانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی دا یەکێ لە واتاکانیان تابۆن و دەچێتە ژێر باری واتای ڕەنگدانەوە کە شاعیر بە ڕێژەیەکی زۆر بەکاری هێناون.

واتای ڕەنگدانەوە کاتێك دروست دەبێت کە وشەیەك جگەلە واتا فەرهەنگییەکەی واتا یەکی تر بێنێ تەوە یاد کە تابۆ و قەدە غەکراوبن بەهۆی بە ندبوونی بە کردەی سێکسی ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە هە ندێ فۆرمی وەك (سوار بوون وڕێوە چوون وکون و....هتد) بە کەمی بەکاربێن. ((بلۆم فلێلد هەر لە زووەوە باوەڕی وا بوو کە لە حاڵەتی وادا بەهۆی ئاشنایی یەکێك لە واتاکانی فۆرمەکە لەگەڵ باوەڕی قەدە غەکراودا واتا ئاسایيە قەدەغەنەکراوە کەش لەناو دە چێت و دەمرێت)) (محمد معروف فتاح :1990 :161) وەك: وشەی (زێ) دوو واتای هەیە:

زێ (1) ڕووباری گەورە (واتای ئاسایی)

زێ(2) ئەندامی مێینە (واتای قەدەغەکراو) (واتای تابۆ).

هەرچەندە واتا فەرهەنگییەکەی واتای ڕەنگدانەوە بڵاوترە، بەڵام لە گەڵ ئەوە شدا گوێگر هە ست بە وا تا تابۆ و قەدەغەکراوە کەی دە کات کە واتا یەکی شاراوەیە)) (عبدالواحد مشير دزەیی:2005: 76)، ئە مەش وایکردووە لە زمانی کورد یدا بە کەمی بەکار بێت (( لەبەر ڕەچاو کرد نی باری کۆمەڵا یەتی و کە سی و نەوروژا ندنی بەرامبەرە کەی مرۆڤ زۆر لە ڕووی نایەت بەکاریان بێنی و ئەگەر بەکاریشی بێنێت ئەوا دە ستەواژەی وەك (بيلا مەعنا) ( عەیب نەبی) (تە شبیهنەبی)....هتد لە گەڵ بەکار دێنێت، یان بە زمانێکی وەك عەرەبی دەگوترێت بۆ نموو نە بە ئە ندامی زاوزێی نێرێنە دەگوترێت (زەکەر) )) (شێخ ڕەزای تاڵەبانی:2007: 135).

((سوانی هەندێ دە نگ لە زارێك و ڕێککەوتنیان بە وشەیەکی تابۆ لە زارێکی تردا)) (ئەورەحمانی حاجی مارف:1979: 35) بۆ نموو نە، لە زاری سلێمانی دا بە سوانی/د/ لە وشەی (سەد)دا دەبێت، کە لە زاری هەولێردا بەرامبەر بە (سەگ) دەوەستێت.

سە(1) (ژمارە سەد)

سە(2) (سەگ)

لە شیعرەکانی شێخ رەزای تا ڵەبانی دا ئەو و شە هاوبێژا نەی کە وا تای ڕەنگدانەوەیان هەیە بە مەبەستی وروژاندنی بەرامبەری بەکارهاتوون:

((مەعروف کە حیزی وەك ئەو نەبوو لە ئەسلی ئادەم ئازاری مەقعەدی بوو

بۆم ڕاکشا لەسەردەم مردم ئەوەندە سواربم وخۆم کوشت ئەوەندە پیادەم)) (شێخ ڕەزای تاڵەبانی: 2007: 136).

## كۆتكردنی داهێنانی وشە:-

(چەند هۆكاریك هەن بۆ كۆتكردنی داهێنانی وشە، كە پێی دەوترێت (داخستن گرتن گیران-Blocking كۆتكردن كۆسپ ) ئەوانیش چەند جۆرێكن كە بریتین لە:

1-كۆسپی فۆنۆلۆجی.

2- كۆسپی مۆرفۆلۆجی.

3- كۆسپی واتایی.

4- كۆسپی جوانكاری.

5- بوونی وشەیەك بە هەمان واتا لە زمانەكەدا ) (Martin.H,:2002:112).

## 1- كۆسپی فۆنۆلۆجی :-

پاشگری (ەر) و پێشگری (ب) تەنیا دەچنە سەر ڕەگی سادە، بە مەرجێ ڕەگە سادەكە لەیەك بڕگە پێكهاتبێ واتە دەبێت هەریەكە لەم پێشگر و پاشگرە وشەی یەك بڕگەیی دروست بكەن. واتە پێكهاتنی فۆنۆلۆجی ڕێ ی لە بلاوبوونەوە و چالاكی پێشگری (ب) گرتووە، وەك: بنووس، بكڕ،...هتد.

## 2-كۆسپی مۆرفۆلۆجی :-

پاشگری (ندە) دەچێتە سەر ڕەگی ئەو وشانەی كە هاوبەشن لەنێوان فارسی و كوردیدا، ئەمەش بۆتە هۆی كەمكردنەوەی چالاكی لە زماندا وەك ئەم نموونانەی خوارەوە:

دڕ + ندە ← دڕندە

كوش + ندە ← كوشندە

بەخش + ندە ← بەخشندە

باڵ+ندە ← باڵندە

## 3-كۆسپی واتایی:-

یاسا واتاییەكان ڕێگا دەگرن لە چالاكی (نا، نە)، وشەی ئیجابی ناو وەردەگیرێت وەك وشەی (پاك، پیس)، بۆ نموونە:-

پاك ← ناپاك

پیس ← ناپیس (ئەمەیان نابێ).

خۆش ← ناخۆش

خۆش ← نەخۆش.

## 4-كۆسپی جوانكاری:-

هەندێ جار، جوانكاری دەبێتە ڕێگر لەبەردەم چالاكی، بە واتای ئەوەی ڕێگا له چالاكی دەگرێ. پێشگری (ب) لەگەڵ وشەی داڕێژراودا نایەت. وەك:-

بهێن

ڕابهێن (نابێت)

ئاخاوتن + ەر ← ئاخێوەر ← ئاخێڤەر.

## 5-بوونی وشەیەك بە هەمان واتا لە زمانەكەدا:-

بۆ نموو نە، پا شگری (ەر) دە چێتە سەر ڕە گی ( نووس) و و شەی (نوو سەر)ی درو ست كردووە، ئە مەش وای كردووە و شەی (نوو سیار) درو ست نەبێت، بەڵام لەبەر ئەوەی و شەی (فرۆ شیار)مان هە یە، وای كردووە كە پا شگری (ەر) نە چێتە سەر ڕەگی (فرۆش) و وشەی (فرۆشەر) دروست نەبێت. هەروەها (دز) هەم ناوە، هەم ڕە گە، ئە مەش ڕێ گەی گر تووە لە درو ستبوونی (دزەر، دز یار). و شەی (ڕاكێش) مان هە یە، پاشگری (ەر) وەردەگرێ و (ڕاكێشەر) دروست دەبێت، بەڵام ئەمەیان كەمە.

## وشەی نەبوو:

بە و شەیەك دەوتر ێت كە هێ شتا لەدایك نەبووبێت، بەڵام یا ساكانی ز مانی نەبەزاندبێ. زۆربەی و شە نوێباوە كان و شەی نەبوون لەكاتی قسەكردن دێنە كا یەوە لەوانە:

دز ← دزیار

سۆز ← سۆزیار

خۆز ← خۆزیار

له سەر هەمان ڕێ باز دادەڕ یژرێت و گ شتاندنی پیٚ دەکر یٚت هەروەها یا سای زمانەکەیان نەبەزاندوە و لیٚیان تیٚدەگەین وەك: پارسالٚ.

بە باوەڕی (کریستالٚ): (وشەی نەبوو بەو شانە دەگوتریٚت کە لە زما ندا بە پرۆسەکانی یاخود یاساکانی پیٚکهیٚنانی وشە، دەتوانریٚ دروست بکریٚن، بەلاٚم هیٚشتا نەهاتوونە تە ئا ستی بەکارهیٚنان لە زما ندا) (Crystal.d. :2003:363). بۆ نموو نە: لە زمانی کوردیدا، هیچ زاراوەیەکمان نییە بەرامبەر بە زاراوە کانی وەك: (حەج، زەکات، کفر، تەزبیح) و چەندین وشەی تری عەرەبی، کە تایبەتن بەو زمانەو قورئانی پیرۆز بۆ دەربڕین لە بیرو باوەڕی ئاینی ئیسلام داینا‌ون، نیشانەیەکی سەربەخۆن بۆ وا تا تایبەتیەکان، لە توا نای هیچ زمانیٚکی تردا نیە کە زاراوەی خۆی بەرا ذبەر بەم زاراوانە ساز بکات، بۆیە ناتوانین لە زمانەکەما ندا بەراذبەر بەو زاراوە عەرەبییانە، زاراوەی کوردی پەتی دابنیٚین، بەلٚکو هەر دە بیٚ بەهۆی ڕێبازی وەرگرتنەوە وەر یان بگرین. هەروەها بەهەمان شیٚوە بەرا ذبەر بە زاراوە کانی (ڕادیۆ، تەلەفزیۆن، تەلەفۆن، ئەتاری، سی دی، دی ڤی دی، سەتەلایت، کۆمپیوتەر، لاپتۆپ،...هتد)ی جیهانی، لەزمانی کوردیدا، هیچ زاراوە یەکمان نییە کە هەمان واتای ئەم زاراوە جیهانییانە بگەیەنیٚت بۆیە وەك خۆی بەکاریان دیٚنین.

(نیۆ لۆگیزم (Neologism) وشەیەکی یۆنانیە و لە دوو بەش پیٚکهاتوە (Neo) واتە نویٚ و، (Logo ) واتە(وشە ). نیۆلۆگیزم بە وشەیەکی تازە داهیٚنراو دەوتریٚ کە لە کاتیٚکی نویٚ ی دیاریکراودا هیٚشتا بە تەواوی لەناو زمانەکە پەسەند نەکراوە، (نیۆ لۆگیزم ) بە زۆری دەگەڕیٚندریٚتەوە بۆکەسیٚك یا کاتیٚك یا ڕووداویٚك) (پیٚگەی ئینتەرنیٚتی- ویکیپیدیا). گرنگترین هۆ کار بۆ درو ست بوونی و شەی نویٚ باو، پیٚویستییە، وەك پیٚویستی وشە بۆ باری (کۆمەلاٚیەتی، ئابووری ) یان داهیٚنانیٚکی ماددی بیٚت یان تیۆریٚکی زانستی یان فەلسەفی بیٚت.

**مردنی وشە:-**

لەکار کەوتن و نەمانی و شە کاریٚکی گرا نە و لە سەرخۆ دەبیٚت و یەک سەر ڕوو نادات. پاش ئەوەی لە ڕێ گەی هە ندیٚ هۆی تایبەتیەوە، هە ندیٚ و شە بەکارهیٚنانیان کەم دەبیٚتەوە لە بە شی چالاکەوە دە چنە بە شی سستەوە، پا شان بەرەبەرە کەمتر بەکاردەهیٚنریٚن و بۆ دواجار زمان جیٚ دیٚلٚن.

وشه به چەند قۆناغێكدا تێپەڕ دەبێ تا به تەواوی لەناو دەچێت و دەمرێت، سەرەتا بەكارهێنانی كەم دەبێتەوە پاشان چالاكییان بەرەو سست بوون دەچێت و دەچێتە ڕیزی وشە كۆن و پیربووەكان تا بەتەواوی دەمرێ و ون دەبێت و بەكارهێنانی لەناو خەڵك دا نامێنێ. ((لەماوەی ژیانیدا وەك مرۆڤ ساغ و ناساغ دەبێ، لاواز دەبێ، بەڵكو دەردی گران گرانیش دەگرێ، لەت لەت دەبێ)) (پاكیزە ڕەفیق حیلمی:143:1973). (هەر وشەیەك لە زماندا نەمێنێ و بمرێت، هەرئەوەندە نییە كە تەنها لەبەرچاو ون بێت، بەڵكو ئیتر كەس بیری لێ ناكاتەوە و بەكاری ناهێنێت تا لە ئەنجام دا نامێنێ و دەمرێت) (Fromkin.V,:2003:150).

( گرنگترین هۆكار بۆ لەناو چوون و مردنی وشە، بەكارنەهێنانییەتی لە ژیانی كۆمەڵایەتیدا، ئەمەش جل و بەرگ و كەلوپەل و هۆیەكانی گواستنەوە و ئامێرەكان و چالاكییە كۆمەڵایەتییەكان دەگرێتەوە كە ئێستا كاریان پێناكرێت و لەگەڵیشیاندا وشەكانیش لەكاركەوتوون) (علی عبدالواحد الوافی:1945: 23).

(( لەنێوان وشە مردووەكاندا جیاوازی هەیە، هەندێ لەو وشانە بە چەشنێك لەكار كەوتوون و سەردەمێكە لە سەرزمان نەماون، كە نەوەی ئێستای كورد نەیبیستوون و تەنیا لەڕێگەی لێكۆڵینەوەوە بەدیار دەكەون. ئەم جۆرە وشانەش بریتین لە:

1–ئەو وشانەی بەتەواوی لە زمان چوونەتە دەرەوە و بەهیچ جۆرێك لە زمانەكەماندا بەدی ناكرێن و تەنانەت لە پێكهێنانی وشەی لێكدراویشدا ئەسەریان نییە.

بۆ ئەم مەبەستە لەو تێكستانەدا كە ئۆسكارمان كۆی كردوونەتەوە، گەلێك نموونە بەرچاو دەكەون، وەك: ((ذسرین))، (( كەبرێن))، (( سەبرێن))...هتد، كە لە زمانی كوردی ئەمڕۆدا نەماون و ماناشیان تەنیا لەڕێگەی ڕستەوە ئاشكرا دەبن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێكیان تەنانەت بە ڕستەش ڕوون نابنەوە.

لەو تێكستانەدا دەبینین، كە وشەی ((ذسرین)) بەواتای (( پەژارە، خەم، داخ،...)) هاتووە، ئەویش لە ڕستەدا بۆمان دەردەكەوێ:

**ئەگەر ژنی گەورەی میری وا دەبینی**

**بانگ دەكا: برایم چاكە، مەكێشە خەم و نسرینێ**

هەرچی وشەی ((كەبرێن))و(( سەبرێن))ە مانایان ئاشكرا نییە و تەنانەت لە ڕستەشدا بۆمان ڕوون نەبۆتەوە:

**دەڵێ: خولاّیە نە بەکەبرێنی، نە بەسەبرێنی**

**بۆخۆت گیانان دەدەی، گیان دەستێنی**

ب- ئەو و شانەی بە شێك لە ڕ یێژەکانیان لە زما ندا نەماون. بە وێ نە و شەی ((پەروەردە))- وەك: ناوی بەرکار ماوە، بەلاّم ڕێژەکانی تری نەماون. کە چی ئە گەر تەما شای ز مانی فار سی بـ کەین، دەبـ ینین کە ڕ یێژەکانی دی کەی ئەم و شەیە، وەك ((پروریدن، میپروران، پرورش،...)) ماون)) (ئەورەحمانی حاجی مارف:52:1975).

و شە بەر لەوەی بەرەو نەمان بـچێ و لەکاربـکەوێ و بمرێ، سەرەتا بە قۆناغی گەشەکردندا دەڕوات و پەرە دەسێنێت وپاشان گۆڕانی بە سەرداديێت، واتا کەی فراوان دەبێت و پاشان بەرەو تەسکبوونەوە دەچێت، بۆنموونە:

(و شەی ( نان) لە بنەڕە تدا بە واتا یەکی فراوان بەکارهاتووە و هەموو جۆرە خواردنێکی گرتۆتەوە، وەك: نانی پیێ پە یداناکرێ، بەدوای نا ندا وێڵە، نانی خۆی و منداڵی بڕی،...هتد، بەلاّم ئێستا واتاکەی تەسك بۆتەوە و بە وا تای (کولێرە)ش د یێت، وەك:چێشتەکە بە نان دە خوات، دوو نانم بۆ بـکڕە، نانە کەی کردە دوو لەت،...هـ تد) (محمد معروف فتاح:1990: 123).

هەروەها جاران بە هەموو ڕەنگێکی تۆخ ئەوترا (شین)، بەلاّم ئێستا تایبەت کراوە بە ڕەنگی (شین).

هەروەها جاران لە ژن مارەکرد ندا و شەی ( شەکراو) بەکاردەهات، هەروەها لە ئاهەنگ و بۆنە ئاینییەکانیش بەکارهاتووە، بەلاّم ئێستا واتا کەی وردە وردە لەدە ست داوە و بەرەو نەمان دە چێت. هاوکات هە ندێ و شە هەن، کە لەدایك دە بن ڕا ستەوخۆ دە مرن، بیێ ئەوەی بە قۆ ناغی گە شەکردن و فراوانبوو ندا بڕۆن، بۆنموو نە مامۆ ستا (جەمال نەبەز) لەزمانی کوردیدا، بەرامبەر بە زاراوەی ( مایکرۆفۆن)ی لاتیـنی، زاراوەی (دەنـگەوەر)ی دا ناوە، یان هە ندێ لە نوو سەرانی کورد، زاراوەی (ئەسپەئا سنین)یان بەرامبەر بە زاراوەی (پایسکل)ی جیهانی سازکردووە، بەلاّم ئەم دوو زاراوە یە نە لە ڕووی دەنگەوە، نە لەڕووی وا تاوە، هیچ یەکێکیان بەرام بەر بە زاراوە جیهانیـیەکان ناوە ستن، بۆ یە کە لەدایك بوون، یەك سەر مردن و نەیانتوانی شوێنی خۆ یان لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا بکەنەوە.

جگه لەو شەی (ئە سپە ئا سنین) زاراوەی (دوو چەرخ)ەش بەرامبەر بە زاراوەی (پایسکل)ی جیهانی هەیە، کە دەمێکە لە فەرهەنگی کوردیدا تۆمارکراوە، بەلآم هەر زاراوەی (پایسکل) بەکاردەهێنرێ.

هەروەها هە ندێ لەنو سەرانی کورد بەرامبەر بە زاراوەی ( شاعیر) ی عەرەبی زاراوەی (هەستیار) یان داناوە، بەلآم ئەم زاراوەیەش کە لە دایك بوو ڕاستەوخۆ مرد و نەیتوانی شوێنی خۆی لە ناو فەرهەنگی کوردیدا بکاتەوە بەڵکو هەر وەکو خۆی وا تە زاراوەی (شاعیر) بەکاردەهێنرێت، چونکە بە بۆچوونی هەندێ لە زمانەوانە کوردەکان، لەبەرئەوەی زاراوەی (هەستیار) لەسەر پێوانەی (وەزنی) (کەمتیار)ە، بە وتنی زاراوەی (هەستیار)، وشەی (کەمتیار)مان بیر دەکەوێتەوە، بۆیە نەیتوانیوە بڕوات و شوێنی وشەی (شاعیر) بگرێتەوە.

هەروەها ((زاراوەی (تەما شادەر)یان بەرامبەر بە زاراوەی (ئەکتەر)ی جیهانی وەرگێراوە (بەهیچ جۆرێك ناتوانێ کاری هونەری ئەم هونەرمەندە کە لە جیهاندا پێی دەوترێ (ئەکتەر) دەربڕێ)چونکە زاراوەی (تەماشادەر) هیچ پەیوندییەکی بە هونەرو زانستی (ئەکتەر)ەوە نیە )) (کامل حسن البصیر : 1979: 25) ، بۆیە زاراوەی (تەماشادەر) یش هەروەکو وشەکانی (ئەسپەئا سنین) و(هەستیار) و...هتد کە لەدایك بوون بێ ئەوەی گەشە و گۆرانی واتاییان بەسەردابێت، ڕاستەوخۆ مردن.

هەروەها ناسازی وەرگێرانی ئەم زاراوە جیهانییانەی خوارەوە:

| زاراوەی جیهانی | وەرگێرانەکەی بۆ کوردی |
|---|---|
| بایۆگرافی | بەسەرهاتنامە |
| فەلسەفە | پیتولیتی، ڕاستی پەرستی |
| سکرتێر | نهێنی پۆش |
| استمولوجیا | دیمانەی زانیار |
| لۆجیك | بیرسا...هتد (کامل حسن البصیر:1979:124). |

زۆر جار زاراوە یەکی کوردی ڕە سەن و زاراوە یەکی دراو سێ هاو شانی یەکتر دەڕۆن، تا لە ئەنجامدا یەکێکیان بە تەواوی جێگیر دەبێت و شوێن بەوی تریان لەق دەکات، وەك:

**قوتابی  تەلەبە**

**کە ئێ ستتا زاراوەی (قو تابی) خەریـکە  لە کر مانجی  خواروودا،  بە  تەواوی دەچەسپێت و شوێنی زاراوەی (تەلەبە)ی عەرەبی دەگرێتەوە. (بە شێکی  تر لەو زاراوە عەرەبییانەی هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوەو، بەرانبەر بەهەمان واتا، وشەی کوردی هەیە، بەلاّم وشە کوردییەکە نەیتوانیوە شوێنی زاراوە عەرەبیە کە بگرێتەوە، بەڵکو تا ئێستاش خەڵك زیاتر ئاشنان بە زاراوە عەرەبییەکە و بەکاری دەهێنن، بە وێنە:-**

**قەڵەم-پێنووس**

**شیعر-هەڵبەست**

**ئەدەب-وێژە** ) (ڕۆژان نوری:264:2007)

# بەشی دووەم

# بەشی دووەم

## گەشەکردنی وشە :-

وشە لە دایك دەبێت و گەشە دەکات و بەرەو پێشەوە دە چێت و گۆڕانی بە سەردا د ێت و بەرەو سە ست بوون دەڕوات و پا شان دە مرێ و لەناو دە چێت. سەر چاوەی گە شەکردنی فەر هەنگی ز مان، یان وشەی زمانی خۆ تە و بۆ مانا یەکی تازە بەکاری دەهێ نی، یا خوا ستنی و شەیەکە لە ز مانێکی بێگا نەوە. ((پە یدابوون و گە شەکردنی موفرەداتی ز مانی کوردی، وە کو هەموو زما نەکانی سەر ڕووی ئەم زەمینە لە دوو ڕێگەوە سەری هەڵداوە، یەك-ڕێگەی ڕاستەوخۆ، کە ئەویش هەڵێنجانی وشەی کوردی ڕەسەنە لەنێو زمانی کوردیدا، دوو- ڕێگەی لاوەکی، کە ئەویش وەرگرتنی وشەیە لە ز مانێکی بێگا نەوە)) (ئەورەحمانی حاجی مارف:1975:26)، ئەم وەرگرتنەش هە ندێ جار وەك خۆی دێ تە زما نەوەو دە چێتە بەکارهێنا نەوە، هە ندێ جاریش دە چێتە ژ ێر کاریگەری فۆنەتیکی زمانەوە.

((ئەگەر وشەی نوێ لە زماندا دروست بکرێت، ئەوا ڕێگەکانی وشەسازی بناغەی پێکهاتن و دروست بووذیانن. هەرکە سێ زمانی کوردی بزا نێ، بێ ئەوەی ئەرکێکی ئەوتۆ بکێشێ، دەتوانێ چەندین وشەی نوێی وەها ناوبێنێ، کە لەم سەردەمەی ئێمەدا پەیدابوون. لەم قۆناغەدا، کە ژیانی ڕۆشنبیری و زانستی و کۆمەلا یەتی و سیا سی....، میلـلەتی کورد لە برەودا یە و تێ کڕای جیهان لە پێ شکەوتن دان، بێگو مان ز مان پێویستی بە وشەی نوێ دە بێ و ڕۆژ بە ڕۆژ وشەی نوێ پە یدا دە بێ)) (ئەورەحمانی حاجی مارف:2000: 3).

بەهۆی گە شەی بەردەوامی ژیان و گۆڕانی دیاردە کان لە دەورو بەرمان، ز مان هەوڵ یداوە بۆ دەر بڕین و پارا ستن و ما نەوەیان، تۆ ماری ئەو پێ شکەوتنانە ب ێت. (( هەموو خاوەن زمانێك لە تر سی فەوتان و لەناو چوون، لە هەوڵی پارا ستنی زمانەکەیدایە، هەوڵیش بۆ بەرەو پێشچوونی دەدات، چونکە خۆشەویستی زمانە کەی بە شێکە لە خۆشەوی ستی نە تەوەو خاك و ولات. یا سای ئەزەلی سرو شتیش وا دەخوازێت هەموو دیاردەکان لە گەشەی بەردەوام دابن و بیر و دەربڕینی نوێ جێی لە کارکەوتوو ونبووەکان بگرنەوە)) (تابان محمد سعید حسن: 2008:15).

## ڕێگاکانی گەشەکردنی وشە :

زمانی کوردی وەکو هەموو زمانانی تر، بە گەشەو گۆڕاندا دەڕوات، بۆ ئەم مەبەستەش چەندین ڕێگە دەگرێتە بەر بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگەکەی، کە لە ئەنجامی پێویستییەکانی زمانی کوردی هاتۆتە کایەوە، ئەوانیش:

## یەکەم// وەرگرتن :

زمان دیاردەیەکی کۆمەلایەتیی یە، کە مرۆڤ بەهۆیەوە گوزارشت لە بیروبۆچوون و پێویستییەکانی ڕۆژانەی خۆی دەکات، لەگەڵ گۆڕانکارییە خێراکانی تەکنەلۆژیادا، لە هەموو ڕوویەکەوە گەشە دەکات و گۆڕانی بەسەرداد‌یت و پێویستی بە نوێکردنەوەو داهێنانی وشەو زاراوەی نوێباو دەبێت.

(وەرگرتن زۆر واتا دەگرێتەوە، بەلام لە بواری زاراوەسازیدا، وەرگرتن بریتیە لە گواستنەوەی بێژەی بیانی بۆ زمانی خۆماڵی دووەم، واتا وشەی وەرگیراو وشەیەکە لە زمانێکی ترەوە وەردەگیرێت، هەروەها پێشی دەوترێت خوا ستراو) (محمد علی الخولی:1982: 34)، جا ئەگەر هاتوو ئەو زاراوە یە وەك خۆی وەربگیرێت و هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتبێ پێی دەگوترێت ((هاوردە))، وەك: وشەکانی (کۆمپیوتەر ئۆکسجین  تەلەفزیۆن – تەلەفۆن  زەکات  حەج  وەهم  خەت  قەدەر ...هتد)، بەلام ئەگەر زاراوە کە بە پێی سازگەی زمانی دووەم بگۆڕدرێت و بکەوێتە ژێر دەستووری ڕێزمان و فۆنەتیکی ئەو زمانە پێی دەگوترێت (سازدراو) یان (گونجێراو)، وەك زاراوەکانی (خوتبەو خەیاڵو مزگەوت و مێزەر و قەساب و فەلسەفە و سەروەت ... هتد).

ڕێبازی وەر گرتن، سەر چاوەی دەوڵەمەندکردنی فەر هەنگی و شەو زاراوەی کوردییە، بۆیە دەبینین سەدان وشەی عەرەبی و فارسی و تورکی بە هۆی بارودۆخی نالەباری چەند هەزار ساڵەی کوردستانەوە،پەڕیونەتە ناو زمانەکەمانەوەو گەیشتونەتە هەموو کون و قوژبنێکی ئەم کوردستانەو شێوەی داڕشتنی زۆربەیان گۆڕدراوە.

((لە بواری زاراوەسازیدا وەرگرتن زۆر کاریگەر و باوە، بەوە دەوترێ کە وشە یان زاراوەیەکی بێگانە بە دەسکاری کردنەوە، یان وەك خۆی بهێنرێتە ناو زمانێکەوە و بۆ هەمان واتای خۆی بەکاربهێنرێت، کە زاراوەیەکی بەجێ و ناسراو دەست نەکەوێت، کە بتوانێ پڕاوپڕ لە قۆناغی ئێستادا جێی ئەو زاراوە بێگانەیە بگرێتەوە)) (ئیبراهیم ئەمین باڵدار:1986: 222).

((ئەگەر زمان لە هەموو بوارێك دا بەشێوەیەکی فراوان بەکارهێنرا، ئەوا بەم لاو ئەولادا پەل دەهاویژێ و لە هەموو کون و قوژبنێکەوە وشە وەردەگرێ و بەرە بەرە دەوڵەمەند دەبێ)) (غازی فاتح وەیس: 1986 : 208 ).

زۆربەی زاناکان بۆ دانان و سازکردنی زاراوە لە هەموو زمانێکی پێشکەوتوودا ڕێ بازی وەرگرتن بە کارێکی ڕەوا دادەنێن و لە سەری کۆکن. ((وەرگرتنی زاراوەی بێگانە پێویستیەکی سرو شتییە لە باری کۆمەلاَیەتی و ئابوری و ڕۆشنبیری و زانستیەوە هەڵدەقوڵێ)) (کامل حسن البصیر: 1979 :50).

لە وەرگرتندا چاکتر وایە دەستورێك پەسەند بکەین کە دەڵێت: ئەگەر زاراوەیەك لە کۆمەڵێکدا، بۆ بیرو باوەڕێکی تایبەتی دانرابوو، یان بۆ ناوی شتێکی داهێنراوی سەر بە خۆی سازکرابوو، میللەتانی تر دەتوانن بەهۆی ڕێبازی وەرگرتنەوە وەری بگرن و لە زمانەکەیاندا بەکاری بهێنن، بۆ نموونە، زاراوەی ( زەکات )و ( حەج )و هەموو ئەو زاراوە عەرەبیانەی کەوا لە ئاینی ئیسلامدا هەن و تایبەتن بە زمانی عەرەبی و نیشانەیەکی سەربەخۆن بۆ واتا تایبەتیەکان، نابێ هیچ زمانێکی تر بۆ گەیاندنی واتا تایبەتییەکانی ئەو زاراوانە، زاراوەی خۆی ساز بکات، هەر دەبێ بە ڕێبازی وەرگرتن وەریان بگرین و وەك خۆیان بیانخوازین، هەروەها زاراوەکانی وەك: کۆمپیوتەر، ئینتەرنێت، مۆبایل، ڕادیۆ، تەلەفزیۆن، تەلەفۆن، ئیمێڵ،...هتد کە لە زمانە ئەوروپیەکاندا هەن، بۆ ناوی داهێنانەکانی زاناکانی ئەو وڵاتە سازکراون و هیچ زمانێك ناتوانێ زاراوەی خۆی بەرامبەر بەم زاراوانە دابنێت.

## دووەم// داتاشین:

جۆرێکە لەشێوەکانی لێکدانی وشە. ((ڕێبازێکە بۆ سازکردنی زاراوەی نوێباو لە دوو وشەی سادە پاش قرتاندن و فڕێدانی دەنگێك یان زیاتر لە یەکێك لە وشەسادەکان یان لە هەردووکیان، ئەمجا بەدەم یەکتردانیان و سازکردنی زاراوەی نوێ لە هەردووکیان)) ( سەرچاوەی پێشوو:59)، بۆ نموونە:

نۆکاو ← نۆك + ئاو

ماستاو ← ماست + ئاو (جمال عبدول:2008:71)

شمەك ← شت + مەك

گاسن ← گا + ئاسن (کامل حسن البصیر:1979:70)

**ڕێنووس ← ڕێگە + نووسین**

**ڕێزمان ← ڕێگە + زمان** (ڕۆژان نوری:176:2007)

**کانەبی ← کاك + نەبی**

**کانێسکان ← کانی + ئاسکان**

**گولاو ← گوڵ + ئاو** (ئەورەحمانی حاجی مارف:134:1979)

**ڕۆڤار ← ڕۆژنامە + گۆڤار**

**وشکاوی ← وشك + ئاو** (محەمەد وەسمان:60:2004)

**ئەفرۆ ئاسیاوی ← شتێکی ئەفریقی و ئاسیاوی** (ئیبراهیم ئەمین باڵدار:219:1986).

**زانکۆ ← زانین + کۆکردنەوە**

**مۆبیتێل ← موبایل + تیلیکۆم**

**خورمژ ← خورما + مێوژ.**

## سێیەم// لێکدان:

**پێکهێانی زاراوەی کوردی، بە ڕێبازی لێکدان، هەروەك لەسەرەتادا باسمان کرد، لە زمانی کوردی و هەموو زمانەکانی سەر بەخێزانە زمانی هیندوٚئەوروپی کارێکی ئاسایی و سروشتی یە. بەهۆی ئەم ڕێبازەوە، زمانی کوردی زۆربەی ناو و کردارەکانی لەسەر بنەمای لێکدانی دوو وشەی واتادار یان زیاتر لە فەرهەنگی زمانی کورد یدا پەیدابوون و، وەك وشەیەکی واتاداری سەربەخۆ خۆیان جێگیر کردووە. زاراوەش کە چەشنە وشەیەکە، بەهۆی ئەم ڕێبازەو بەگوێرەی پێویست هاتۆتە ناو زمانی کوردی. زۆربەی زمانانی دونیاش، ئەم ڕێبازە وەك ڕێگایەك بەکاردێنن بۆ پەیدابوونی وشەی نوێ. بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا:**

**دارەباز: دار + ە + باز**

**زارومار: زار + و + مار**

**بەفرماڵ: بەفر + ماڵ**

**هەندێ جار لێکدان لە دوو وشەی واتادار پێکدێت، واتە ڕاستەوخۆیە و بێ یاریدەی مۆرفیمی بەستەر، وەك: چاوشین، دڵگەش، ڕەشماڵ،...هتد، هەندێ جاریش بەیاریدەی مۆرفیمی بەستەر پێکدێت، وەك: بەردەنوێژ، لق و پۆپ،**

مێرگە سوور،...هتد، یان بە دووبارەکرد نەوەی و شەکە، وەك: چوار چوار، دوودوو، ناوەناوە، جارجار، جاڵجاڵۆکە،... هتد، بە چەندین یاساو شێوازیتر.

## چوارەم// داڕشتن :

((وشەی داڕشتن، کە وەرگێڕانێکی (صیاغە)ی عەرەبیە، ئەوەیە، کە بەزیادکردن و گۆڕینێکەوە وشەیەك لە وشەیەکی تر دەربهێنین، یان وەربگرین کە گونجاوی یێك لە بەینی ئا خاوتن و واتاکانیا ندا هەبێت، بەڵام وا تای و شە دەرهێنراوە کەی لەوانە یە نزیك، یان دووربێت لە واتای ڕەگی وشەکەوە)) (ئیبراهیم ئەمین باڵدار:218:1986) .

لە زمانی کوردیدا کۆمەڵێك وشە تێبینی دەکرێت کە لە ناوێکی سادەی واتادار و پێ شگرێك یان پا شگرێك یاخود (پێشگروپا شگر) درو ست بووە، وەك: و شەی (هونەرمەند) کە لە وشەی (هونەر)ی سادە و پاشگری (مە ند) درو ست بووە، هەروەها وشەی (بێ کار) کە لە پێشگری (بێ) و وشەی سادەی (کار) پێکهاتووە.

(داڕشتن واتە بێژەیەك لە بێژەیەکی دیکەوە دابڕێژرێت، بە مەرجێك هەماهەنگی و گونجاو یان لەنێزەو وا تا لەنێوانیا ندا هەبێت، بۆ نموو نە، لە ڕە گی و شەی (زا نین) چەندان و شەی دیکە داڕێژراون، وەك: زا نا، ڕێزانین، دەزانم، زانراو،...هـتد) (محەمەد وەسمان:59:2004).

## پێنجەم// پێوانە:-

ئە گەر لە سامانی و شەکانی زمانی کوردی بکۆڵینەوە، کە لە قۆناغی لەدایك بوونی زمانی کورد یدا لەدایك بوون، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە هەر کۆمە ڵە وشەیەکیان بە پێی دەستورێکی ڕێزمانی و ڕێبازێکی پێوانەیی دانراون. ((ئێمەش لەم قۆنا غە مێژوویەی زمانی کورد یدا، کە پێویستیمان بە سازکردنی زاراوەی نوێ باو هەیە، لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، دەتوانین پشت بە بەڵگەیەکی تری ڕێزمان ببەستین، کە چۆنیەتی پە یدابوونی و شەیەکی کوردی ڕە سەن پیشان دەدات و، لە هەموو زمانێکی پێشکەوتوودا هەیە و زمانەوانەکان پێڕەوی دەکەن)) (جمال عبدول:115:2008) بۆ نموونە لە زمانی عەرەبیدا بە ڕێبازی پێوانە دەوترێت (القیاس) و بنچینەی هەموو دەستورەکانی زمان و وشە سازییە و وەك پێوەرێك وا یە بە دەست زمانەوانەکا نەوە، دەبێت بڕیاری هەموو ڕا ستی و هە ڵە و د یاردەی زما نەوانی پێبدەن کە لە زانستی وشەسازی و زاراوەسازیدا باوە، بۆیە دەبێت ئێمە ئەم ڕێبازە بکەینە پێوانەیەك بۆ

زاراوه سازی، ئەم زاراوا نەی خوارەوەش، چەند نموونه یەکن که به ڕێ بازی پێوا نه سازکراون:

| وشه | زاراوەی پێوانه |
|---|---|
| جووتیار | هەستیار، کڕیار، فرۆشیار، ئەندازیار، زانیار، کەمتیار، بەختیار |
| سەرپۆش | ڕووپۆش، زرێپۆش، ژێرپۆش |
| زەویانه | پووشانه، سەرانه، مەڕانه، پاکانه، مانگانه، ڕۆژانه، سالأنه |
| ئاگادار | پەیامدار، ئیماندار، سیاسەت مەدار، نازدار، دڵدار، کلیلدار |
| دانساز | چەخماخساز، زاراوەساز، ڕەخنەساز، کلیلساز |
| شاخەوان | ڕەزەوان، باخەوان، شارەوان، نەوجەوان. |

## شەشەم// وەرگێڕان:

ڕێبازێ که لەو ڕێبازا نەی که له زاذ ستی زاراوه سازیدا بەکار دەهێنر ێت بۆ پێکهێ نانی زاراوەی نویٚ له زما ندا. (وەرگ ێڕان وا ته گوا ستنەوەی زاراوەی ب یانی بۆ زمانی کوردی به واتاکەی نەك به بێژەکەی) (محمد وەسمان:2004: 60).

(فەرهەنگی زاراوەی هیچ نەتەوەیەك نابیٚ پەتی بێت و له چوار چێوەی قاڵبێکی ته سکی تەنیای خۆماڵ یدا گه شه ب کات، نا شبێت هەموو دەرگا کان بۆ زاراوه کانی جیهانی بخرێ نه سەرپشت، بەڵکو دەبێت به گوێرەی پێوی ست زاراوه وەربگێڕدر ێت) (کامل حسن البصیر:1979: 89).

وەرگ ێڕ، له ز مانی کورد یدا، بەراذ بەر بەو چەمك و واتا یه به دوای زاراوه یەك دەگەڕێت، که هەمان واتای زاراوه بیانییەکه بدات، ئینجا دوای ئەوەی که دەیدۆزێتەوه له گەڵ چەمکه بیانییه که له هەموو لایەنێ کەوه ل ێی دەکۆڵێ تەوه، پا شان بەکاری دەهێنێت.

(وەرگێڕا نی زاراوه، له هەر زمانێ کەوه ب ێت، وا تای تەنیا وەرگێڕا نی زاراوه وەرگێڕدراوەکه یه و له (دەق)دا وەرگ ێڕان ج یاوازه، که سیٚ جۆری سەرەکی هه یه: وەرگێڕا نی و شه به و شه، وەرگێڕا نی به ده سکارییەوه، وەرگێڕا نی به خور په و سروشەوه، بۆیه پێویسته له زاراوه وەرگێڕاندا زۆر وریا بین و هەرگیز له وشه به وشه

وەرگێڕان نزیك نەكەوینەوە، چونکە زاراوەسازانی تووشی گەلێك هەڵە کردووە، بۆ نموونە:

| کوردی | عەرەبی | ئینگلیزی |
| --- | --- | --- |
| سازان | تكيف | Adaptation |
| گلێن | قرنيه | Cornea |
| هەشت پاڵوو | مثمن | Octagon |
| گۆشەی وەستاو | زاويه قائمه | Right ngl ) (جمال عبدول:108:2008) |

پێویستە لە وەرگێڕانی زاراوە بۆ سەر زمانی کوردی، ڕەچاوی چەند بنچینەیەك بکرێت، وەکو[1]:-

### 1/ بوژاندنەوەی زاراوەی دێرین:-

ئەگەر لە فەرهەنگی زمانەکەماندا زاراوەیەك هەبوبێ، لەگەڵ ئەو زارەوەیەدا گونجا کە پێویستیمان پێیەتی، وە توانیمان بەکاربهێنین، ئەوا پێویست ناکات هەوڵی دانانی زاراوەیەکی تازەی کوردی بدەین وەك: زاراوەی (السرطان)ی عەرەبی، دەتوانین وشەی (شێر پەنجە)ی دێرینمان ببوژێنینەوە، لەبری ئەو زاراوە عەرەبییە بەکاربهێنین.

### 2/ خۆ دوور خستنەوە لە وەرگێڕانی وشە بە وشە:-

پێویستە دوور بکەوینەوە لە واتای وشە بە وشە، تەماشای ئەرکی تایبەتی زاراوەکە بکەین، وەك: بەرامبەر بە زاراوەی (الحجر الصحى) زاراوەی (کەرەنتینە)ی بۆ دانراوە، پێویست ناکات زاراوەی (بەندی تەندروستی) دابنێین، چونکە ئەمە واتا یەکی ڕووکەشیە.

### 3/ وەرگێڕانی زاراوە بە گوێرەی پێویست:-

زاراوە لە ئەنجامی پێویستییەکی تایبەتی سازدەکرێت لە زمانەرەسەنەکی دا، کە بەهیچ شێوەیەك نابێ زاراوە بە زۆری بەسەر زمانداسەپێنرێت و هەوڵ بدرێ وەری بگێرن، وەك : لە زمانی عەرەبیدا زاراوەی (اسم الفعل) سازکراوە، لە کوردی دا پێویست ناکات وەریبگێڕین و بیکەین بە (ناوی کار).

---

[1] بۆ ئەم خاڵانە سوودم لەسرچاوەی (زاراوەی کوردی-کامل حسن البصیر) وەرگرتووە.

## 4/ وردبونەوە لە واتای زاراوە وەرگێڕاوەکە:-

پێویستە وردبینەوە لە واتا و مەبەستی زاراوە وەرگێڕاوەکە بزانین بۆ کام با بەت بەکاربێت، چونکە لە وەرگێرانی زاراوە دا زۆرجار ئەم لایەنە پەیرەوەنەکراوە، وەك:-

و شەی (الم ظاهرة) کە لە کورد یدا بە ما نای (خۆپیـ شاندان) د یّت، بەلاّم لە عەرەبیدا بەمانای (پشت گرتن) دیّت، هەروەها لە زانستی بایۆلۆجیدا زاراوەی ( ڕەگ ) واتایەکی جیاواز دەبەخشیٚ لەو واتایەی کە لەبابەتی زانستی زماندا دەیگەیەنێت.

(زۆر جار وا تای و شە ڕا ستەخۆ و ئا شکرانیە، بەڵکو ئیدیۆم یە، بۆ نمو نە قسەکەری ئینگلیز دەڵێت: ( As Black As Ink)، کە چی کورد بۆ سیفەتی ڕە شی ئیجابی دەڵێت: (ڕەشە وەك ئەبەنوس) ئەگەر سیفەتەکە سلبی بوو دەوتریٚ: ڕەشە وەك قیر) (حسێن علی ولی: 1999: 132 ) . کەوا تە لە ڕواذ گەی خاڵی چوارەمەوە بۆ مان ڕوون دەبێ تەوە کە وەرگ ێڕان هۆیە کە بۆ دەوڵەمە ندکردنی ز مان و پەرەپ ێدانی و هاوچەرخایەتی کردنی، ((چونکە وەرگێڕان پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێت، کە بەدوای وشەو زاراوەی نویٚ و بۆچوونی نویٚ بگەڕیٚ)) (کەمال مەعروف:2003: 122).

## حەوتەم// ئاوەڵواتا:

(( ئەو و شەیەی کە بۆ واتا یەکی نویٚ لە ز مانی لاتیـ نی و زما نە زیـ ندووەکانی ئەوروپادا بەکاردێت پ ێی دەو تریٚ میـ تافۆڕ (Metaphore) لە ز مانی عەرەبی بە (المجاز) ناودەبریٚ:هۆی ئەو ناو بردنەو ئەم ناودانانە لەوەوە هەڵقوڵاوە کە گوا یە و شە لە واتایەکەوە بۆ واتا یەکی تر گوا ستراوەتەوە)) (کا مل حسن البصیر:1979:58) لە ز مانی کوردی خوازە و خواستە شی پیٚ دەو تریٚ. ئاوەڵوا تا ڕۆڵێ کی گرنگ دەبیـ نیٚ لە دەوڵەمە ند کرد نی فەر هەنگی زما ندا ( بەکر عو مەر عەلی:2000: 104). (وا تە ب ێژەی ئەو و شەیە دە خوازین و دەیگوێزیـ نەوە بۆ دەر بڕینی واتا یەکی تر کە لەهە ندێك ڕووەوە لەویتریان نزیك بێت) (ئیبراهیم ئەمین باڵدار : 1986 : 219 )، بۆ نموونە و شەی ( برو سکە ) کە ناوی ڕووناکی چەخماخەیەکە کە لە هەورە تریشقە پەیدا دەبێت، بۆ وا تای برقیە (Telegraph ) بەکاری دەهێنین، کە واتایەکی جیاوازە لە واتا ئاشکراکەی.

ئاوەڵوا تا دیاردە یەکی هاوبە شە لەنێوانی ڕەخنە سازی و ڕەوانب ێژی وزاراوە سازیدا، ڕێ بازێکی تر مان بۆ بەرپا دە کات لە دا نان و سازکردنی زاراوەی نوێباو، دەتوانین مانایەکی تر ببەخشین بە هە ندیٚ وشەی فەرهەنگی و مەبە ستێکی تازە بخەیـ نە سەر مەبە ستەکەی پێشوویان و بیاذ کەین بە زاراوە. بۆ نموو نە: دە ست

کورت، زمان درێژ، بنەمۆم، پاییزە برا،...هتد. ((وشەکان چەندان واتا یان لە خۆیا ندا حە شارداوە، بۆ یە دە بێ بدرێ نە بەر ڕوو ناکی و لە قوولآیِ یەوە بهێنرێ نە سەرەوە. بەمەش ئەو توانایەمان دەبێ کە دیوە شاراوەکەی جیهان ئا شکرا بکەین، هەر ئە مەش دەوڵەمە ند کردن و تێڕوانیذ مان دەگە یەنێ، نەك هەژارکردنی، کە د یارە ئە مەش بە میتافۆڕ ئەنجام دەدرێ)) (بەکر عومەر عەلی:2000: 17).

## هەشتەم// کورت کردنەوە:-

واتە کورتکردنەوەی وشە، ئەمەش بە چەند شێوەیەك دەردەکەوێت:

### أ-پارچەکردن (clipping):-

( ئەم ڕێگا یە کورتکردنەوە شی پێ دەو ترێ، و شەی کورتکراوە و و شەیەکی خواستراوە لە یەکێکی تر بە ڕێگای کورتکرد نەوە بۆ نموو نە و شەی (dr کورتکراوەی doctor)ە) (د.محمد ع لی ا لخولی: 1982: 62). بریتیِ یە لە پار چەکردن و کورتکرد نەوەی وشە، پرۆسەیەکە، کە پارچەیەك لە پێش یان لە دواوەی و شەکە وەردەگیرێت و بەکار دەهێنرێت لە جێگای فۆڕمە گشتییەکە، بە مەش فۆڕمێکی سەربەخۆ درو ست دەبێت، جاری واش دەبێتە بناغەیەکی نوێ ی پێکهێنانی زاراوە. لە زمانی کورد یدا نموو نەی لەم جۆرە مان بەر چاو دە کەوێ، کە هە ندێ جار پار چە کردنە کە بە شی پێ شەوەی فرێزەکە دەگرێتەوە، واتە وشەی پێشەوەی فرێزەکە وەردەگیرێت، بۆ نموونە:

-ترافیك:لە زۆر کاتدا جێگای وشەی (ترافیك لایت)ی گرتۆتەوە.

هەندێ جاریش، وشەی کۆتایی فرێزەکە وەردەگیرێت، وەك:

- ئۆمێگا: جێگای وشەی (ئۆپلْ ئۆمێگا)ی گرتۆتەوە.

- تیدا: جێگای وشەی (نیسان تیدا)ی گرتۆتەوە.

هەندێ جاریش وشەکە خۆی لە بنەڕەتدا ئەکرۆنیمە و لە کورد یدا کلیپ کراوە، وەك:- بی ئێم دەبڵیو: ئەمە خۆی ئەکرۆنیمە و کلیپ کراوە بۆ ( بی ئێم).

### ب-ئەکرۆنیم:-

ڕێگا یەکی تری پە یدابوونی و شەی نوێ یە، لە سەر بنچینەی وەرگرتنی دەنگی یەکەمی فرێزێك. ((بریتییە لە لێکدانی بڕگەی یەکەمی یان دەنگی یەکەمی دوو وشە یان زیاتر و خوێند نەوەیان بە یە کەوە یان وەك دەنگی پیتەکان)) (محمد م عروف

فتاح:1987:99)، هەر پیتێکیش بە جیا دەنوسرێت، کە ئەمەش بە ئەکڕۆنیمی ڕێنووس ناودەبرێت، وەك:

ی.ن.ك ← یەکێتی نیشتیمانی کوردستان

پ.د.ك ← پارتی دیموکراتی کوردستان

پ.ك.ك ← پارتی کرێکارانی کوردستان

لە زمانی ئینگلیزیشدا، نموونەی (ئەکڕۆنیم) مان زۆرە، یەکێ لەوانە، وەك:

RAM: ئەکڕۆنیمی (Random Access Memory)ە (بە شێکی کۆمپیەتەر)ە.

UK: ئەکڕۆنیمی (United Kingdom)ە، واتە (شانشینی یەکگرتوو) .

KIHR ← (Kurdistan Institute For Human Rights) واتە (نووسینگەی کوردستان بۆ مافی مرۆڤ).

ئەکڕۆنیم ڕێگەیەکی زۆر باوە، یەکێك لەو جۆرانەشی کە زۆر گرنگە ئەوەیە، کە تایبەتە بەو گروپ و کۆمەڵانەی بۆ خزمەتی گشتی کار دەکەن، لە ئێستادا ئەو گروپانە بە جۆرێك ناو دەبرێن کە ئەکڕۆنیمەکەیان ببێت بە وشەیەك، کە ئاماژە بە یەکێك لە ئامانجەکانی دامەزراوەکە بکات . بەم شێوەیە ئەم ئەکڕۆنیمە دوو واتا دەردەخات، یەکێکیان وەك ئەکڕۆنیم و دووەمیشیان وەك وشەیەکی سادە، بۆ نموونە:

(NOW): ئەکڕۆنیمی (National Organization Of Women)ە (واتە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی ئافرەتان)، بەم جۆرە ئەکڕۆنیمانەش دەوترێت ( ئەکڕۆنیمی وشە)، وەك:

پەکەکە: ئەکڕۆنیمی (پارتی کرێکارانی کوردستانە).

## <u>نۆیەم// هاوواتایی:-</u>

ڕێگایەکی تری گەشەکردن و زیادبوونی وشەکانی زمانە، ڕێژەی زۆربوونیشی لە زمانی کوردیدا، دەگەڕێتەوە بۆ بوونی دیالێکتەکانی زمان. بریتییە لە دوو وشە یان پتر، کە وەك یەك بن لە واتادا، واتە هەمان واتا یان هەیە، (کریستاڵ) دەڵێ وایە: (هاوواتایی ئەو زاراوەیەیە کە بەکاردێت لە واتاسازیدا بۆ پەیوەندی واتایی نێوان وشەکان و ئەو لێکسیکانەی هەمان واتایان هەیە) (Crystal.D:2003:45)

(ئۆلمان) لە پێناسەی هاوواتایی دا دەڵێت: (هاوواتایی بریتییە لەو وشانەی کە هەمان واتایان هەیەو، دەتوانن لە جێگەی یەکتر بێن و لە هەر سیاقێکدا بێت، ئاڵوگۆڕ بکرێن) (ستیفن اولمان:12:1972).

زۆرجار هاوواتایی بەهۆی ئەوەوە دروست دەبێت، کە لە زماندا وشە هە یە، بەڵام لە ز مانێکی ترەوە بۆ هەمان وا تا و شە دێ تە زمانە کەوەو دەبێ تە هاووا تای و لە بەکارهێناندا هاوشانی دەڕوات و هەندێ جاریش بە تەواوی شوێنی دەگرێ تەوە، وەك: وشەی (عەرز) کە زۆرجار لە جیاتی وشەی (زەوی) بەکاردێت کەلە وشەی (ارض)ی عەرەبییەوە خواستراوەو بۆتە هاوواتای (زەوی).

لە ز مانی کورد یدا هەردوو و شەی ( جوان و قە شەنگ) دە توانن لەبری یەکتر بەکاربێن، وەك:

– ئازاد کۆشکێکی (جوانی، قەشەنگی) کڕی.

((بەڵام لەهەمان کاتداو لە زمانی کوردیدا دەتوانین بڵێین ئە مە لە هەموو کاتێکدا ڕوونادات، بۆ نموونە دەتوانین بڵێین: ئازاد خۆی شاردەوە. ئازاد کتێبەکەی شاردەوە. ئازاد خۆی مەڵاس دا. بەڵام ناتوانین بڵێین: ئازاد کتێبە کەی مەڵاس دا)) (ڕۆژان نوری عبدالله:234:2007).

## دەیەم// فرەواتایی (Polysemy):-

(فرەواتایی زاراوەیەکی یۆنانییە، لە بنچینەدا پێکهاتووە لە (poly) کە بە ما نای فرە (زۆر) دێت، (semy) کە بە مانای واتا دێت پێکهاتووە) (ستیفن اولمان:1972: 114).

((فرەواتایی یەکەیەکی فەرهەنگی یە بە هاتنی، کۆمەڵێك واتای جیاواز دەدات بە دە ستەوە. وا تە بەکارهێنانی کەرە سە بووە کان بە وا تای تر)) (بەکر عومەر عەلی:2000 : 16).

فرەوا تایی دیاردە یەکی زما نە، لە زۆر بەی زما ندا بەدی دەکر ێت، بەڵام ڕادەو چەندێتی بڵاویان بەندە بە جۆری زمانەکە، لە ڕووی چەندێتی پەنا بردنە بەر پێشگرو پا شگرو ڕادەی بوونی و شەی یەك بڕ گەیی یان مۆرفیمی لە زمانە کەدا. (( بوونی فرەواتایی لە زماندا گرنگە، دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی زمان و کەمکردنەوەی وشەو زمانەکە لە ئالۆزی دوور دەخاتەوە، ئەرکی دانانی فەرهەنگ و کاری فەرهەنگنووسی و فێربوونی ئەو زمانەش ئاسان دەکات)) (ڕۆژان نوری عبدالله:2007: 193).

له فرەواتایی دا واتاکان لەیەکتر دوور ناکەونەوە. بۆ نموونە: وشەی (**خوارد**) لەم نموونانەی  خوارەوە لە ئەنجامی بەیەکەوە هاتن فرەواتایی دروست کردووە:

- سوێندی خوارد.
- پارەی خوارد.
- خەمی خوارد.

هەروەها وشەی (**بەربوون**):

- دیلەکە بەربوو.
- خوێنی لووتی بەربوو.
- ئاوەکە بەربوو.
- منداڵەکان لە قوتابخانە بەربوون.

ئاوەڵناوی (**گەورە**):

- قەبارە
- دەسەڵات
- تەمەن

## یانزدەیەم// هاوبێژی:-

هاوبێژی بەو وشانە دەوترێت، کە لە ڕووی شێوە و پێکهاتنەوە لە یەک دە چن. لەهاوبێژی دا بە پێچەوانەی فرەواتا، واتاکان لەیەکتری دوور دەکەونەوە. بۆ نموونە:

**خاڵ:**

- برای دایك
- نوقتە

**ئازار:**

- مانگی ئازار (مانگی سێ)
- ئێش و ئازار

## گۆڕانی واتای وشە:-

زمان هەمیشە و بەردەوام لە گۆڕاندا یە، گۆڕانی واتای وشەش دەچێتە ناو چوارچێوەی ئەم گۆڕانە گشتیەوە کە لەگەڵ هەموو پێداویستیەکانی ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵ دێتەکایەوە. سۆسێر پێی وایە: (زمان دیاردەیەکی زیندووەو بە شێکە لە کۆمەڵ و پەیڕەوێکی ڕێکوپێکە. هەروەها دەڵێت: هەر دیراسەیەك لە زمان بکۆڵێتەوە، دەبێت لە خودی دیاردەکەوە دەست پێ بکات) (فردیناند دی سوسیر:26:1985). گۆڕان لە زماندا، پەیدابوون و گەشەکردن و سستبوون و مردنیش دەگرێتەوە. بواری ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە دەچێتە ناو بواری واتاسازی مێژوویی.

سەبارەت بە گۆڕانی واتای وشە، ئۆڵمان پێی وایە: (واتا بریتیە لە پەیوەندیەکی ئاڵوگۆڕ کە لەنێوان ناو و ناولێنراودا (دال- مدلول) پەیدا دەبێت، بەمەش هەر گۆڕانێك لەم پەیوەندیە رووبدات، بە گۆڕانی واتایی لە قەڵەم دەدرێت) (ستیڤن ئۆڵمان:112:1972). هەروەها زمانەوانێکی تر (کوین) هەر لەم بارەیەوە دەڵێت: (وشەکانی زمان واتایەکی تر بە خۆوە دەگرن و ڕاڤەی بیرێکی تازە دەکەن بەهۆی تێپەڕبوونی کات و نەش ونمای زمانەکەوە.مەبەستی ئێمەش لەبارەی گۆڕانی واتاوە ئەوەیە کە واتای وشەکان گۆڕاوە) (احمد مختار عمر:1982: 236).

لە گۆڕانی واتای وشەدا ئەو ڕایە بە پەسەند دەزانین کە دەڵێت: ((واتای وشە ناگۆڕێت بەڵکو ناولێنراوەکان یاخود شت و مەکەکانە کە دەگۆڕێن، چونکە ئاشکرایە مرۆڤ لە هەموو سەردەمێکدا بەپێی باری ژیان و پێویستی ڕۆژانەی چەندین شت ومەك و دیاردەی جیاواز جیاوازی دێتە بەرهەم کە پێویستیان بە ناونانی نوێ هەیە)) (عبدالله عزیز محمد:63:1990).

گۆڕانی واتای وشە بە بەردەوام ڕوودەدات، ئەویش بەهۆی دەوڵەمەندکردن و فراوان بوونی فەرهەنگی زمان.

((زانستی زمان ئەوەی سەلماندووە کە زمان هەمیشە لە گۆڕاندایەو مێشکی مرۆڤ بەرپرسیارە بەرانبەر بە گۆڕان و زیادکردن و لەناوچوونی دەنگ و سەرهەڵدانی وشەی نوێ و ئەو دەستەواژە تازانەی کە لە زماندا دروست دەبن و ئاخاوتنیش مەڵبەندی ئەم جۆرە گۆڕانە یەو دە بێ لە نوو سینەوەدا پەیڕەوی بکرێن)) ( غازی فاتح وەیس:206:1986).

( گۆڕانی وشە هۆی گۆڕان و پێشکەوتنی باری کۆمەڵایەتی مرۆڤە) ( شەوکەت اسماء یل حسن:23:1986)، هەروەها لە بەرانبەریشدا وشە دەمرێت، چونکە زمان

دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و وەك بوونەوەرێکی زیندوو وایە کە بەپێی کات و سەردەم گەشە دەکات و دەمرێت.

لە هەموو زمانەکا ندا سنووری بەکارهێنانی و شە و ترازا ندنی وا تای و شە لەبوارێکی تەسکدا بۆ بوارێکی فراوان بە ستراوە بەکۆ مەڵێك ڕووداو و هێزی کاریگەر لەو کارەگرنگانەی کە ڕاستەوخۆ دەوریان لە فراوانکردنی واتای وشە و بەکارهێنانیان هەیە و بریتین لەو گۆڕانانەی کە لە کۆمەڵدا لە مەیدانی جیاواز جیاوازو ژیانی مرۆ ڤ دا ڕوودەدەن وەك گۆڕانی کۆمەلا یەتی، زاذ ستی، ڕام یاری، ئەم جۆرە گۆڕانا نە بە کەرە ستەی ز مان جێ بە جێ دە کرێن، وا تە هەموو بەرەوپێش چونێکی ژیانی مرۆ ڤ کاردەکا تە سەرجۆری و شە و واتا کەی بۆ یە هەموو داهێ نانێکی تازە پێوی ستی بە کۆ مەڵێك زاراوەی نوێ باو هەیە کەبتوانێت ئەو داهێنا نە نویێ یە لە ناو کۆ مەڵ دا بچە سپێت و بلاوبکرێ تەوە. گۆڕانی نوێی ناو کۆ مەڵ ئە گەر ببێ بەهۆی داهێ نان و سنوور فراوانکردنی کۆمەڵێك وشە، جاچ لەکۆ نەوە لەزما ندا هەبوبێت یاخود درو ست کرابن، ئەوا دی سان لە پاڵ فراوان بوون و سنوری بەکارهێنانی و شە د یاردەی پێ چەوانەی ئەویش ڕوودەدات کەکزبون و تە سکبوونەوەی وا تای و شەیە، یاهە ندێ جار لە تەواوی واتای کۆمەڵێك وشە لەکار دەکەون.

## - شێوەکانی گۆڕانی واتای وشەش ئەمانەن:

1- گواستنەوەی واتایی:

أ- خوازە (میتافۆڕ).

ب-خواستن (میتانۆمی).

2- فراوانبوونی واتای وشە.

3- تەسکبوونەوەی واتای وشە.

## 1- گواستنەوەی واتایی:-

ڤندریس پێی وایە:( ئەو کا تە گوا ستنەوەی وا تا ڕوودەدات کە هەردوو واتا کە بەرامبەر بە یەکتر بوە ستن بە شێوەیەکی یەکسان، یان هیچ جیاوازیەك نەبێت لە نێوانیاندا لە ڕووی گشتی و تایبەتییەوە، وەك گواستنەوەی وا تای و شە لە هۆکارەوە بۆ هۆ یا بە پێ چەوانەوە) (ا براهیم ا نیس الس امرائی:1975: 169). ئە مەش بە دوو ڕێ گا دەبێت:

أ-خوازە (میتافۆڕ):-

((واتە بەکارهێنانی دەربڕین بە واتای حەرفی و ناحەرفی)) (بەکر عومەر عەلی:2000: 16)، واتە بەیەك چواندنی ناڕاستەوخۆی شتێ بە شتێکی تر. ((بریتیە لە گواستنەوەی وشە لە مانای بنچینەییەکەی خۆیەوە بۆ مانایەکی نویێ، واتا هەندێ وشەی کۆن دێنن مەبەست و مانای تازەی پێ دەردەبڕن و وای لێ دێت کە وشەکە چەمکێکی نوێ لە جیاتی چەمکە سواوەکەی جارانی، یان چەمکێکی تازە سەرباری چەمکە کۆنەکەی دەردەبڕێت)) (عبدالرزاق بیمار:1986: 296).

ئەو وشانەی کە بەم ڕێبازە هاتوونەتەکایەوە لە زماندا، بوون بە کەرەسەی لێکۆڵینەوە لای فەیلەسووف و دەروونناسان و ئەدیبان زمانەوانان. چونکە ئەم زانایانە هەریەکەو بەگوێرەی پسپۆری خۆی و لە ڕوانگەی بۆ چوونی خۆی و لە مەیدانێکی تایبەتی زانستدا، لە وشە خوازراوەکانی کۆڵیوەتەوە.

لە بابەتی مەجازدا، وشە دەبێت دوو تایبەتی هەبێت:

أ- لەڕووی ئەرکەوە لەیەك بچن، وەك:

تۆپ: واتاکەی گواستراوەتەوە بۆ تانك.

ددانی مشار

پێچکەی ئوتۆمبێل

دەسکی دەرگا

باڵی فڕۆکە: لە باڵی باڵندەوە گواستراوەتەوە.

هەموو وشەکانی (ددان، دەست، باڵ، پێ) ئەندامی لەشی مرۆڤن.

ب- لە ڕووی شێوەوە لەیەك بچن، وەك:

ڕووی مێز

سەری مەنجەڵ

ملی شووشە

هەندێ جاریش ئەرك وشێوە تێکەڵاو دەبن، وەك: (ددانی مشار).

## ب- خواستن ( میتانۆمی):-

له خواستندا، به پێچەوانەی خوازە، مەرج نییە لە شێوەو ئەرك لەیەك بچن، بەڵکو دەبێت پەیوەندی یەکی تەواوییان لەنێوا ندا هەبێت. له خوا ستن دا دەبێت پشت به پەیوەندی شت و مەك ببەستین له بۆشاییەکدا، بۆ نموونه دوو شت که یەکیان لەناو ئەویتریانەوە بێت، گەلێ جار ناونانی شتی دووەم، به ناوی شتی یەکەمەوە دەبرێت، به واتا یەکی تر، دەبێت پەیوەندی یەك بدۆزی نەوە لەنێوانیا ندا، ئەو پەیوەندی یەش (داپۆشین) بێ، (بەش له گشت بێ)...

وەك: (قوتابی و پۆل)

- قوتابیانی پۆلی یەکەم دەرچوون.

دەتوانین بڵێین:

- پۆلی یەکەم دەرچوون

ڕێگەیەکی تر لە خواستن، بریتییە له ناوهێنانی (بەش له گشت).

وەك: ده مەڕم هەیە.

دەتوانین بڵێین:

- ده سەرم هەیە

ئەگەر واتای (سەر) بگوازینەوە بۆ مرۆڤ، دەڵێین:

- ده سەر خێزانم هەیە.

## 2- فراوانبوونی واتا:

وا تە وشەیەك لەوەوپێش بۆ واتا یەك بەکارهاتووە، بەڵام به تێپەڕبوونی کات واتایەکی فراوانتری وەرگرتووە. فراوانبوونی واتای وشه له زمانێکدا، دیاردەیەکە به ڕێژەیەکی کەم ڕوودەدات. (کاتێك وا تای وشەیەك فراوانتر دەبێت، ئەو وشەیە وا تای هەموو ئەو شتانە دەگە یەنێت که لەوەو پێش هەیبووە و ز یاتریش) (fromkin.v.2002:191). زۆر بەی کاتیش ئه مه له ز مانی مندا ڵدا ڕوودەدات، چونکە هەندێ وشه فێردەبێت و هەوڵدەدات ئەو وشەیە فراوان بکات بۆ زۆربەی شتەکانی دەوروبەری که نزیکن لێیەوە، واتە منداڵ شتەکان به گشتی وەرئەگرێت، بۆ نموونە: وشەی (بەعە) بۆ هەموو گیاندارێك و وشەی (مامە) بۆ هەموو پیاوێك و وشەی (عەن)

بۆ هەموو جۆرە سەیارەیەك بەكاردەهێنێت. (فراوان بوونی واتای وشە دیاردەیەكی باوو سوودبەخشە لە گشت زمانێكدا) (Hudson.g.:2000:259 ).

نموونە لە زمانی كوردیدا:

-(ئاهەنگ): (لە كۆندا بە واتای (ڕێككەوتن ) هاتووە، بەڵام ئێستا بە واتای (بەزم و خۆشی و شایی) دێت) (عبدالله عەزیز محمد:83:1990).

- (ڕەگ): لە بنچینەدا بۆ ڕەگی درەخت بەكارهێنراوە، بەڵام بەرە بەرە واتاكەی فراوان بووە و ئەم واتایانەشی وەرگرتووە:

1- ڕەگی ددان

2- ڕەگی چاوگ

3- ڕەگی ژمارە (لە بیركای دا).

## 3- تەسك بوونەوەی واتا:

((مەبەست لە تەسك بوونەوەی واتا، واتە وشەیێك یا مۆڕفیمێك چەند واتای جۆر بە جۆری گەیاندووە، بەڵام پاشان لەبەر چەند هۆكارێك هەندێ لە واتاكانی لەدەست داوەو ئێستا تەنیا هەڵگری یەك واتایە لە زماندا)) (فتاح مامە:1:2007).

ئەم دیاردە یە بە یەكێك لە ڕێگا بەرهەم دارەكان لە گۆڕانی واتا دادەنرێت، ئەمەش كاتێ رودەدات كە مرۆڤ وشەیەك دەگوازێتەوە لە سنوورێكی فراوانی بەربڵاو بۆ شوێنێكی تایبەتی و تخصص (تایبەتمەندی) پەیدادەكات. یەكێ لە زمانەوانەكان پێی وایە: (دیاردەی تەسك بوونەوەی واتا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە چەند سیمایەكی واتایی زیاتر خراوەتە سەر سیمای شتێك) (احمد مختار عمر:237:1982).

((ئاشكرایە كە هەموو گۆڕانێك ئەبێتە هۆی دەوڵەمەندبوونی فەرهەنگی زمان، بەڵام ئەم ڕێگا یە، واتە واتا تە سكبوونەوە دەورێ كی سەرەكی گەورە لە دەوڵەمەندكردنی فەرهەنگ لەڕووی زاراوە زانستییەكاندا دەبینێت لە زماندا)) (عبدالله عزیز محمد:78:1990). بەهۆی ئەمەوە، وشەیەك لە هەموو زمانانی دونیادا، پسپۆری پەیدادەكات و یەكێكیشە لە ڕێگاكانی گەشەكردنی وشە.

(لەبارەی تەسك بوونەوەی واتا دیارە، تا فراوانبوونی واتا بەرپا نەبووبێت ئەوا دیاردەی تەسك بوونەوەكە هەرگیز پەیدانەبووە) (فتاح مامە علی:1:2007). ((وشەیەك واز لە واتا گشتیەكەی خۆی دێنێ و پسپۆری لە واتایەكی تەسكتردا پەیدا دەكات)) (محمد

معروف فتاح:123:1990)، یان (به تەنیا به وا تا تازەکه بەکاردێت، یاخود هەردووکیان دەپارێزێت. لەوانەشه وشەکه هەردوو واتاکه بپارێزێ، لەهەمان کاتدا به واتایەکی تر، هەندێ جار واتایەکی گشتی هەبێت و هەندێ جاریش به واتایەکی تەسکتر بەکاربێت) (سەرچاوەی پێشوو:123)، بۆ نموونه:

- ((و شەی (پالاّو تە)، بۆ هەموو مادده یەکی ( پالێوراو) بەکاردێت، پا شان بەهۆی ڕێ بازی فرەوا تاوه، بووه به زاراوه یەکی کیم یاوی و بۆ واتا یەکی تای بەتی بەکاردەهێنرێت، که ڕ یێی دەو ترێ ( نی شتەی کیم یاوی ) تەنیا به وا تای (را شح کیمیاوی) بەکاردێت)) (کامل حسن البصیر:1979: 60).

هەروەها ئاوەڵناوی (شین)، له کۆندا به هەموو ڕەنگێکی تۆخیان ئەوت، بەلاّم ئێستا تایبەت کراوه به ڕەنگی (شین). جاران له تازیەدا، زیاتر جلی شینیان لەبەر کردووه له جیاتی جلی ڕەش.

((ئه گەر ته سکبوونەوەی وا تای و شەکه بەرەو با شی ب چێت، ئەوا به (بەرزبوو نەوەی وا تا) ناو دەبر ێت. و شەیەك له بنەڕه تدا بارودۆخێکی خرا پی گەیا ندبێت، وازی لەو واتا یه هێ ناوه و واتا یەکی با شتری وەرگر تووه)) (محمد معروف فتاح:123:1990)، بۆ نموونه:

- جاران و شەی (شۆخ) وا تای (بێ شەرم- بێ حەیا)ی گەیا ندووه، بەلاّم ئێستا به وا تای ( جوان) د ێت. له ئێرا ندا ( شۆخی) به وا تای گاڵتەکردن د ێت، بەلاّم ئه گەر تەسکبوونەوەی واتای وشەکه بەرەو خراپی بچێت، ئەوا به (نزم بوو نەوەی وا تا) ناو دەبرێت:وشەیەك پێشتر واتایەکی بێ لایەنی گەیاندووه، بەلاّم ئێستاکه واتاکەی بەرەو خراپی چووەو گۆڕانی بەسەرداهاتووه. بۆ نمونه:

-جاران وشەی (بۆر) به واتای ڕەنگ بەکارهاتووه،بەلاّم ئێستاکه به وا تای (بۆره پیاو) دێت، که واتایەکی سووك دەگەیەنێت.

## هۆکارەکانی گۆڕانی واتای وشه:

(ئۆلْمان ) چەند هۆیەك دەست نیشان دەکات بۆ گۆڕانی واتای وشه، لەوانه:

1- هۆکاری نازمانی.

2- هۆکاری زمانی.

**1- هۆ كاری ناز مانی:** لە ز مانی کورد یدا، هۆ کاری ناز مانی ئەما نەی خوارەوە دەگرێتەوە:

**1- هۆکاری کۆمەڵایەتی:**

گرنگی دان بە کۆمەڵ دوای بڵاوبوونەوەی بیروڕاکانی قوتابخانەی (دۆرکایم) بڵاو بووەوە، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە زمان بە کەرە ستەیەکی گرنگی لە یەکتر گەیشتن دادەنرێت لە کۆمەڵدا. هەر گۆڕانێك لە ژیا ندا ڕوو بدات، لە زمانەکەدا ڕەنگدەدا تەوە. هەروەك زانا (مار) دەڵێت: (ڕۆنانی زمان لەگەڵ ڕۆنانی کۆمەڵگا دەگۆڕێت) (عبدالله عزیز محمد:1990: 67).

((بە باوەڕی هەندێ لە زمانەوانان، واتا لە شت و مەکی بەرجەستەوە گەشەی کردووە بۆ لایەنە بەرجەستەکان بە پێی گەشەی مێشکی مرۆڤ. لێرەدا مرۆڤ هەوڵ دەدات ئەو دیاردانەی کە لە دەوروبەریدا ڕوودەدەن و هەستیان پێدەکات، بە وشە ناو یان بهێنێ، ئەم جۆرە گواستنەوەیەش بە (خوازە) ناودەبرێت، کە جیایە لەگەڵ خوازەی ئەدەب، بۆ نموونە: وشەی (زا خاودان) لە کۆندا لە بواری مسگەری و زێڕینگەری بەکار دەهات، بەڵام کاتێ هەستیان بەوە کرد کە مێشکیش پێویستی بە پاککردنەوەو ساف کردن هەیە لە ڕێگای بینینی چەند دیمەنێکی جوان یان چەند وتەیەکی خۆش. لێرەدا واتا کەی گواستراوەتەوە بۆ زا خاوی مێشك)) (سەر چاوەی پێشوو:67).

**2- هۆکاری لادان:**

ڕێگا یەکی تڤری گۆڕانی واتا یە، لە ئەنجامی ئەوە پەیدا دەبێت، کە کۆمەڵە کەسێك پێکەوە ژیان بەسەر دەبەن، یان بەهۆی دواکەوتنی بیروبۆچوونێکی نوێ چەند زاراوەیەکی تایبەت بڵاو دەبێتەوە کە کەسانی تری ناو کۆمەڵ لێی تێ ناگەن. پاش ئەوەی بیری دیاردەکە بەهێز دەبێت، ئەم جۆرە زاراوانە لەئەنجامی ئەو پەیوەندییەی کە لەناو کۆمەڵدا دروست دەبێت، واتاکانیان ڕوونتر دەبێتەوەو خەڵکیش بەباشی لێی تێدەگەن وەك: وشەی (تۆزوبا) یان وشەی (علووج)، یان وشەی (بەداك و باب).

**3- هۆکاری باری ئابووری:**

بەرەو پێشچوونی باری ئابووری و ڕەنگدانەوەی لە هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤدا، قسەپێکەرانی زمان بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو پێشکەوتنانەی باری کۆمەڵایەتی دوو ڕێگا بەکاردێنن، ئەوانیش:

(أ- زيندوو كردنەوەی وشە كۆنەكانی زمان بۆ ناولێنانی دیاردە نوێیەكان، كە لەگەڵ ئەوەشدا بابەتەكەی گۆڕاوە، بۆ نموونە: وشەی (مەكۆ) لە كۆندا جۆلاً، لە بواری ڕستن و چنین دا بەكاری دەهێنا، بەڵام ئێ ستاكە بەرگ درووش لە درووما ندا بەكاری دەهێنێ.

ب- پێكهێنانی وشەی نوێ ، ئەمیش بە دوو ڕێگا دەبێت:

1-وەرگرتنی ڕاستەوخۆ لە زمانی بێگانەوە، وەك: وەهم، تەلەفۆن، تەسجیل، حەج، قەڵەم،...هتد.

2- داڕشتن: ئەویش لە ئەنجامی داڕشتنی وشە لەلایەن كەسێكەوە یان كۆڕێكی زمانەوانییەوە وەك:

وشەی (زانكۆ) ← كۆ زانین) (عبدالله عزیز محمد:1990: 67) .

## 4- هۆكاری باری دەروونی:

ئەم دیاردە یە بە ڕوونی لەم ناوانەوە دەردەكەوێت، كە لە زمانەوانیدا پێیان دەگوترێت (تابۆ).

(لە زۆر كۆنەوە خەڵكی ئەو هێزو قودرەت و گیانلەبەرانەی كە پیرۆزبوون لایان، یا سەرچاوەی مەترسی بوو، سڵیان لەناوی ڕاستەقینەیان دەكردەوە و وایان زانیوە بە ناوی تر ناوی ببەن باشترە. ئەمیش بۆ ڕێزگرتن و دڵ ڕاگرتنیان بەو هیوایەی كە لە ئێش و ئازار و ڕق و كینەیان بە دوور بن، بۆ نموونە: بە جنۆكەیان دەوت (لەمە باشتر) یا (لەمە چێتر)، بە (سووریژە) دەڵێن (موبارەكە)، بە (مردن) دەڵێن (ئەمری خوای بەجێهێنا) ) (سەرچاوەی پێشوو: 68 ).

## 5-هێز (stress):

((زیادەوزەییەكی دەنگییە لەپڕلە سەر یەكێ لەبڕگەكانی وشە سەرهەڵدەدا...(واتا هێز سەر بە ئاستی مۆرفۆلۆجییە و دەوری لە چوارچێوەی ئەم ئاستەدا دەرنا چێ) بۆ نموونە وشەی (بەڵام) لە دوو بڕگە پێك هاتووە (بە+ڵام). لە بڕگەی یەكەمدا هەڵچوونێكی لەپڕی دەنگی سەرهەڵدەدا. ئەم هەڵچوونە ئەنجامی خێرا لەریدنەوەی ژێكانە. ئەمە لە بڕگەی دووەمدا بەدی ناكرێت)) (وریا عومەر ئەمین:2004: 284).

(( ئەوەی لێرەدا گرنگە لە هەر وشەیەکدا بڕگە یەکیان لە هەموویان بەرزتر گۆدەکرێ، یان دەربڕینەکەی زەقترە، ئەویش ئەو دەنگەیە کە هێزی کەوتۆتە سەر. بەزۆری ئەو دەنگەی هەڵگری هێزە دەنگێکی بزوێنە)) (عبدولوەهاب خالید موسا:2007: 29).

بە شێوەیەکی گشتی هێز لە وشەی سادەدا، دەکەوێتە سەر دواوەی بڕگە، بەلاّم هەندێ جار شوێنی دەگۆڕێت و دەچێتە سەر بزوێنی بڕگەی یەکەم و ئەو بڕگەیە زەقتر دەکات بۆ گەیاندنی مەبەستی تر، بۆ نموونە :

نووستن: وەکو چاوگ

نوو'ستن : بە واتای (ئەوان نووستن).

## 2- هۆکاری زمانی:

هۆکاری زمانی دەبێت بە (3) سێ بەش، ئەوانیش بریتین لە:

### أ- ئاستی دەنگسازی:

هۆی گۆڕانی دەنگ لە وشەکانی زماندا، دەگەڕێتەوە بۆ ویستی مرۆڤ کە بەردەوام هەوڵی ئەوە دەدات ئەرکی ئەندامانی ئاخاوتن سووك و کەم بکاتەوە لە دەربڕینی وشەکاندا. هەندێ جار وشە ئەگەر دەنگێکی لێ بکرێت، وشەیەکی نوێی لێ دروست دەبێت و مانا یەکی تازە دەدات بەدەستەوەو دەبێتە فرەواتاو هاوبێژ، بۆ نموونە: سوانی دەنگی (د) لە وشەی (ددان) دا، وا دەکات سێ واتای تر بە دەستەوە بدات: (دان) وەکو (چاوگ)، (دان) وەکو (دانەوێڵە)، (دان) وەکو (ددان).

هەروەها بە سوانی دەنگی (د) لە وشەی (صەد) دا، وشەکە دەبێت بە (صە)، لە شێوەزاری هەولێردا بە واتای (سەگ) دێت.

### ب-ئاستی وشەسازی:

وشەسازی لە ئەنجامی داڕشتنی وشەدا واتاکەی دەگۆڕێت، بۆ نموونە:ڕەنگی[ شین+ایی] دەبێتە( شینایی ) واتە سەوزایی هەندێ جاریش ئاوەڵناوی بارستایی واتاکەی دەگۆڕێت، کاتێك کە دەڵێین: (قسەی خواروخێچ مەکە).(خوار و خێچ) واتاکەی گۆڕاوە بۆ (هیچ و پووچ).

**ج–ئاستی ڕستەسازی:**

بەکارهێنانی وشە لەناو ڕستەدا، وا دەکات گۆڕانی واتایی دروست ببێت، بۆ نموونە:

وشەی (باش) لە ڕستەی (پارەیەکی باشم پێ بەخشی ) بە واتای (زۆر) دێت و لە ڕستەیەکی تردا، واتاکەی دەگۆڕێت کاتێ دەڵێی:

– لێدانێکی باشم لێدا.

بە مانای:

– لێدانێکی خراپم لێدا.

واتە لە باشەوە واتاکەی دەگۆڕێ بۆ خراپ.

**د– گۆڕان بەهۆی دەوروبەر:**

ئاشکرایە کە دەوروبەر باشترین هۆکارە بۆ تێگەیشتنی واتای کت و مەتی وشە، کاتێك لە شوێنی جیاواز بەکاردەهێنرێ بۆ نموونە: وشەی (دەرچوون) لای قوتابی سەرکەوتنە لە دەرسەکانی، بەڵام لای شوفێر ڕۆیشتنە. هەروەها وشەی (لێدان) لای قوتابییەکی زانکۆ بە واتای (نە چوونە ژوورەوە دێ بۆ موحازەرە کردن)، بەڵام لای یەکێکی تر (جگە لە قوتابی زانکۆ)، بە واتای شەڕو لێدان لە نێوان دوو کەس یا زیاتر دێت.

## – کاریگەری زمانانی تر لەسەر زمانی کوردی:–

زمانی کوردی پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەبووە لەگەڵ چەند زمانێکی دەوروبەر کە هەر لە کۆنەوە ژمارەیەکی زۆر وشەی لێ خوا ستوون و پەیوەندیەکی زۆر پتەوی هەبووە لەگەڵ عەرەبی، تورکی و فارسی وەکو سێ زمان کە وڵاتەکانیان حوکمی کوردستانیان کردووە، زمانی عەرەبی کاریگەری زیاتر بووە بەهۆی ئەوەی کە عەرەبی زمانی ئایینە بۆ هەموو ئەو زمانانە. ئەرمەنی و ئاشوریش کاریگەری خۆیان هەبووە لەسەر زمانی کوردی بەتایبەتی لەسەر دیالێکتی کرمانجی سەروو.

بەهۆی نەبوونی لێکۆلینەوەیەکی ئیتیمۆلۆجی ناتوانرێت ڕێژەی وشەی ئەصلی ( ڕەسەن ) کوردی بەرامبەر بە وشەی خوازراو لە زمانەکانی تر دیاری بکرێت. ((لە قاموسی وەهبی و ئیدمۆند ( 1966) چەند ژمارە و ڕێژەیەك بە نزیك کراوەیی دیاری کراون بەم شێوەیەی خوارەوە :–

| | | |
|---|---|---|
| وشەی کوردی | 5896 | ٪86.1 |
| وشەی خوازراو | 945 | ٪13.8 |
| وشەی عەرەبی | 716 | ٪10.4 |
| وشەی ئەوروپی | 100 | ٪1.4 |
| وشەی فارسی | 73 | ٪1.0 |
| وشەی تورکی | 56 | ٪0.8 |
| کۆی گشتی | 6.841 | ٪100 |

دە بیٚ تێبینی ئەوە بکەین کە وشەی پەتی کوردی لەو فەرهەنگەدا نزیکەی 30000 دەبێت کە زۆر بەیان و شەی تێکهەڵکێ شراوی درو ست کراون لەو شە سەرەکیەکان. کەوا تە ژمارەی (6.841) بریتیە لەوشە سەرەکیەکانی زمانی کوردی بێجگە لەو وشانەی کە بە پێشگر و پا شگر زیاد دە کرێن. و شە خوا ستراوەکانی ئەوروپی زۆربەیان لە زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی و رووسییەوە هاتوون. لەو سەد و شە ئەوروپ یە تەنها دواز یان مەء نەوین (مـلوێن و نمرە ) ئەوانی تر هەمووی دەگەرێتەوە بۆ شت و مەك و کاروبار و پلەی کارگێری ( ئەفسەر، پۆلیس، چاکەت، بۆمبا، میکرۆب، ئیستکان، لامپا) یاخود وشەی جۆراو جۆر وەکو (دۆمینە، چەك، بلیت) )) ( پێگەی ئینتەر نێتی– ویکیپیدیا).

هەموو زمانێکی زیندوو، بێبەش نییە لە وەرگرتن و بەخشین، ئەویش بەهۆی نزیکی زمانیی، دراوسێیەتی، بازرگانی و مامەڵەکردن، شەڕوشۆڕ، گەڕان و کۆچکردن. (چونکە زمان بوونەوەرێکی زیندووە و کاریگەری و کاریگەربوونیشی هەبووە، لەنێوان کۆمەلاّ ندا پەیوەندی یە زمانی یەکان گە شەی کردووە، بە هۆ یەوە چەندین و شەو دەربڕاوی نویٚ هاتۆ تە ناو زمانی بذجی) (جهینە ذصر علی :8:2001). بە وێنە زمانی ئینگلیزی کە زمانێکی چالاك و زیندووە، هەروەها زمانی دە سەلاّت و زاذ ست و تەکنەلۆژیایە، لەگەلٚ ئەوەشدا پڕە لە وشەی بێگانە، چونکە دەرگای زمان والاّ یە بۆ هاتنە ناوەوەی وشەی زمانانی تر. (بۆ نموونە وشەی (very) لە زمانی فەرەنسییەوە پەڕیوە تە ناو زمانی ئینگلیزی و شوێنی بە و شەی (sore) هەژا ندووە) ( بێر نارد کەمریٚ:51:2007)، بە هەمان شێوە ئە گەر سەیری زمانی عەرەبی بکەین، دەبینین چەندین وشەو زاراوەی تێدایە کە لە زمانانی ترەوە خواستوویەتی، (بۆ نموونە:وشەی (ا ستاذ)ی لە زمانی فارسییەوە وەرگر تووە، هەروەها و شەی (الـطن)ی لە زمانی

فەرەنسییەوە خواستووەو، وشەی (البلسم)ی لە یۆنانیدیەوە وەرگرتووە) (جهینە نصر علی:98:2001).

زمانی کوردیش هاوشێوەی زمانانی جیهان، لە کاریگەری زمانانی تر بێبەش نەبووە، بەتایبەتیش لە زمانەکانی وەك: عەرەبی، تورکی، فارسی، ئینگلیزی، ئەمەش لەبەر چەند هۆیەك دەبێت:

1-**هۆکاری جوگرافی**: لەیەك نزیکی شوێنی جوگرافی نێوان دوو زمان، وای کردووە کەوا کۆمەڵێك وشە لە لەزمانە دراوسێکانەوە بە تایبەتی (فارس، عەرەب، تورك ... هتد) بێتە ناو زمانی کوردی و ئاڵوگۆڕ ببێت، ئەمەش لەڕێگای هاتووچۆوە دروست دەبێت لەنێوان قسەپێکەرانی زماناندا، بەڵام ناوچە شاخاویەکان بە ڕێژەیەکی کەمتر تووشی گۆڕان دەبن، چونکە سەختی ڕێگاو بانەکان وای کردووە کە هاتووچۆ کەم بێت تیایاندا.

2-**هۆکاری ئاینی**:- گەیشتنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام بۆ ناوچەی کوردستان، کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو بۆ سەر زمانی کوردی، چونکە خەڵکی کوردستان زۆر بەیان نەخوێندەوار بوون، زۆر بەزەحمەت فێری ئەو زمانە بوون، هەروەها لەسەرەتادا لە زمانی ئایینی نوێ تێنەدەگەیشتن، ئەو وشانەش کە تایبەت بوون بە خودا پەرستی، بە زمانی عەرەبی لەبەریان کردووە بێ ئەوەی لێی تێبگەن، چونکە زۆر بەی هەرە زۆری کورد موسڵمانن، لە ڕێی ئاینەوە گەلێك وشەی عەرەبیان بەکارهێناوە و نەشیان توانیوە وەرگێڕنە سەر زمانی کوردی، چونکە هیچ وشەیەکیان لە زمانەکەدا نەبووە لە بەراز بەری دابنێن، وەك: سوبحانەللاً، لائیلا هە ئیل لەڵلاً، ئەلحەمدوولیللاً،...هتد.

((هۆکارێکی تر بۆ هاتنە ناوەوەی زاراوەی عەرەبی و ئاینی بۆ ناو فەرهەنگی زمانی کوردی ئەوەیە کە خوێندن و نووسین لە کۆندا بە زمانی کوردی نەبووە، وەك ئەمڕۆ لە کوردستان، بە شێوەیەکی ئەکادیمیا نەخوێندن بەڕێوەنەچووە، بەڵکو ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد، لەسەر دەستی مەلاو شێخەکاندا بە زمانەکانی ((فارسی، عەرەبی، تورکی)) خوێندوویانە)) (ڕۆژان نوری عبداللە:212:2007)، بۆیە دەبینین بە سەدان وشە و دەستەواژەی ئاینی کەوتۆتە ناو زمانەکەمانەوە، وەك: قەسروجەمع، سورەت، ئایەتەل کورسی، ئایەت، تەریقەتی نەقشبەندی، عەزاب، جەهەننەم،...هتد.

(کورد یەکێکە لەو میللەتانەی زۆر لە زووەوە موسڵمان بووە و لە پێناو ئیسلامدا شەڕی زۆر کردووەو زانای گەورەی لە بواری نووسینی: فیقە، تەفسیر، کەلام، زمان...

تێدا هەڵکەوتووەو کەم دێ هەیە، مزگەوتی تێدا نەبی، کەچی مەلاکانی کورد بە زمانی کوردی، ج گە لە چەند (عەقیدە نا مە) یەکی کورت و چەند (مەولودنا مە) یەك، شوێنەواری ئەوتۆیان بەجێ نەهێشتووە) (نەوشێروان مستەفا ئەمین:1997:267).

3–**هۆکاری کۆچکردن**: کۆچ کردن بۆ دەرەوەی وڵات، بە تایبەتی بۆ وڵا تانی ئەوروپا، بە هۆکارێکی گرنگ دادەنرێت، بۆ ئەوەی وشە لە زمانێکەوە بچێتە ناو فەرهەنگی زمانێکی ترەوە، بۆ نموونە گەلی کورد بە چەندین فاکتەری جیا جیا کۆچی بۆ کۆمەڵێ شوێنی دونیا کردووە، ئەمەش دەبێتە هۆی گواستنەوەو وەرگرتنی هەندێ وشە، بەتایبەتی لە زمانی منداڵدا هەستی پێدەکرێت، کاتێك کە قسەدەکات لە ڕستەیەکدا هەندێ وشەی زمانە بیانییەکە بەکاردێنێت. (ئەمەش وای کردووە فەرهەنگی وشەی ئەو منداڵا نە گەشەکردووتر بێت، نەك لە ڕووی چاکی و پێشکەوتوویی ئەو وشەو زاراوا نەوە، بەڵکو لە ڕووی ژمارەی ئەو وشەو زاراو نەوە) (ئەمجەد شاکەلی:1989: 72). یەکێ لە هۆکارە گرنگەکان ئەوەیە کە زمانی خوێندن و نووسین و قسەکردنیان هەر بەو زمانەیە، بە دەگمەن وشەو زاراوەی خۆیان بەرچاو دەکەوێت، یان قسەی پێدەکەن، هەروەها فێربوونی زمانی دووەم، هۆکارێکی ترە کەوا ناچاریان دەکات وشە و زاراوە بیانیەکە بەکاربێنن. بۆ نموونە لەجیاتی وشەی (دایە، قەڵەم، منداڵ، ڕەش،..) وشەی (مام، پێنسڵ، بەیبی، بلاك،...) بەکاردێنن.

4–**هۆکاری داگیرکردن**:هاتنی بێگانە بۆ وڵاتێك بەهۆی داگیرکردن و ئاوەدانکردنەوە، بەمەش زمانی هەردوو وڵاتەکە دەکەونە ژێر کارتێکردنی یەکتری، زۆر دیاردەی زمانی لێك وەر دەگرن، بەمەش وشە ئەوسا ژمارەیان زیاد دەبێت، زمانیش پێش دەکەوێ و گۆڕانی بەسەر دادێت .

لە ڕاستیدا ئەم هۆکارە گەورەترین کاریگەری هەبووە لەسەر زمانەکەمان، کورد هەردەم ژیانی پڕ لە مەترسی و ستەم بووە و هەر تووشی ئاوارە بوون و کوشتن و گرتن بووە.دوژمنانی کورد هەردەم هەوڵیان داوە زمانی کوردی بگۆڕن و و تەیی خۆیانی بەسەردا بسەپێنن. ئەگەر سەیری زمانی کوردی بکەین لە ساڵانی پێش ڕاپەڕین، دەبینین پڕە لە وشەی ( عەرەبی، تورکی، فارسی)، بە تایبەتی وشەی عەرەبی،وەك (لیوا، جاش، مجلس التشریعی والتنفیذی،أمن، مؤامرة ،......هتد ).

هەروەها بەهۆی داگیرکردنی خاکی کوردستان لەلایەن عوسمانیەکان و سەفەوییەکان، وای کردووە ژمارەیەکی زۆڕ وشەی تورکی و فارسی بێتە ناو زمانی

کوردیـ یەوە، هە ندێکیان لە گەڵ دە ستوری ز مانی کوردی گو نجاون و وەك خۆ ماڵی لێهاتوون.

5- **هۆکاری دراوسێیەتی:** ئەم هۆکارە وای کردووە کۆمەڵێك وشە و زاراوە ئاڵوگۆڕ بێت، کە هەندێکیان فەرهەنگی زمانەکە دەوڵەمەند دەکەن، بۆ نموونە زمانی عەرەبی و تورکی و فارسی کاریگەری یەکی زۆریان لەسەر زمانی کوردی هەبووە، وەك (رەمەزان، حەرام، ئەمن، فەوج، عومرە...) لە زمانی عەرەبییەوە و( قەرەتە پە، قادرمە، دۆندرمە، بورغی، قەرەباڵغ،...) لە تورکیـ یەوە و (نا یاب، نمایش، وەرزش، ئەندێشە، ئەفسەر، پایتەخت،...) لە فارسییەوە پەڕیونەتە ناو زمانی کوردییەوە. جگە لە مەش هە ندێجار بە هاتنی ئەم وشە بێگانانە، وشە کوردییە ڕەسەنەکان شوێنیان لەق بووە. بۆنموو نە ناوچەی گەرمیان بەرانبەر بە وشەی (دەرگا)ی کوردی، وشەی (قاپی)ی تورکی زۆر بەکاردێنن و بووەتە هاوواتای.

6- **هۆکاری بازرگانی:-** پێشکەوتنی باری ئابووری ولات و ئاڵوگۆڕکردنی کەرەستەو پێداویستییەکان لە نێوانیاندا، هۆکارێکی ترە بۆ هاتنە ناوەوەی زاراوە بۆ ناو زمانی خۆماڵی. هەندێجاریش ئەم وشانە خۆماڵی دەکرێن، بۆ ئەوەی بەشەکانی کۆمەڵ لەناو خۆیا ندا لە یەکتر بـ گەن و یار مەتی یەکتر بدەن بۆ پەرەپـ ێدانی گە شەی ئابووری. ((ئە مەش بێگو مان بە ز مانی نیـ شتیمانی دەبـ ێت، ئەو زما نەی خەڵکەکان لە ژ یانی ڕۆژانەیا ندا بەکاری د ێنن و بووە بە بە شێك لە ڕۆ شنبیریان)) (د.ذ سرین مح مد فخری:126:1987)، بۆ نموو نە لە ڕێی هاتوو چۆی بازرگانی و ئابووریـ یەوە وشەکانی ( سپۆنسەر، دۆلار، یۆرۆ، بزنس، هاوردە، تمەن...) کۆمەڵێکن لەوانەی لە کوردیدا نوێن و هاتوونەتە ناو زمانی کوردی و فەرهەنگە کەیان دەوڵەمە ند کردووە، چ بە وەرگرتن، یان داڕشتن.

7- **هۆکاری ڕۆشنبیری:** ئا ستی ڕۆ شنبیری، بە گ شتی کاریگەریـ یەکی ڕا ستەوخۆی لە سەر گە شەکردنی فەر هەنگی ز مان هە یە. لەزمانی زا ناو ڕۆ شنبیرەکانمان هەر لە کۆ نەوە تائێ ستا دە یان زاراوەی عەرەبی ڕەگ یان داکوتـ یوە لە گەڵ زاراوەی کورد یدا یەکیان گر تووە، چونکە لە سەردەمی ڕژێم دا، ز مانی خوێ ندن بە عەرەبی بوو، بە تایـ بەتی خوێ ندن لە مزگەو تەکان، چونکە لە سەردەمی بەع سدا، خەڵکی بە ڕۆشنبیرییەکی عەرەبی پەروەردە دەکرا، ز مانی عەرەبی، ز مانی یە کەمی ولا تی عیراق بوو، بە سەر نا و چە کوردییەکا ندا سەپێنرابوو. هەروەها بارودۆخی خرا پی سیا سی کورد ستان کە واقـ عی ئەوکا تە وای کردووە ڕۆ شنبیری کوردی کاریـ گەری عەرەبی

**به سەرەوە زالّ بِ يّت، وەك (ع لم، معر فە، ا ختلاف، ك تاب، ق لم، ... ﮪ تد). ( به پێشكەوتنی كۆ مەلّ، و شەو زاراوە زياد دەبِ يّت، فەر هەنگی ز مانيش و شەو زاراوەی نویّ درو ست دە كات و وەردەگر يّت. چونكە بەكارهيّنانی ز مان بەلّ گەی بوون و بەردەوامی و توانايەتی لە ڕۆيشتن شان بە شانی ژيان و پڕكرد نەوەی ئەو بۆ شايی و پێوي ستييانەی لە ئەنجامی شار ستانی و پەرە سەندن و فراوا نی ديّتەكا يەوە)** (سەرچاوەی پێشوو: 127).

**ئاستی ڕۆ شنبيری تاكيش لە بەردەوامی خوێند نەوەو زاذياری تازەدا، ڕۆلّێكی گرذگی هە يە لە فراواذبوون و گە شەكردنی فەر هەنگی ز مان. ((ئەم جياوازيە لەلای م ندالّيش بە ئا شكرا دەردە كەويّت، بەتاي بەتی لای م ندالّی شارە پێ شكەوتووەكان لە چاو هە ندیّ شار و ناو چەی دوور لە شار ستانی.لەبەرئەوەی ئا ستی ڕۆ شنبيری و شارستانی لە پايتەختدا لە ناو چەكانی تر زياترە، ڕێژەی و شەكانيش لە گەنجينەی وشەياندا زياترە))** (تابان محمد سعيد حسن:27:2008).

8-**تەكنەلۆژيا:- بەهۆی پێشكەوتنی باری ژيان، و شە و زاراوەی نویّ ديّتە ناوەوەی زمانەكەمان و دەبيّت ناوی بۆ دابنريّت، كە دەبيّتە هۆی دەولّەمە ندبوونی فەرهەنگی ز مان، ئەما نە زياتر بەهۆی پێشكەوتنی تەكنەلۆژيا يە كە چەندين زاراوە بۆ ئاميّری جۆراوجۆر هاتۆتە ناو زمانەكەمان.**

**(( ئەو دۆزي نەوە زاذ ستيانەی كە لە ولاّ تانی دي كە ئەنجام دەدر يّن و زاراوەی تاي بەت بەو بوارا نەيان بۆ دادەنر يّت، زۆر جار لە بەر پێوي ستی ز مانی كوردی بەو واتايانە لە بواری زانستيدا، زاراوەكان ديّنە ناو زمانی كورديەوە:- مۆبا يل، ئەتۆم، ليّزەر، تيشكی ئێكس، ئۆزۆن، ... هتد))** (ڕۆژان نوری عبدالله:226:2007).

## 9-**وەرگێڕان:**

**هەوالّی دەرەكی گرنگترين شێوەكانی كاری ڕۆژنا مەی هاو چەرخە، هەر بۆيە شە كاری وەرگێڕان بە ڕە گەزێكی گرذگی نوو سين و دەركرد نی هەوالّی دەرە كی لە قە لّەم دەدريّت. ئەو كارەی نوو سەرانی ئەو بە شە ئەنجامی دەدەن، كاريگەريەكی گەورەی بە سەر گە شەكردنی زما نەوە هە يە و لەم ڕێگايە شەوە نوو سەرانی كورد، خزمەتێكی گەورەی زمانی كورديان كردووە، دەيان وشەو دەستەواژەيان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی كوردی، وەرگێڕانەكەش هەنديّجار لەسەر بنەمايەكی زانستی بووە و و شەكان بە پێی تايبەتمە ندی و شەی ز مانی كوردی داڕێژراون و ڕە چاوی وشە سازی كراوە، هە ندیّ**

جاریش وەکو خۆیان ماونەتەوەو هیچ گۆڕانکاریەکیان بەسەردا نەهاتووە تەنها ئەگەر لە ڕووی دەذگەوە بێت، هە ندێ جاریش دوور لە ڕە چاوکردنی یا ساکانی داڕشتنی وشەو دەستەواژە، وشەی نوێیان داڕشتووە، بۆ نموونە:-

- ((فەرەنسا لە هێزی پاراستنی ناوچەی دژەفڕینی کوردستان دەکشێتەوە)).

ڕ:یەکگرتوو،ژ:119 لە 1997/1/3

هەندێ جاریش وشە بیانییەکە وەرگێڕانێکی وشەیی بۆ کراوە، وەك:-

-((تازەکردنەوەی بەرنامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراك)).

ڕ:برایەتی، ژ:2723 لە 1998/11/26

نەوت بەرامبەر بە خۆراك= نفط مقابل الغذاء

هە ندێ جاریش و شەو دە ستەواژە بیانیـ یەکان وەك خۆی گوازراونە تەوە ناو زمانەکە، بەڵام بە ڕێنووسی کوردی وەك:-

- ((ڕیفراندۆمێك بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنووسی باشووری سوودان)).

ڕ: ڕێگای کوردستان، ژ:300 لە 1998/5/13

(ئازاد ڕەمەزان علی :152:2005)

-جگە لەم هۆکارانەی سەرەوە، کاریگەری زمانی ئینگلیزی لەسەر زمانی کوردی لەم ساڵانەی دواییدا، دەگەڕێتەوە بۆ:-

1-کەمی سەرچاوە زانستییەکان، لە هەموو بوارەکانی زانست و زانیاری، وای کردووە قوتابیانی خوێندنی باڵا بە ناچاری هەوڵی فێربوونی زمانی ئینگلیزی بدەن، چونکە سەرچاوەکان بە زمانی کوردی و عەرەبی لەچاو زمانی ئینگلیزی کەمترن و کۆنن لە ئاستی پێشکەوتنی زانستدا.

2-کرانەوەی خولی هاوینەی فێربوونی زمانی ئینگلیزی بەپارە و چەندین قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی نموونەیی لە شارە گەورەکانی وەك هەولێر و سلێمانی بە زمانی ئینگلیزی، هەروەها کرانەوەی زاذکۆ ئەهلیەکان لە کوردستان بە زمانی ئینگلیزی، وەك زاذ کۆی (کورد ستان، ئیـ شق، جیهان،...هـ تد). یان ز یادبوونی لـ قی زاذ کۆ بیانییەکان بە زمانی ئەمریکی و فەرەنسی و ... هتد.

3- زیادبوونی فیلمە سینەماییەکانی سەر کەناڵەکان و بەرنامەی زۆر بەسوود، کە بە زمانی ئینگلیزین، هەروەها پەیدابوون سەتەلایت و کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و دی ڤی

دی و ڤیدیۆ سی دی و مۆبا یل و چەندین داهێنانی نوێ کە زۆربەی زاراوەکانیان بە زمانی ئینگلیزییە، وای کردووە، کەوا زمانی ئینگلیزی ببێتە یەکەم زمانی دیانی بۆ زمانی کوردی.

## - فەرهەنگی وشەی زمانی کوردی:-

فەرهەنگ تۆمارگایەکە بۆ وشەکانی زمان بە پێی پەیڕەوێکی تایبەتی .کتێبێکی سەرچاوەییەو وشەو زاراوەی تایبەت بە زمانێکی دیاریکراوی تێدایە و بە شێوەیەکی تایبەتی و بە پێی پیتی ئەبجەدی ڕێکخراون، لەگەڵ پێناسینی هەر وشەیەك و بە دیار خستنی هاوواتا کەی لە هەمان زمانداا، جگە لە ڕیزکردنی و شە و شیکردنەوە و لێکدانەوەی واتا، گەلێ جاریش زانیاری تەواوی دەربارەی فۆنۆلۆژی و مۆڕفۆلۆژی و سینتاکس و ئیتیمۆلۆژی والاکراوە.

ئەرکی سەرەکی فەرهەنگ، یارمەتی دان و ناساندنی وشەو پێناسی وشەیە بە کەسێك کە شارەزایی تەواو یا هەر ناسیاوی لەگەڵ وشە یا وشەگەلێك نیە. (کاتێك کەسێك لە کتێبێك یا لە زمانی کەسێکەوە وشەیەك دەبیستێ و مانای ئەم وشە نازانێ پەنا بۆ فەرهەنگ دەباو فەرهەنگ وەك پشت و پەنایەك دەبێ دەستی بگرێ و داواکەی بۆ بەجێ بێنێ و ناسیاوی تەواو بدا بە خوێنەر) (عەلی نانەوا زادە:1380: 8).

بە بۆ چوونی (وانیرا یش): (فەرهەنگی زمان پێکهاتە یەکی ناوخۆیی هە یەو بە ڕەنگدانەوەی پێکهاتەی سینتاکسی کۆتایی دێت) (کوروش سەفەوی: 2006: 32) ئەگەر هاتوو لەسەر بنچینەیەکی زانستی بنیاد نرابوو، ئەوا سوودێکی زۆری لێ وەردەگیرێت، لێرەدا دەکرێ لە چەند خاڵێکدا، سوودەکانی بەکارهێنانی فەرهەنگ کورت بکرێنەوە:

(1- پارێزگاری کردن لە مانەوەی وشەکانی زمان.

2- توانا بە زمان دەبەخشێ تاکو لەگەڵ ڕەوڕەوەی زانست و هونەر پێشبکەوێ.

3- ئاشکراکردنی واتای وشە نادیار و لێڵەکان.

4- زانینی نەژاد و داڕشتنی وشەکان.

5- زانینی مێژووی وشەکان و گەشەکردنیان، جیاوازی لە چۆنیەتی بەکارهێنانیان.

6- هەڵوەستەکردن لەسەر ئەو وشانەی کە لە بەکارهێنان کەوتوون.

7- ناسینی خاوەن وتەی بەڵگەیەك لە بەڵگەکان.

8- ناسینی پێکهاتەی وشە قسەکردن- نوسین.

9- ڕێکخ ستنی ڕا ست ودرو ستی و شە بەپێی ڕە چەڵەك و گەردانکردن) (د. سلمی برکات:2005: 74).

نابێ فەرهەنگی زاراوەی زمانەکەمان، هەر هەمووی وشەی کوردی ڕەسەن بێ، نا شکرێ چاومان بە هەچ وشەیەکی تر بکەوێت کە هی زما نانی تر بێت، سڵی لێ بکەینەوە، بە تایبەتی لە قۆناغی ئێستادا، کە هیچ زمانێك لە سنوورێکی تەسکی خۆماڵیدا گەشە نا کات. ((جگە لە مەش شوێنی کورد ستان و مێژووی چەند هەزار ساڵەی گەلی کورد کارێکی وەهایان کردووە ژمارەیەکی زۆر وشەی بێگانە بە تایبەتی ( عەرەبی و فار سی و تا ڕادە یەکیش تورکی) تێکەڵی زمانە کەمان بن)) (ئەنجوو مەنی کۆڕ:1973: 420).

((هەبوونی زاراوەی دراوسێ لە فەرهەنگی زاراوە سازی کورد یدا، ئەگەر بە پێی پێویستی زمانەکەمان بێ، دیاردەیەکی خۆڕسکی سروشتییە، نیشانەی دواکەوتوویی گەلە کەمان و بێ پێزی و هەژاری زمانە کەمان نییە، بەڵکو نیشانەی زیندوو یەتی زمانەکەمانە)) (ڕۆژان نوری عبدالله:2007: 142).

(( هەر زمانێك فەر هەنگێکی بنەڕەتی خۆی هە یە، کە کۆ مەڵ لە سەری ڕێککەوتوون، بۆ ناولێنانی شت و دیاردە کانی دەورو بەر، فەرهەنگی بنەڕەتی هەر زمانێك جیاوازە لە فەرهەنگی بنەڕەتی زمانێکی دیکە، تەنانەت ئەو زمانانەش کە سەر بە یەك بنەما لە و ڕە چەڵەکن، ئەو و شانەی کە لەو فەرهەنگەدا هەن خۆ ماڵین و بەسەرچاوەی یەکەمی وشە دادەنرێن لەو زمانەدا)) (سەرچاوەی پێشوو: 351).

یەکەمین فەرهەنگی کوردی، فەرهەنگێکە کە بە دوو زمان نووسراوە، کە بە زمانی کوردی بە هۆنراوە دانراوە. کاروانی فەرهەنگنووسی کوردی لە دوای (نۆبار)ەوە تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم زۆر بە خێرایی نەڕۆیشتووە. تا ئەو کاتە لە فەرهەنگی (ئەحمەدی) شێخ مارفی نۆدێی (1795) و (الهدیة الحمیدیة فی اللغة الکردیة) ی زیا ئەدین پاشا (1893-1894) ی زایینی بترازێ: هیچ فەرهەنگێکی وامان بەرچاو ناکەوێ، شایانی باسکردن بێ.

**فەرهەنگی وشەی زمانی کوردیش، لەم وشانەی خوارەوە پێکدێت:-**

**1.وشەی ڕەسەن:-** ((ئەو وشانەن کە لە سەدەی نۆیەمی دوای زایینیەوە تا ئەمڕۆ پەیدابوون )) (ئەو ڕەحمانی حاجی مارف : 1975: 36 ). زمانی کوردی زمانێکی سەربەخۆیە

و خاوەنی یاسا و ڕێساو دەستوری زمانی خۆییەتی و هەر بۆیەش دەبینین هەندێ لەو وشە پەتیانەی کە لە زمانی کوردیدا بەرچاومان دەکەوێت لە هیچ زمانێکی تردا بەدی ناکرێت وەك وشەی: دایك  باوك  شاخ  دار -.........هتد، بوونیان لە زمانێکی تردا، ئەوە نیشان دەدەن، کە لەزمانی کورد یەوە وەرگیراون وا تە زۆر بەی وشەکانی ز مانی کوردی و شەی ڕە سەنن کە خا سیەتی تای بەتی خۆ یان هە یە و کەرە سەی سەرەکی زمانی میللەتی کوردە.

## 2.وشەی هیندۆ ئەورووپی:-

((لەنێوان وشەی کوردی و ئێرانیدا وشە هەن کە بنجی هیندۆئەوروپاییان هە یە، وەك: برا، زاوا، برۆ، نوێ،...و گەلێکی تر)) (ئەورەحمانی حاجی مارف:1975: 38).

هەروەکو وتمان زمانی کوردی سەر بە بنەما ڵەی هیندوئەوروپییەکا نە، ئە مەش ئەوە دەسەڵمێنێت کە و شەی زۆری هیندو ئەوروپی لە زمانی کورد یدا بەدی دەکرێت (( چونکە هەر دا بەش کردنێ کی ز مان لە سەر بذ چینەی خاڵی لێک چوون و ج یاوازی دەکرێت جا بۆیە هەندێ وشەی هاوبەش بەرچاو دەکەوێت کە لەم خشتەیەدا دەخەینە ڕوو:

| کوردی | فارسی | هیندی | ئەڵمانی | ئینگلیزی | ئیتاڵی | فەرەنسی |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| نۆ | نه | نۆ | نۆین | ناین | نۆڤین | نۆف |
| دوو | دوو | دوی | ترڤانی | توو | دوی | دوی )) |

(غازی فاتح وەیس:1987: 33).

## 3. وشەی ئێرانی:-

لە نێوان وشەی ڕەسەنی کوردیدا گەلێك وشەی گرنگ هەن کە بە ڕە گەز ئێرانین. ئەو جۆرە و شانە مێژوو یەکی کۆن یان هە یە و بە نسبەت ز مانی کوردی و زما نە ئێرانیەکانی تر میراتیەکی گرنگ و بەنرخن ئە سەری ئێرا نی بەتایبەتی لە ژمارە و جێناودا دەبینرێ، وەك:(( یەك، دوو، سێ،...حەوت، دە ،... تۆ، ئەو، کێ، چی...) هەروەها گەلێك و شەی وە ها بەر چاو دە کەون کە لە فار سی و کوردی و ئەفغانی و تاجێکی ......... دا یێك دەچن، بەڵام هیچ پەیوەندیەکیان بەیەکەوە نیەو لە دروست بونیاندا پێکەوە نەبەستراون و بەشێوەیەکی سەر بەخۆ لەسەر بناغەی ڕەگ و پێشگرو پاشگر وەرگیراون وەك:

| کوردی | فارسی | تاجیکی | تاتی | بلوجی | تاڵیشی | ئەفغانی | ئۆسێتی |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| ڕۆژ | روز | رووز | روز | ڕۆچ | رووژ | روەدز | رودزەنگ)) |

( ئەورەحمانی حاجی مارف :1975
:36).

(کورد سەربە بنەما ڵەی هیندوئەوروپیەکا نە و لە خێزا نی ئارییەکا نە کە زما نە ئارییەکانی وەك: فارسی، بلوجی، ئەسیتی، پەشتو، کوردی...دەگرێتەوە) (محمدمعروف فەتاح:1990 :150 ). ((بۆ یە بوونی هە ندێ و شەی هاوبە شی لەنێوان ئەو زمانا نەدا شتێکی ئاساییە و ئەرك ناخاتە سەر قسەپێکەرانی کورد چونکە نامۆیە لەلایان. ئەم هاوبەش و لێکچوونە لە زمانانی ئێرانی بەرچاودەکەوێت)) (غازی فاتح وەیس :1987: 34 ).

## 4.وشەی عەرەبی:-

بەهۆی ئیسلام بوونی کورد لەسەردەمی خەلیفە عومەری کوڕی خەتاب، هەروەها بەهۆی دراوسێیەتی و تێکەڵاوی کورد لەگەڵ عەرەب دا، دەبینین گەلێ وشەی عەرەبی کەوتۆتە ناو زمانی کوردی. کوردیش زۆربەی ئەو وشانەی کە وەری گرتووە، زیاتر لە زمانی عەرەبییەوە بووە وەك لە زما نانی تر چونکە نەتەوەی کورد کاریگەربووە بە ئاینی ئیسلام، هەروەها زمانی کوردی ماوەیەکی زۆر لەژێر کاریگەری زمانی عەرەبی دا بووە و بە حوکمی ئاینی ئیسلام و دەسەڵاتی عەرەب بەسەر هاوڵاتیانی کوردەوە، ئەمە بێجگە لە نزیکی کلتورو باری سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیری و...هتد. لەگەڵ ئەوەش بە شێك لە کلتوری عەرەبی کەوتۆتە ناو زمانی کوردییەوە، بەتایبەتیش زۆربەی ئەو وشانەی کە پەیوەندییان بە ئاینی ئیسلامەوە هەبوو، وەك: تەفسیر، حەج، وەهم، حۆری، تەقلید، مەزهەب...هتد.

((ڕێ کەوتی وە هاش زۆرە کە و شەیەکی عەرەبی بە جۆرێك هاتۆتە زمانی کوردییەوەو بە شێوەیەك دەسکاری کراوە و تواندراوەتەوەو بەرگێکی کوردی وەهای بەبەردا کراوە کە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی تەواودا هەستی پێدەکرێ و ڕوون دەبێتەوە و دەردەکەوێ، کە ئەو وشەیە بە ڕەسەن کوردی نییە، وەك: وشەی (متمانە) لە (مطمئن) و (تام) لە (طعم) و (مەشخەڵ) لە (مشعل) و (سات) لە (ساعە)وە وەرگیراوە)) (ئەورەحمانی حاجی مارف:44:1975). جگە لەمەش بە جۆرێکی تر دەسکاری

دەنگەکانیان کرا ( چونکە لەگەڵ سروشتی زمانی کوردی نەدەگونجا، وەك: (ث، ص، ض، ط، ظ، ذ) کە تەنها (س، ت، ز) وەرگیراون) (ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم:1983: 8).

دوای ئەمەش بە شێکی کورد ستان بە پێی ڕێککەوتن نا مەی ( سایکس بیکۆ) کەوتە ژێر دەستی عەرەب و کەوتە بەر شالاوی ململانێی زمانی سیاسەت و دەسەلاتی عەرەبی بە خوێندن و نووسینەوە. ((سیاسەتی بە عەرەب کردنیش هۆکارێکی تر بوو بۆ هاتنە ناوەوەی زۆر لە وشە عەرەبییەکانی وەك: ئیدارە، ئیدقیلاب، ئیسراحەت، بەدالە، ئیعدام، ئیمزا، بیتاقە، حاکم، حیزب، رەسمی، سەفەر،...هتد)) (عبدالواحد مشیر دزەیی:2006: 4) .

## 5.وشەی تورکی:-

(( چۆن لە ئەنجامی دراو سێتی و تێکەلاوی کورد لە گەڵ فارس و عەرە بدا، ژمارەیەك وشەی فارسی و عەرەبی کەوتونەتە زمانی کوردیەوە هەر لەو ڕێگەیەشەوە گەلێك وو شەی تورکی هاتونە تە زمانی کورد یەوە، وەك : (( قەرەبالغ ))، (( قاتر))، ((چوخم ))، ((یاپراخ ))، (( دۆڵمە )) ...هتد)) (ئەورەحمانی حاجی مارف :1975 :44) .

( بوونی و شەی تورکی لەناو زمانی کوردی دا دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی حکومڕانی عوسمانیەکان لە کوردستاندا، کە ماوەی 500 ساڵێك حکومڕانیان کرد) (نەسرین محمد فخری:1987:23)، کوردستانیش تا ماوەیەکی زۆر لەژێر حکومڕانی ئەوان دابوو، بۆیە گەلێ وشەی تورکی لە نێو زمانی کوردیدا بەچاو دەکەوێت و وشەکانی وەك: جەندرمە، قەرەداغ، قوشتەپە، قەرە هەنجیر، ئۆغر، قوزەڵقورت، پاقلاوە، قاپی، باجی، دۆندرمە، تەکیە، قاڵی، قوتی،.....هتد کە لەزمانی کوردی و زمانەکانی هیندۆ ئەوروپیدا بەرچاومان ناکەوێت.

## 6. وشەی جیهانی:-

زاراوەی جیهانی لە فەرهەنگی نەتەوە پێشکەوتووەکان و (ئینسکلۆپیدییەی) جیهانیدا بەوە پێناسە کراوە، کە واژەیەکە ئەمڕۆ لەلایەن نەتەوە پێشکەوتووەکانەوە بۆ یەك واتای زمانی و تاقە مەبەستێکی شارستانی و یاخود ڕۆشنبیری و دەربڕینی ئەرکێکی یەکگرتوو بەکار دەهێنرێ. وەك زاراوەی (تەلەفۆن) لە هەموو جیهاندا و لە نێوانی هەموو نەتەوەکانی سەر ئەم زەمینە بۆ گەیاندنی واتاو مەبەست و ئەرکێکی تایبەتی بەکارهێنراوەو هەر ئادەمیزادێکی خاوەنی ڕادەیەك لە ژیانی کە بییستێ یەکسەر لێی تێدەگاو دەزانێ ئەم زاراوەیە ناوێکە بۆ ئامێرێکی تایبەتی جیهانی کە

خەڵکی لە پێناوی پەیوەندی کردنیا ندا بەهۆی گفتوگۆوە بەکاری دەهێنن (کامل حسن البصیر:1979: 114).

ئەو و شانەن کە لە ئەنجامی داهێنان دا درو ست بوون و زۆر بەکاردەهێنرێن، ئە مەش دەبێتە هۆی دەوڵەمە ندکردنی فەر هەنگی زمانە کەو، گەلێ جاریش سنوری زمانەکەی خۆیان دەبەزێنن و دەچنە نێو زمانانی ترەوە. ئەم زاراوانەی کەلەزمانانی تر وەردەگیرێن، دەبێت بۆ هەمان مەبەست بەکاربێن. لەهەر کاتێکیشدا کەوشەیەکی لەبار لەبەرامبەریدا دۆزرایەوە، دەتوانرێ لەشوێنی دابنرێت، لەزمانی کوردی دا ژمارە یەکی زۆر زاراوەی جیهانی بەکاردێ، وەك زاراوەی: سیستم، کۆمۆنیزم، مۆدێل، مۆدێرن، ئەکتەر، مۆرفۆلۆجی، کلتور، جینۆساید، جیۆلۆجی، تەکنەلۆژیا، پرۆسە، دیگیتاڵ، فۆرم، بایۆلۆجی، لۆجیك، سکرتێر، دکتاتۆر، ماتماتیك،...هتد.

(بەکارهێنانی ئەو وشانە کە لە دراوسێکانیشەوە وەری دەگرین (کە هەندێك بە وشەی بیانی ناو یان دەبەن) ئەگەر لە جێگەی پێویستی خۆیان دابوون هیچ کارێك ناکاتە سەر زمانەکە، بەڵام ئەگەر توانیمان وشەیەکی کوردیی خۆماڵی لە جێگایا ندا دابنێین و و شەکە چەسپاو، لەگەڵ زمانە کە ڕێککەوت و لە ناو خەڵکیدا بلاو بۆوە پێویست بەو و شانە نا کات، وا تە نابێ بەبێ هۆ و شەی ئەو زمانا نە وەربگیرێ و بەکاربهێندرێ) (ڕۆژان نوری عبدالله:2007: 274)، بەڵام ئەگەر پێویستی زمانەکەمان ها تە پێشەوە بۆ وەرگرتنی زاراوە، لە زمانی کوردیدا بەرانبەر بە هەمان وا تا وشەی کوردی ڕەسەنمان دەست نەکەوت، دەتوانین ئەو وشەیە لە زمانە دراوسێکانەوە وەربگرین، یاخود (بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە زاراوەی جیهانی بەکاربهێنین و بە وەرگرتنی هەر یەکێکیان کارێکی باش دەکەین ، چونکە هەمەڕەنگی سەرچاوەکانمان دەردەخات، پشت نەبەستن بە یەك سەرچاوە کارێکی ناپەسەندە و لەگەڵ ئەو زاراوە کوردییانەدا کە خۆمان دروستیان دەکەین، زمانەکەمان دەوڵەمەند دەبێت) (سەرچاوەی پێشوو: 275).

(ڕاستییەك هەیە دەبێ هەمووان بزانین شتێك نییە تەواو پەتی بێت، هەموو زمانێك دەبێ لەگەڵ زمانەکانی تر بڕوات، زمانی کوردی بۆ ئەوەی شانبەشانی زمانەکانی تر بڕوات وا تە کەڵك لە شارستانییەت و پێشکەوتنی زمانەکانی تر وەربگرێت، چوارڕێگای لە پێشە: وەرگرتنی وشەکە وەکو خۆی ، یان تەلەفوزکردنی بە پێی فۆنۆلۆژی زمانەکە وەك کتاب بۆتە کتێب، یان وەرگێڕان، یان فراوانکردنی واتای وشەکان یان داڕشتنی وشەکە بە پێی سوود وەرگرتن لە زمانەکە خۆی) (یوسف شریف سعید: 2001 :71).

**زۆرجار لە بەرانبەر هەندێ زاراوەی جیهانیدا، هاوواتای کوردی هە یە، کە ئەمڕۆ هەردووکیان لە زمانی کوردیدا هاوشانی یەکتر بەکاردەهێنرێن تا بە تەواوی یەکێکیان جێگیر دەبێت و دەبێتە وشەیەکی سەربەخۆ، وەك:-**

**پسپۆڕ - شارەزا**

**سۆسیۆلۆژی - کۆمەڵناسی**

**ڕیفراندۆم - ڕاپرسی**

**سایکۆلۆژی  دەروونناسی.**

# بەشی سێیەم

# بەشی سێیەم

## وشه خواستن لەزماندا:

لە سەر ڕووی ئەم زەمینەدا زمانێك نادۆزینەوە، كە كاریگەری زمانی بێگانەی لەسەر نەبێت و سوودی لە زمانانی تر وەرنەگرتبێت، واتە هیچ نەتەوەیێك نیە هەڵگری زمانێك بێت كە هەموو وشەو زاراوەكانی هی زمانە ڕەسەنەكەی خۆی بێت، بەڵكو بە شێوەیەكی ئاسا گەلێ زاراوەو و شەی نوێ باو دێتە ناو زمانەكەیەوە، زمانی كوردیش هاو شێوەی زمانانی تر وشە و زاراوە دەخوازێت و بەكاری دەهێنێت لە زمانەكەیدا.

زمان یەكێكە لە بنچینە سەرەكیەكانی پێكهاتنی كۆمەڵ. (دیاردەیەكی زیندووە و بەشێكە لە كۆمەڵ) (فردينان دى سوسير: 1985 :27 )، هۆیەكە بۆ دەربڕینی بیر و باوەڕ و هەست و سۆزی كۆمەڵ، ئامێری پەیوەند یەتی و، دەرهاوێشتەی پێداویستیەكانی ژیانی كۆمەڵایەتی یە. لەلایەنی سیاسی و ئابوری و ئاینیەوە سیماكانی كۆمەڵ دەگۆڕێ، هەروەها كلتور و ڕۆشنبیری و مێژووی میللەتێك دەپارێزێت و نەوە لە دوای نەوە بۆیان دەگوێزێتەوە.

زمان لەگەڵ گۆڕانی خێرای زانیاریدا، لە هەموو ڕوویەكەوە گەشەدەكات بۆیە دەتوانین بڵێن دیاردەیەكی كۆمەڵایەتی یە و ڕوو بەڕووی هەموو ئەو گۆڕانكاری و پێشكەوتنانە دەبێتەوە كە كۆمەڵ ڕوو بەڕووی دەبێتەوە، ( لە ڕووی گەشەكردن و پێشكەوتنەوە كۆمەڵێك هۆكاری تێدەكات كە گرنگترینیان ئەمانەن:

1- گواستنەوەی زمانێك لە نەوەی ڕۆیشتوەوە بۆ نەوەی داهاتوو.

2-كارتێكردنی زمانێك بەسەر زمانێكی تر یا دیالێكتی چەند زمانێكەوە .

3-هۆكاری كۆمەڵایەتی و دەروونی و جوگرافی وەك شارستانیەتی نەتەوەیەك و داب و نەریت و ڕۆشنبیری و ڕێبازی فیكری و ویژدانی ....

4-هۆكاری ئەدەبی بەمەبەستی ئەوەی مێشكی قسەكەرانی زمان وەریدەگرێ، هەروەها هەوڵی كۆڕە زمانەوانیەكان و هەندێ لایەنی تر كە زمان دەپارێزن و بەرزی دەكەنەوە) (على عبدالواحد الوافى :1945: 249 ).

بە مەش لە گەڵ پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژیادا، فەرهەنگی وشەکانی زمان هەمیشە لە گۆڕان دا دەبێت، بۆیە لە نێوان چەمکە زانستیەکان و ژمارەی وشەکان، یەکچینی و هاورێژەیی بەدی ناکرێ، لە ئەنجا مدا وشەکان لەوکا تەی کە جموجۆڵی ئاڵوگۆڕکردنی نێوان زمانەکان کارا دەبێت، دەخرێنە ناو قاڵبی خواستن، لەپاڵ وشەی خۆماڵی ژمارە یەکی یەکجار زۆر وشە و زاراوەی نوێباو وەردەگیرێن و بڵاو دەبنەوە، بەمەش فەرهەنگی وشەکانی زمان دەوڵەمەند دەبێت.

خواستن، واتە هەڵگرتنەوەو بەکارهێنانی کەرە ستە زمانیەکان (فۆڕم و واتا) لە زار و زمانێکی تردا. (خواستن لای زانا یانی ڕەوانبێژی گۆڕینی واتای وشەیەکە، لە واتا سەرەتاییەکەوە بۆ واتایەکی نوێ) (جمال عبدول : 2008 : 64 ).

کاتێك مرۆڤ وشەیەکی بیانی دەخوازێت و لە زمانە کەی خۆیدا بەکاری دێنێت، هەوڵ دەدات لە ڤ سەکردن یان لە نو سیندا، چ لە ڕووی دەنگەوە، چ لە ڕووی داڕشتنەوە، بیگونجێنێت لەگەڵ زمانە ڕەسەنەکەی خۆی. بە مەش وشە خوا ستراوەکە، لەناو ئەو کۆمە ڵەی کە خوا ستوویەتی، بە ئا سانی گفتو گۆی پێ دەکرێت و بڵاو دەبێتەوە و شێوەی ئاسایی وەردەگرێت، بە دەگمەن وشەی خوا ستراو بێ دە سکاری، لەسەر شێوە ڕەسەنەکەی خۆی دەمێنێتەوە، تەنها لەلایەن ئەو کەسانەوە دەبیسترێ کە شارەزایەکی تەواویان لە چۆنیەتی وتنەوەی وشە خوا ستراوەکە هە یە، یان هە ندێجار لەلا یەن دەزگاو کۆڕە زانستییەکان، لەکاتی خوا ستنی زاراوە یەکی زانستی، هەوڵ دەدەن وەکو خۆی بەکاریبهێنن.

((ئە گەر چاوێك بە ڕۆژنا مەو گۆ ڤارو کتێ بە کوردیە یەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم بخشێنین و، سەیری وشە عەرەبییە خواستراوەکان بکەین، لە گەڵ ڕێژەی وشە عەرەبیە یە خوا ستراوەکانی ئێ ستا بەراورد بکەین، کە لەلا یەن نوو سەر و ڕۆژنا مە نوو سانەوە بەکاردەهێنرێت، گۆڕانێکی بەر چاو بەدی دەکر ێت)) (کا مل حـ سن البصیر:1979: 48)، ئێستا لە جیاتی وشەکانی وەك: (وەزن و قافیەو بەیت و قانون و عالیم و قەوم و شیعر و مەعهەد و اعدادیە و بەلاغە و سیاسەت...هتد)، وشەی کوردی پەتی بەکاردەهێنرێت، وەك وشەکانی: کێش و سەروا و دێڕ و یاسا و زانا و نە تەوە و هۆنراوە و پەیمانگا و ئامادەیی و ڕەوانبێژی و ڕامیاری...هتد).

وشە خوا ستن لە زما ندا دیاردە یەکی سرو شتی یەو لە توا نای هیچ کە سێك دانیە، تەنا نەت دە سەڵاتیش ناتوانێت ببێتە ڕێگر لە هاتنە ناوەوەی وشە بۆ ناو زمانی خۆماڵی. بۆ نموونە: ئەوروپییەکان لە سەرەتای سەدەی بیستەم دا، دیاردەی

وشه خواستنیان بۆ ناو زمانی خۆماڵی، به نیشانەی دواکەوتوویی زمان دانەدەنا، بەڵکو باوەڕیان وابوو، که ئەمه کارێکی ڕۆشنبیری و گۆڕینەوەی زانیارییه. کاتێ که هه ندێ نه تەوەی ناو چەیی له ئەوروپا ها ته کا یەوه، د یاردەی تو ندو تیژی لەلا یەن خەڵکه که دروست بوو، هه ندێ له سەرکردەکانیان هێز و توا نای خۆ یان بەکارهێنا، تاوەکو زمانەکەیان پاك بکەنەوه له هەموو وشەیەکی بێگانه. ( (هیتلەر) له ئەڵمانیا و، هەروەها هەندێ له دەسەڵاتدارانی ڕووسیای سۆڤیەتی و، له وڵاتی تورکیاش (مستەفا کەمال ئەتاتورك) بەم کاره هەڵسان، بەڵام ئەنجامی کارەکانیان بێ سوودبوو) (ابراهیم انیس:1972: 119).

((خواستن ئەگەر هەڵقوڵاوی پێویستییەکان بێت، ئەوا هیچ زیانێك به زمانه که نا گەیەنێت، دیاردەیەکی سروشتی یه، نیشانەی دواکەوتوویی زمان ناگه یەنێت، بەڵکو به زمانێکی زیندوو دەژمێردرێت. هیچ گەلێکیش به تێکەڵاوی چەند وشەی بێگا نه له زمانەکه یدا توو شی هیچ زیاذ یێك نابێ و توو شیش نەبووه)) ( هەژار:1974: 285). (( چونکه لەم قۆنا غەدا که ژ یانی ڕوو ناکبیری و زانست و کۆمەڵا یەتی و ئابووری و سیاسی...ی میللەتی کورد له برەو دایەو تێکڕای جیهان له پێشکەوتن دا یه، بێگو مان ز مان پێوی ستی به و شەی نوێ دە بێ و ڕۆژ به ڕۆژ و شەی نوێ پە یدا دە بێ)) (ئەورەحمانی حاجی مارف:2000: 4).

هەروەك چۆن ز مانی کوردی، و شه و زاراوەی له زما نانی ترەوه خوا ستووه و لەناو زمانەکه یدا ڕەگ یان داکوتیوه و جێگەی خۆ یان کردۆ تەوه، زما نانی تریش به هەمان شێوه هه ندێ و شەی ڕه سەنی ز مانی کوردی له فەر هەنگی نه تەوەیی زمانەکەیا ندا ڕەگ یان داکوتیوەو جێگیر بوون، هەربۆ یەش ئەم دیارده یه به ڕێ و شوێنێکی پەسەند دادەنرێت بۆ کەڵك لێك وەرگرتن و ئاڵوگۆڕکردنی وشەی خۆماڵی و بیانی.

هەر لەو ڕۆژەوەی کورد له ناوچەکەدا پەیدا بووه، لەگەڵ چەندین گەل و نەتەوەی وەك: (فارس، ئاشوریی، کلدانیی، ئەرمەنیی، یۆنانی، عەرەب، مەغۆڵ، تورك، ئازەر، بلوچ) تێکەڵ بووه. له بەر ئەوه هەر له کۆ نەوه هێ ندێ و شەی ئەو زمانا نه تێکەڵ بەیه کدی بوون. (( هەروەك هێ ندێ و شەی ئەو زمانا نه له ز مانی کورد یدا، جێگەی خۆیان کردۆتەوه، بەهەمان شێوەش، هێندێ وشەی ڕه سەنی کوردیش، له فەرهەنگی نەتەوەیی ئەو زمانا نەدا جێگیر بووه)) (حوسێن محەمەد عەزیز:2005: 451). ((بۆ نموو نه ز مانی عەرەبی و شەی (ا لمرج) و( ا لمروج) ی له و شەی (م ێرگ) ی کوردی یەوه خوا ستووه، و شەی (خندق) ی له و شەی (که نده) ی فارسییەوه پێکهێ ناوه، و شەی

(الفردوس)ی لە وشەی (پەرەدایس)ی یۆنانییەوە خواستووە (كامل حسن البصیر:1985: 21). هەروەها وشەی (زفاف)ی لە وشەی (زەماوەند) ی کوردییەوە وەرگرتووە بەم شێوەیە: زەماوەند > زەڤاڤەند > زەفافەند > زەفافە > زەفاف > زفاف، کە بە واتای شەوی بووکێنی دێت ( جەمال نەبەز:2008: 366). هەروەها (زمانی تورکیش وشەی (زۆر)ی لە کوردییەوە وەرگرتووە، هەروەك خۆی بە شێوەی (زۆر–zor) بەکاری دێنێت) (سەرچاوەی پێشوو:368).

## - هۆکارەکارەکانی خواستن:-

خواستنی وشەی زمانان پێویستییەکی سروشتی یە، لەبارودۆخی ئابووری و کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری و زانستی یەوە سەرهەڵدەدا، هەرچەندە بە شێکیان لە سەرەتادا بەگران دێنە بەرچاو، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات، لە ئەنجامی زۆر بەکارهێنان وردە وردە جێگیر دەبن و پەرە دەسێنن، فەرهەنگی زمانیش بەهۆیانەوە دەوڵەمەند دەبێت.

خواستن کاتێك دێتەکایەوە، کە کەسێك زیاتر لەزمانێك شارەزابێ و زمانێکیان زیاتر زاڵبێ بەسەر ئەوی تردا (بە هەر هۆکارێ بێت)، ئەمەش دەبێتە هۆی هاتنە ناوەوەی کەرەستەی زمانە زاڵەکە بۆ ناو زمانی ڕەسەن .

بە گشتی هۆکارەکانی خواستن بە دوو شێوە بەدی دەکرێت لە زماندا، ئەوانیش:

1–خواستنی بە ئارەزوو.

2–خواستنی سەپێنراو.

## 1- خواستنی بە ئارەزوو:

خواستنی بە ئارەزوو لە ئەنجامی هەڵوێست دەبێت، واتە کاتێ کە وشەیەکی بێگانە لە زمانەکەماندا پەیدادەبێت، بە ئارەزووی خۆمان دەیگۆڕینەوە بە وشەی زمانێکی بێگانەی تر، چونکە هەست و هەڵوێست و بۆچوونمان جیایە لە وشەی یەکەم، وەك وشەی (مطعم) چونکە تاقیکردنەوەیەکی خراپمان لەگەڵ ئەو نەتەوەیە هەیە، کە بە نەتەوەیەکی داگیرکەری کورد دادەنرێت، بۆیە دوای ڕاپەڕین، وشە عەرەبییەکان بە لێشاو گۆڕدرانەوە بۆ وشەی کوردی و وشەی بێگانەی تر، یەك لەوانە وەك:(مطعم) بۆ (خواردنگە–چێشتخانە– ڕێستورانت)، بەڵام بەرانبەر بە ئەوروپییەکان ئەو هەڵوێسە خراپەمان نییە، بۆیە ئاساییە لە لامان کە وشەکانیان لێ وەربگرین.

((بوونی ئەو ئارەزووەی کە لە مرۆڤ دا هەیە، بە لا سایی کرد نەوە ناو دەبرێت)) (ڕۆژان نوری عبداللە:2007: 143). یەکێ کە لە هۆکارە کانی و شە خوا ستن لە ز مانی بێگا نەدا. لە ئەنجامی گە شەو گۆڕانی و شەوە سەرهەڵدەدات. وا تە لێرەدا مرۆ ڤ بە ئارەزووی خۆی و بیٚ بوونی هۆ کارێکی پێویست، پەنا بۆ ئەو دیاردە یە دە بات و، کەرە ستەی ز مانی (وا تاوفۆرم) لە ز مانی بێگا نە دەخواز یٚت و بەکاری دەهێن یٚت لە زمانەکەیدا. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەربون و حەزکردن بەلا سایی کرد نەوەی ئەو زمانە بێگانەیەی کەئا ستێکی زانستی و ڕۆ شنبیری بەرزیان هە یە، بەتا یبەتی بەهۆی مەیلی خۆدەر خستن و خۆ جیاکردنەوە لە کەسانی ئا سایی، بۆ نموو نە لە قۆ ناغێکی م یٚژوویی د یاری کراودا، ئەر ستۆکراتەکانی (ڕووس) ز مانی (فەڕەن سی ) یان بۆ گفتوگۆکردن بەکارهێناوە. هەرچەندە هەندیٚ لەو وشەو زاراوا نە، هاوواتا یان لە زما نە ڕە سەنەکە دە ست دە کەویٚت، لە گەڵ ئەوە شدا و شە خوا ستراوەکە هاو شانی و شە ڕە سەنەکە دەڕوات لە ئەنجا مدا یەکێکیان شوێن بەوی تر یان لەق دە کات. هە ندیٚ جاریش هەردوو و شەکە (ڕە سەن و بیانی)یە کە وەك یەك بە هەمان وا تا لە زمانە کەدا بەکاردێن، بەڵام بە ڕادەو پلەی جیاواز.

((وەر گرتنی زاراوە لەلا یەن تاکە کەس , سەرەتا وە کو کارێکی تاکی دە ست پێدەکات دواتر کۆمەڵ و کە سانی دیکەش لەوانە یە وەریبگرن و بەکاری بهێنن ببێتە موڵکی هەموو کۆمەڵ، ئەو کا تە دەبێتە ڕە گەزێك لە ڕە گەزەکانی ئەو زما نە کە وەری دەگرێت)) (سەرچاوەی پێشوو : 130 ).

خوا ستنی و شە و زاراوە، زۆر بەی جار هەڵقووڵاوی پێوی ستییەکانی ژیا نە. ((پێوی ستییەکانی ژ یانی مرۆڤ و کۆ مەڵ، لە گەڵ پێ شکەوتن و گۆڕانی کۆمە ڵدا دەگۆڕ یٚت و ز یاد دە کات و پێویستی تازەی ژیانی کۆ مەڵ لە گە شەو گۆڕانیدا دیٚتە کایەوە، ئەو پێویستییانە، پێویستیان بە زمانی دەربڕین هە یە، وا تە زمانێك دەبێت لەگەڵ ئەو گۆڕان و پێشکەوتنەدا بگونجێت)) (ڕەفیق شوانی :1998:19)، یان دەگەڕێتەوە بۆ ڕادەی سەر سام بوون و کاریگەربوون بە ز مانی لیٚ خوا ستراو، بەتا یبەتی ئەو کەسانەی کە سەرەڕای زمانی زگماکیان، شارەزاییان لە زمانی تریشدا هە یە. بۆیە ڕەنگە شێوەی زمانەکەی بگۆڕێت و زاراوەکانی لەگەڵ زمانە ڕە سەنەکەی خۆی تێکەڵ بکات.

(بۆیە گۆڕانی زمان هەندیٚ جار دەگەڕێتەوە بۆ کاری دوو زمان یان زیاتر لە سەر یەکتری. ئەوانەی فێری زمانێکی بێگانە دەبن دیارە بەر لە مەش زمانی دایکی خۆیان

دەزانن.ئیذ جا یان ز مانی دووەم بە تەواوی فێر نابن یان زمانە کەی خۆ یان دە گۆڕێ) (محمد معروف فتاح:1990: 104).

## 2-خواستنی سە پێنراو و هۆکارەکانی:

ئەم دیاردەیەش لە ئەنجامی ململانێی زمانەکانەوە ڕوودەدات. واتە زمانێکی زاڵ و بەرز وشەو زاراوەی خۆی بسەپێنێت بەسەر زمانێکی نزم و بەزیو. سەپاندنی وشەی زما نانی بێگا نە بە سەر ز مانی کورد یدا (بە هەر هۆکار ێك)، ڕۆڵێکی مەزنی بیذ یوە لە سنووردارکردنی زمانی کوردی. ((بەکارهێنانی هەر زمانیٚ سنووردار بکریٚ، توا نای ئەو زمانەش سنووردار دەبێتەوە)) (مها باد قەرەداغی:2000: 88). ئەم جۆرە خوا ستنەش لە چەند شێوەیەکدا بەدیار دەکەوێت، کە گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

1- هاتنی بێگا نە بۆ ولاٚتێك بەهۆی دا گیر کرد نەوە، دەبێتە هۆی دە ست پێکرد نی کاریگەری لە نێوان هەردوولا، واتە هەردوو زمانەکە دەکەونە ژێر کارتێکردنی یەکتری، بەمەش زۆر دیاردەی زمانی لێك وەر دەگرن، بەتایبەتی وشە و زاراوە ئەو سا ژمارە یان ز یاد دەبێت، یان تەنها یەکێك لە زما نەکان خۆی دە سەپێنێت و زمانە کەی تریش و شەی لیٚ وەردەگر ێت، چۆن ز مانی نە تەوە داگیرکراوە کە دەکەوێ تە ژ ێر کاریگەری زمانی نەتەوە داگیرکەرە کە، بۆ نموو نە قەدە غە کرد نی ز مانی کوردی لەلا یەن هەموو داگیرکەرانی کوردستان و سەپاندنی زمانەکەیان بەسەر زمانی کوردیدا. (گەڵێ جاریش زمانی نەتەوە داگیرکراوەکە کاردەکاتە سەر زمانی نەتەوە داگیرکەرەکە. نموونەی واش زۆرە، وەکو ئەوەی لە هیندستان دەبینریٚ. لەبەر ئەوەی زمانی قسە پێکەرانی ( زمانی ئۆردوو) زۆر زیاتر بوون لە ژمارەی ئەوا نەی بە زمانی ئینگلیزی دەدوان، هەرچەندە زمانی ئینگلیزی زمانە بەرزەکە بوو. لەگەڵ ئەوەشدا کەوتە ژێر کاری زمانی (ئۆردوو) و تارادەیەك شێوا) (محمد معروف فتاح:1990: 28).

هۆکارێکی تریش ئەوەیە کە ڕەنگە دە سەلاٚتێك لە جێگا یەك بێتە سەر حوکم کە لەو چینە بێت کە بە زمانی دووەم قسەدەکەن و زمانی دووەم بکە نە زمانی فەرمی وپلەو پایەیەکی بەرزی بدەنیٚ و لە کاروباری دەوڵەتدا بەکاری بهێنن. بە مەش کارە کە پێ چە وا نە دەبێ تەوە و خوا ستنەکە ئارا ستەیەکی تر وەردەگر ێت و ز مانی دووەم کاردەکاتە سەر زمانە بەرزەکەی پێشوو، وەك: فەرەنسا و جەزائیر.

2- هۆ کاری دراو سێیەتی دوو میلـ لەتی جـ یاواز لە ز مان و لە یەك نزیـ کی شوێنی جوگرافییان، بەهۆی ئەو پەیوەندیەی کە لەنێوانیان دایە، دەبێتە هۆی تێکەلاٚوبوون و

ئاڵوگۆڕکردنی وشە و دەربڕینەکان لە ذێوان هەردوو زمانداـ بۆ نموونە دراوسێیەتی خاکی کوردستان لەگەڵ نەتەوەکانی وەك( عەرەب و فارس و تورك)، وای کردووە کە چەندین وشەو زاراوە لەو نەتەوانە وەربگرین.

3- جەنگی درێژخایەنی ذێوان (دوو میللەت یا هەندێ میللەت)ی جیاواز لە زمان، دەبێتە هۆی تێکەڵاو بوون و لە یەك خواستنی وشەکان.

4-پەیوەندی بازرگانی لەنێوان دوو میللەتی زمان جیاواز، لەڕێگەی ئەو شتانەی لەمیللەتێکەوە بۆیان دێت کە هەڵگری ناوی تایبەتی خۆیانن، ئەم ناوانە دەچێتە ناو زمانەکەیان. هەر چەندە لەڕووی بازرگانی یەوە شت کڕین و گۆڕینەوە زۆرتر بێت، دیاردەی خواستن زۆرتر دەبێت .

5-پەیوەندی ڕۆشنبیری بەهێزی ذێوان دوو میللەتی زمان جیاواز ، هۆیەکی ترە بۆ تێکەڵاوبونی وشەی زمانان، چونکە هەردوولا کەرەسە لەیەکتری وەردەگرن و دەیخەنە ناو زمانەکەیان بەتایبەتی زمانی نوسین (علی عبدالواحد الوافی:1945: 248)، وەك: بەکارهێنانی فەرەنسی بۆ مصری.

6-هەندێ جاریش وشەیەکی بێگانە کە لەبەر پێویستی لە زماندا دەخوازرێت، ڕەنگە لەبەرامبەریدا هیچ وشەیەکی نەبووبێت بەکاری بێنێت، یان ئەگەر هەی بووبێتیش، هەمان واتای و شەکە نەگەیەنێت، وەك و شەکانی (ئیسراو میعراج، عەبا، زەکات، عەمرە، قورئان، ئیسلام، حەج، کافر، شێخ، شەرع، تەلاق.....هتد) کە تایبەتن بە ئاینی ئیسلام . یانیش بۆمەبەستی ناونانی داهێنراوێکی تازەو ئامێرە تەکنەلۆژییەکان بەکاردەهێنرێت، وەك وشەکانی (ئینتەرنێت، دی ڤی دی، کۆمپیوتەر، ئەتاری، لابتۆپ، مۆبایل، سی دی، پلەی ستێشن توو...هتد) کەتایبەتن بەتەکنەلۆژیا.

( هەر لەگەڵ ئەو لێکەوتنانەی کە لەنێوان زمانی کوردی و نەتەوەکانی تردا ڕوویان داوە وای کردووە گەلێك وشەی بێگانە بێتە ناو زمانی کوردی یەوە، ئەمەش بەهۆی ئەولێکخشاندنە ماددی و کلتووریانەوە بووەکە لەگەڵ ئەو زمانانەدا هەیبووە، هەرچەند ئەم پەیوەندییە زیاتر بێت ئەم کاریگەرییە زیاتر بووە. ئیذجا هاتنی ئەم کەرەستە نوێیانە بە دوو ڕێگا دەبێت: یان بێگانەکان خۆیان دەیانهێننەدا یان دەسەپێنن، یان خانە خوێکان خۆیان کەرەستەکان دەهێذنە ناو زمانەکەیان، بەڵام لێکجیاکردنەوەی کەرەستە بێگانەکان کە بەهۆی کام ڕێگەوە هاتوون کارێکی ئاسان نییە، بەگشتی ئەمانە هەندێك لەو ڕێگایانەن کە وشەی عەرەبی پێدا هاتۆتە ناو زمانی کوردی) (عبدالله حسین رسول:2002: 7).

((هاتنی وشەی عەرەبی لە مەیدانی ڕۆشنبیری (شیعر، شاعیر، ئەدەب، کتاب، قەڵەم، دەفتەر،...)، یان تێکەڵی زۆرەکی و هێرشی سەربازی و داگیرکردنەوە، وەك هاتنی دە یان و شەی عەرەبی لەم مەیدا نەوە وەك (عە سکەر، عەریف، رەدیە، پۆستاڵ...)، یان ڕێگەی ئایین (زەکات، کافر، رەحمان، غەزەب، لەعنەت..) چەندین ڕێگەی تری کۆمەڵایەتی)) (عبدالله حسين رسول:2002: 7).

## جۆرەکانی خواستن بە پێی ئاستەکان:

خواستن دیاردەیەکە تەنها لە یەك ئاستدا ڕوونادات، لە هەموو ئاستەکانی زماندا ڕوودەدات، بەڵام لە ئاستێکەوە بۆ ئاستێکی تر، ڕێژەی خواستنەکە دەگۆڕێت، لە ئاستی وشەسازی دا بە زەقی بەدیار دەکەوێت، ئاستەکانیش بریتین لە:

### 1-ئاستی دەنگسازی:-

خواستن لە ئاستی دەنگسازیدا بەڕێژەیەکی کەم هەستی پێدەکرێ، بەڵام سەرەڕای ئەم ڕێژە کەمییەش ناکرێ باسی لێوە نەکرێ. ئەم دیاردەیە لە ئەنجامی خواستنی ئەو وشە و زاراوە بێگانانە ڕوودەدات، کە هەڵگری دەنگێکی نامۆن، لەگەڵ خواستنی وشەو زاراوەکان دەنگەکەش لە گەڵیدا دەپەڕێتەوە و دەخوازرێت.

کورد زۆر وشەو زاراوەی لە زمانی عەرەبییەوە خواستووە، بەشێك لەو وشەو زاراوانەشی دەسکاری کردووەو خستوونەتیە ژێر باری دەستوورسازی زمانی کوردی و بەرگێکی خۆماڵی بەبەردا کردوون، یەکێ لەو دەسکارییانەش لە ڕووی دەنگەوەیە، بۆ نموونە ئەگەر وشە عەرەبییە خواستراوەکە، هەڵگری فۆنیمێك بێت کە لەگەڵ یاسای دەنگسازی زمانی کوردی نەگونجابێت، ئەوا دەسکاری کردووەو گۆڕانی بەسەردا هێناوە.

کورد زۆر لە مێژە سوودی لەم ڕێگایە بینیوە، هەر لە کۆنەوە دەسکاری هەندێ دەنگی وشەی خواستراوی کردووە تاوەکو لەگەڵ فۆنۆلۆجی زمانەکەی بیگونجێنێت و لەهەمان کاتیشدا بۆ مەبەستی ئاسانی دەربڕین، وەك: گۆڕینی دەنگی (غ) بۆ (خ) و، (ط) بۆ (ت) و، (ث–ص) بۆ (س) و، (ع) بۆ (ء)، (ظ–ض– ذ) بۆ (ز)، بۆنموونە:

غەم ← خەم، قەرەداغ ← قەرەداخ

غلط ← غەڵەت، طاولة ← تاوڵە، طيارة ← تەیارە

ثلاجة ← سەلاجە، تمثیل← تەمسیل، آثار ← ئاسار، عثمان ← عوسمان

مقص ← مقەس، صابون ← سابون، صالح ← ساڵح

عقل ← ئەقل، عاشق ← ئاشق

غضب ← غەزەب، مظفر ← مزەفەر، امضاء ← ئیمزا

قاضي ← قازی، قرض ← قەرز، ضائع ← زایەع

مذیع ← موزیع، ذلیل ← زەلیل.

ئەو وشەو زاراوانەی کە بەکاردەگەرێن هەرهۆیەك بێت هاتوونەتە ناو زمانەکەمانەوە، بە مەبەستی گونجاندن زۆربەیان لەناو یا سای فۆنۆلۆجی زمانەکە ئەتوێنەوە و لە ڕووی دەنگ و واتاو جۆری دەربڕین، لە شێوە ڕەسەنەکەی خۆیان دوور دەکەونەوە، پێیان دەوترێ خۆماڵی کراو، وەك: تەواو لە (تەمام) ەوە، مزگەوت لە (مسجد)ەوە، لێژنە لە (لجنە)وە، متمانە لە (مطمئن) و، مامەڵە لە (معامەلە)وە، خزمەت لە (خدمە)وە، ویژدان لە (وجدان)ەوە ..هتد.

(خۆ ماڵیکردن وەرگرتنی ئەو وشەو زاراوەی بێگانەیە بە دەستکاری کردنەوە دەیهێنینە ناو زمانەکەمان وای لێ دەکەین لەگەڵ ئاواز و دەنگ و شێوەی ئاخاوتنی سروشتی زمانەکەی خۆمان بسازێت واتە ئەو دەنگ و پیتەی لە زمانەکەماندا نەبێت بێ گۆڕین بە دەنگ و پیتێکی خۆماڵی نزیك) (کامل حسن البصیر:1986: 223).خۆماڵیکردنی فۆنیمە وەرگیراوەکان لە ڕێگای خۆماڵیکردنی وشە بێگانەکان دەکرێت.

((خواستنی فۆرم دەبێتە هۆی گۆڕانی چۆنیەتی ڕیز بوون و بەدواهاتنی فۆنیمەکانی زمانێك)) (محمد معروف فتاح:1990: 130)، بۆ نموونە:خواستنی ئەو فۆرمانەی کە دەنگی /خ/ یان /غ/ یان تێدایە لە زمانەکانی دراوسێوە بۆتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی دابەشبوونی ئەم دوو دەنگە لەزمانی کوردیدا بەتایبەتی لەشێوازی سلێمانی دا. تاماوەیەکی زۆر ئەم دوو دەنگە لە شوێنی یەکتر بەکار دەهاتن بێ ئەوەی واتای وشە بگۆڕن، تا ئێستاش ئەم دیاردەیە لەکۆتایی وناوەڕاستی وشەدا تاڕادەیەکی زۆر بەردەوامە. وەك لەوشەکانی (باخ = باغ، باخەوان = باغەوان، وەجاخ = وەجاغ ...هتد) (سەرچاوەی پێشوو: 130)، بەڵام هەموو کاتێ ناتوانن لە شوێنی یەکتر بەکاربێن، بەڵکو وەك دوو فۆنیمی جیاواز دەردەکەون، وەك لەوشەی (غار/ خار) واتە (دڕك ).

((هۆکاری ململانێی زمانەکان کار لە دەنگەکانی زمان دەکات و ماسولکەکانی دەم و قوڕگ و دەنگە ژێکان، ڕادێن لەسەر دەربڕینی دەنگە نوێکان و فێری گۆکردنیان دەبن، تا وای لێدێت وەکو زمانە زاڵەکە درکی پێدەکەن، بەم جۆرە هاتنە ناوەوەی دەنگەکانی زمانە زاڵەکە بۆ ناو زمانە بەزیوەکە ڕوودەدات، وەك هاتنی دەنگی (ح، ع،...)ی عەرەبی بۆ ناو زمانی کوردی بە بەڵگەی ئەوەی ئەم دەنگا نە لە زمانە هیندۆئەوروپییەکا ندا نین. کوردیش یەکێکە لەو زمانانەو سەرەتا ئەو دەنگا نەی نەبووە، بەڵام بە کاریگەری زمانی عەرەبی ئەو دەنگا نە هاتوونەتە ناو زمانەکەیەوە)) (عبدالله حسين رسول:2002: 5).

## 2-ئاستی واتا سازی:

خواستن هەر تەنیا لە فۆرم و دەنگ و ڕێزما ندا روو نادات، بەڵکو گەلێ جار واتاش لە زمانێکەوە دەگوازرێتەوە بۆ ناو زمانێکی تر.

(خواستنی واتا لە دوو شێوەی جیاوازدا دەبینرێ :-

أ-هەندێ جار واتا بۆ فۆرمێك دەخوازرێ کە خۆی لە زمانەکەدا هەیە، بەڵام واتاکەی دەخوازرێ .

بۆنمونە: وشەی (پێ ) لە سەرەتادا واتای (قاچ) ی گەیاندووە، بەڵام دواتر لەژێر کاریگەری زمانانی تردا، واتایەکی تریشی خواستوە و کە لە بیرکاریدا بە واتای (یەکەیەکی پێوان) بەکاردێت. هەروەها وشەی ( گرێ ) لە بنەڕەتدا بەواتای (گرێی دار) بەکارهاتووە، ئێستا لە بیرکاریدا بە مانای ( یەکەیەکی پێوان ) دێت بەهۆی کاریگەری زمانی عەرەبییەوە.

لەبەر ئەوەی ئەم دوو واتایەی ئەم جۆرە وشانە، زۆر لەیەکەوە دوورن و هیچ پەیوەندییەکیان نییە بەیەکەوە، بۆیە دەبێت هەریەکەیان بە جیا لە فەرهەنگدا بنوسرێن، هەر جارەو واتایەکی بۆ دەنوسرێت بەم جۆرەی خوارەوە :-

پێ = قاچ

پێ = (یەکەیەکی پێوان )

واتە، واتا خواستن بۆ وشەی خۆماڵی دەبێتە هۆی دروست بوونی هۆمۆفۆن (ئەو وشانەن کە لە شێوەدا یەکن، بەڵام واتایان جیاوازە) ) (محمد معروف فتاح:1990: 134).

گەلێ جار خواستنی واتا لە ئەنجامی وەرگێڕانی وشەیەکی بێگانەوە دەپەڕێتەوە بۆ ناو زمانێکی تر. (هەرچەندە بەم پێیەش زۆرجار واتا یەك بۆ وشەکە دەخوازرێ، بەڵام جیاوازی لەگەڵ شێوەی یەکەم جیا دەبێتەوە کە نابێتە هۆی دروست کردنی (هاوپیت)، چونکە ئەگەر دوو واتاکە جیاوازیش بن هەر پەیوەندیان بەیەکەوە دەبێ، یەکێکیان بە گەشەیەکی واتای ئەویتریان دەژمێردرێ. بۆ نمونە: وەرگێڕانی فریزێکی وەکو (علی الاقل) لە عەرەبیەوە بۆ کوردی ئەگەر کەمێکیش لە واتای (کەم) بگۆڕێ هێشتا لە کەمی بنەڕەتی نایترازێنێ و وای لێناکات بە دوو وشەی جیاواز لەقەڵەم بدرێن. نمونەی تریش بۆ ئەم شێوەیە : مختصر = کورتە، شعور بالنقص = هەست بە کەمێتی، علی الضوء = لەبەر رۆشنایی ، قبل کل شیء = بەر لە هەموو شتێك ،مکتب = نوسینگە ...هتد) (محمد معروف فتاح:1990: 134).

## <u>3-ئاستی وشەسازی:</u>

((خواستن لە ئاستی وشەسازیدا خۆی لە خواستنی فۆڕم دا دەنوێنێ. خواستنی فۆڕم جۆرێکە لەشێوەکانی خواستن، لەهەموو کەرەستەکانی تری زمان بڵاوترەو لە هەمووشیان زیاتر هەستی پێ دەکرێت و سەرنج ڕادەکێشێ) (سەرچاوەی پێشوو:130) چونکە زیاتر بەر چاوەو مامەڵەی خەڵکی زیاترو ڕاستەوخۆ لەگەڵ فۆڕمە نەك کەرستەکانی تر، هەر بۆیە بەم شێوەیە دەکەوێتە بەرچاو. هەروەها خواستنی وشەی سادە بڵاوترە وەك لە وشەی لێکدراو و فرێز، بۆ نمونە: عیلم، شاعیر، مطعم، بڵاوترە لە سەلام وعلیکم وتەشەکوور ......هتد. هەر ئەمەش وای لە زمانەوانان کردووە، کە زیاتر ئەم لایەنە ببینن و بۆچوونی خۆیان لەبارەوە دەرببڕن.

(زۆربەی ئەو فۆڕمانەی لە زمانێکەوە دەچنە ناو زمانێکی ترەوە تێك دەشکێن و هەندێ لە تایبەتیە دەنگیەکانیان دەتوێتەوە لە ژێر کاریگەری فۆنەتیکی ئەو زمانەوە، بە ڕادە یەك کە هەندێ جار سەر چاوەکەیان ون دە بێ. بۆ نمونە ئەگەر بە لێکۆڵینەوەیەکی قوڵ نەبێ ناتوانین وشەیەکی وەکو (ئافرەت و خەوش) بگەڕێنینەوە بۆ سەرچاوە عەرەبییەکەیان کە (عورة و الغش)ن) (سەرچاوەی پێشوو:132) .

کورد زۆربەی ئەو وشەو کەرەسانەی کە لە زمانی عەرەبییەوە خواستوویەتی، لە زمانی عەرەبیەوە بووە وەك لە زمانانی تر، وشەو کەرەسەکانیش زیاتر لە بواری ئاینین، چونکە کورد و عەرەب لەیەك وڵات دان و هەروەها بە حوکمی ئاینی ئیسلام و دەسەڵاتی عەرەب بەسەر هاووڵاتیانی کوردەوە، ئەمە جگە لە نزیکی کلتوور و باری سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیری و...هتد.

(خواستنی فۆرم لە چەند شێوەیەکی جیاوازدا دەبینرێ، بۆ نموونە:-

1- هەندێ جار لەشێوەی وشەیەکی سادە دەبێت:

وەکو: سفر، حج، حفلة، مطعم، زکاة، مکتب، عمرة، خطوبة ،....هتد

2- هەندێ جاریش لە شێوەی فرێزدا دەبێت، وەکو: مولد نبوی، عید ملاد، رأس السنة، عید زواج،....هتد

3- گەلێ جاریش کەرتێکی وشەکە یان فرێزەکە خواستراوەو، کەرتەکەی تر خۆماڵی یە، بۆ نموونە:-

أ- وشەی خواستراو + پاشگری خۆماڵی :عالەمی، ڕۆمانی، بیرۆکراتی، کۆنفرانسەکە، مەراسیمەکە، سیاسەتمەدار، عەجایب بوو ..هتد .

ب- وشەی خواستراو + وشەیەکی خۆماڵی : ڤۆلتیە بەرز، سەعاتی دووەم، کبریتیدی ئاسن، ....هتد.

4- جاری واش دەبێت هەردوو کەرتی وشەکە خواستراو دەبێت:

أ- وشەی خواستراو + وشەی خواستراو: ئۆراسیا، هیندۆ ئەوروپی، مۆرفۆفۆنیم، ئەفرۆئاسیاوی، مۆندیالی عالەمی ...هتد .

ب- هەندێ جاریش وشەخواستراوەکە لە سێ کەرت پێکدێ:

وشەی خواستراو + وشەی خواستراو + وشەی خواستراو: مۆڕفۆفۆنۆسینتاکس) (محمد معروف فتاح:1990: 133) .

(زۆر جاریش فرێزێکی کوردی لە وشەیەکی کوردی و وشەیەکی عەرەبی دروست دەکرێت، فریزێکی وەك:

لێکدانی ئیزافی، دۆخی ئیزافی، ئەوەڵ جار ...هتد.

زۆر بەی ئەو وشە عەرەبییا نەی هاتوونە تە ناو زمانی کوردی، بە یاریدەی پێشگروپاشگر یان وشەی سادەی دیکە، لێکدراون، زاراوەی نوێیان لێ داڕێژراوە و بەرگێکی خۆماڵییان بەبەردا کراوە، وەك:- آخر-ئاخر

ئاخرەمین (ئاخرەمین جار)، ئاخر زەمان، ئاخری پیری، ئاخر شەڕ...هتد.

ایمان-ئیمان

ئیماندار، ئیمانبەر، ئیمان هێنان، ئیمان بردن،...هتد.

**عمل+ه← عەمەلە**

**اصل- ئەسڵ (ئەسڵ زادە)**

**لذة- لەزەت**

**بە + لەزەت ← بە لەزەت**

**عیلم + (-اندن) ← عیلماندن**

**حاجی/ حاجی+ لە← حاجیلە** (ڕۆژان نوری عبدالله:2007: 148).

**جاری واش هەیە کورد وشەی عەرەبی کۆکراوەشی خواستووە، وەك:خێرات، عولەما (علماء)، حەفەلات، موناجات.**

## -خواستن و بنەمای زاراوەسازی:

**خواستنی وشە و زاراوە لە زمانانی بێگانە، شتێکی هەڕەمەکی نییەو، ڕێگایەکی بێ یاساو دەستوورو نییە، نابێ هەرکەسێ هەڵسێ و بە ئارەزووی خۆی وشەیەك بخوازێت و لە زمانەکەیدا بەکاری بهێنێت، بەڵکو دەبێ لەسەر چەند بنەمایەکی زاراوەسازی دابمەزرێت :**

**1- وشەی خواستراو، بەرهەمی درەختی زمانەکەی خۆیەتی و لە بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەروونی میللەتەوە هەڵقوڵاوە، بۆیە کاتێ ویستمان زاراوەیەك بخوازین، دەبێ ڕاستەوخۆ لە زمانە ڕەسەنەکەی خۆیەوە بیخوازین نەك لە زمانێکی ترەوە بۆی بچین کە کاریگەری زمانێکی تری لەسەربێت.**

**2- لەبەرئەوەی زاراوەی بێگانە لە زمانە ڕەسەنەکەی خۆیدا بۆ واتایەکی تایبەتی و داهێنراوێکی دیاریکراو سازکراوە، لەکاتی خواستنی دەبێ لە زمانی کورد یدا بە وردی و بێ دەسکاری ماناکەی بۆ هەمان مەبەست ناو ببرێ و بەکار بهێنرێ.**

**3- (هەموو زمانێك لە پێکهێنان و داڕشتنی وشەدا، خاوەنی دەنگسازی و دەستووری تایبەتی خۆیەتی. بۆیە کە وشەیەکی بیانی دەخوازرێ، بەرگێکی خۆماڵی بەبەردا دەکرێت. وشە خواستراوەکان دەبێ بخرێنە ژێر ڕکێفی دەستووری زمانەوانی کوردییەوەو لە ڕووی مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژی و ئۆرتۆگرافییەوە)** (جەمال نەبەز:1976: 77).

**4- دەبێت وشە و زاراوەکان بە ڕێنووسی زمانی کوردی بنوسرێن.**

5– هەندێ لەو زاراوە نوێیە خۆماڵییا نەی، کە بە شێوەیەکی زانستییانە سازکراون و هاوواتای زاراوە بێگانەکانن، دەبێ وەکویەك بەکاربێن و لەپاڵ یەکتری یەوە بنوسرێن، تا لە ئەنجا مدا یەکێکیان بە تەواوی لەلا یەن کۆمە ڵەوە پە سەند دەکر ێت و جێگیر دەبێت.

## ڕەچەڵەکی وشە و پەلهاویشتنی:

وشە کە ئێمە بەردەوام لە ژیانی ڕۆژانەماندا بەکاریان دەهێنین و خودی وشەکان زۆر سەیر دروست بوون و جیهانێکی تایبەتیان هە یە و هەریە کەیان بگریت، خاوەنی تایبەتێتی و ڕەچەڵەکی خۆیەتی و مێژووی بەشی زۆریان بە لێڵی ماوەتەوە و زانستی ئیتیمۆلۆژی کە لە مێژووی پەیداکردن و سازکردن و ڕەگ و ڕیشەی وشە دەکۆڵێتەوە. بێگومان دەست خستنە سەر مێژووی هەموو وشەیەك و ساغ کرد نەوەی ڕە چەڵەکی، کارێکی سەخت و ئاڵۆزە، ناکرێ مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەیدا بە تەنها پشت بە فەرهەنگی زمانە کەی خۆی ببە ستێت کە ئەمڕۆ لە ئارادا یە، بۆ ئەوەی کارە کەو ئەنجامە کەی زانستیانە بێ، دە بێ پەلبهاو یژێ بۆ ئە زمانا نەی کە سەر بە گرو پی زمانی ئەمن و دۆکیومێنتە کۆنەکانی ئەو زمانانەو زمانی دەوروپشتی کوردن.[1]

### - هەندێ نموونەی وشەی ڕەسەنی کوردی و ڕەچەڵەکەکەی:

**- ئاکام :**

بە عەرەبی وا تە (ا جل). (ئا) وێنە یەکی تری (ها) یە کە کور تەی (هات)ە. کام و کات و گاڤ ← هەنگاڤ و← قاف، هەمووی مانای (کات)ە.(ئاکام) لە بنەڕەتدا (ها کات) و/ (هاکا)یە.

**- ئاکار:**

واتە ڕەوشت، لە ئاوایی کار (چۆنێتی کار)ەوە هاتووە.

**- ئاسەوار:**

لە (ئاس+وار) پێکهاتووە. (ئاس) لە کوردیدا بە ما نای ڕووت و ڕماو د ێت، (وار) مانای شوێن و جێگەیە. (ئاسەوار) بە مانای شوێنی داڕماوو پەرپووت دێت.

---

1– بۆ ئەم بابەتە سوودم لە موحازەرەکانی (د. فاروق عومەر صدیق– وانەی خوێندنی بالا–2007–2008) وەرگرتووە.

- ئاسمان:

پێکهاتووه له [ ئاسۆ+ مان ]، (ئاسۆ) به عەرەبی واته (افق)، (مان) یش نیشانەی جێیه. دەگوترێ (دارەمان)، واته: شوێن و جێگەی دار، ئەو شوێنەی دارو درەختی لێیه.

- ئاوێنه:

له (ئاو+وێنه) پێکهاتووه. ئاو تای بەتکارێکی هەیه، ئەویش ئەوه یه که پا کژ و بێگەرد بوو وێنەی دەوروبەری خۆی دیار دەخا .(ئاوێنه) ئەو ئامرازه یه که وەك ئاو وێنه دەردەخات (نەینۆك)یشی پێ دەوترێت. له فارسیدا وشەکه به شێوەی (ایینه) دەرکەوتووه.

- باگردان/ باگردێن:

له ( بان+گردان)ەوه هاتووه. ( بان) به وا تای سەری سەرەوەی خانوو، یاخود شوێنێکی دیکه دێت، هەروەها به وا تای شوێنی بەرزیش دێت. ( گردان) له ( گرد) و(گر)ەوه هاتووه، که به مانای (خڕ) دێت. وا ته باگردا نه ئەو ئامێره خڕه یه که بانی پێ دەگێڕدرێ، که وشەی گێڕانیش پەیوەندی به تایبەتکاری خڕییەوه هەیه.

- بەگ:

وشەیەکی کوردی کۆنه، به ما نای ( مەزن و گەورەو خوا) دێ. هەر له کورد یدا، بەراذ بەر به ( خوا) و شەی ( باخوێ) هه یه. و شەی ( بەگ–beg) به شێوەی (bey) کەوتۆ ته ناو ز مانی تورکی و، و شەی ( buyuk) ی تورکی وا ته ( گەوره) له مەوه وەرگیراوه. وشەی (big) ی ئینگلیزی، هاوڕەگی وشەی (بەگ)ه. له زمانی ڕووسیدا وشەی (بۆگ) به ما نای ( خوا) دێت. هەروەها وشەی ( بێگم) که هیندییەکان بۆ پا یه بەرزەکان بەکاری دێنن، له میسر کراوه به (بیجوم) له مەوه هاتووه. تەنا نەت وشەی ( فەخفووری) له ( بەگپووری) یەوه هاتووه، وا ته کوڕی خوا، ئەمەش نازناوی پا شا کۆنەکانی چین بووەو، فەخفووری بەوەوه ناونراوه. وشەی ( بەگ) کەوتۆته عەرەبی و فارسیشەوه.

- باوك:

پێك هاتووه له [ باو+ك] پێك هاتووه، (ك) خۆشەوی ستی و نا سك و نازداری دەگه یەنێ. له کۆندا به گەورەی قه شه مه سیحییەکان دەو ترا (پا پا)، دوا تر گۆڕا بۆ ( پاپ)، که ببوو به ناز ناو و له گەورەترین پ یاوی ئاینی مه سیحی له ڕۆ ماو

ئەسکەندەرییە نرا، هەروەها لە پەهلەویدا وشەی (پاپ)، واتای باوکی گەیاندووە. بە بیروڕای هەندێ زمانەوانان وشەی (پاپا) بە ئەسڵ دەچێتەوە سەر وشەی (پا پاس)ی یۆنانی کە واتای (باپیر، باوك)ە. بە ئاشکرا دیارە کە (با با) شێوە عەرەبییە کەی (پاپا) یە. (پاپ)ی پەهلەوی و (پا پاس)ی یۆنانی، هەردووکیان دوو وشەی زمانە هیندۆئەوروپییەکانن و واتاو چەمکێك کۆیان دەکاتەوە کە ئەویش (باوك)ە. کەواتە وشەی (باو) لە (باوك)دا، ئەگەر بیبەینەوە سەر فۆرمە کۆنەکەی، دەبینین بەم شێوەیە بووە: پاپ> باب> باو> باڤ (لە کرمانجی سەروو).

– بەرماڵ:

لە [بەر+ماڵ]ەوە هاتووە، (بەر) واتە پێش، (ماڵ) لە (ماڵین)ەوە هاتووە. (ماڵین) واتە پێداهێنان و پێدادان. ماڵین بە واتای پاککردنەوەش دێت، کە ئەویش هەر دەست پێداهێنانە. بەرماڵ ئەو پارچە قوماشەیە کە نوێژ لەسەری دەکرێ و بە ڕوو دەماڵرێ.

– بەرتیل:

بەرتیل لە: [ بەر+ تیل]ەوە هاتووە، ( بەر) واتە پێش ، (تیل کردن) واتە خلۆرکردن/ خوارکرد نەوەی شتێك، وەك لە یاری ( هەڵماتێن) دا باوە، وشەی (بەرتیل)یش هەیە کە بەو بڕە پارەیە دەوترێ کە لە کایەی (هەڵماتێن)دا دادەنرێ. کەواتە: بەرتیل پارەیەکە، یان شتێکە کە لەبەر تلی (پەنجە)ی کەسێکدا دادەنرێ بۆ تیلکردن (خوارکردنەوەی کارێك)، واتە لە ڕێی ڕاست لادانی کارێك.

– بیانوو:

واتە بەڵگەی نابەجێ. لە [ بێ + هاندۆ (مقدار)ەوە] هاتووە، واتە قسەیەك کە هەندی نەبێ.

– بناخە/ بناغە:

لە [بن+ئاخ] پێکهاتووە. (ئاخ) واتە (گڵ، خاك، زەوی). (بناخە) واتە (بن زەوی). ئاخ و خاك هەریەك وشەن، بە جێگۆڕکێی دەنگەکان بەو دوو جۆرە دەرهاتوون.

– پسوولە:

لە (پتوولە)وە هاتووە، پتوولە کورتکراوەی (پەتە)یە کە بە واتای پارچە کاغەز دێت.

**- جامباز:**

**لە کوردیدا بە (دەلاڵ) دەوترێ جاماز، یان جەمبازە هەیە بۆ دەست و پێ بزوتن و هەتڕینی بەرزە ولاخ. کە ئەم وشەیە لە جەم (جموجووڵ: واتە بزووتن)ەوە هاتووە. (باز) واتە بازدان (جوولان). بەو کەسەی کە دەیێتە هۆی کڕین و فرۆشتنی بەرزە ولاخ دەوترێ (جامباز)، هەروەها بە مرۆڤی فێڵبازیش دەوترێ.**

**- جاش:**

**کەسێکە کە کارێك بگرێتە دەست، کە کار یان پیشەی خۆی نەبێت. جاش پۆلیس کەسێکە کە پۆلیس نەبێ، بەلام کاری پۆلیس بکات. جاش کەوش پێلاوێکە کە جێی کەوش بگرێتەوە، بەلام کەوش نەبێ. جاش لە ((لەجیاتی شت))ەوە هاتووەن پەیوەندی بە جاشەکەرەوە نییە کە لە بنەڕەتدا (جاشك)ەو هاوڕەگی (جووچك)ە.**

**- جەهەنەم (دۆزەخ):**

**وشەی (جەهەنەم) گوایە وشەیەکی ئارامییەو بە مانای (جێی نزم) دێت. لە ڕاستیدا وشەکە ئارامی نییە، کوردییە. (جەهەنەم) لە (جەه) واتە (جێ) و، (نم) کە لە (نزم)ەوە هاتووە، واتە (جێی نزم) کە لە قورئاندا بە(اسفل السافلین) ناوی ڕۆیشتووە. جەهەنەم کوردییەکی پەتییەو کەوتۆتە زمانی عەرەبی و فارسی یەوە.**

**- جەڕ:**

**ئەو بورغوەیە کە بۆ قایم کردن و پێکەوەبەستنی دوو پارچە دار یان دوو پارچە ئاسن بەکاردەهێنرێ، کاتێ کە بەهۆی ئامێرێکەوە بادەدرێ کە پێی دەگوترێ (جەڕبادەر)، هەندێ جاریش پێی دەگوترێ (دەرنەفیس). (جەڕ) لە (گەڕ)ەوە هاتووە، چونکە جەڕ بە جەڕبادەر بادەدرێ و دەهێنرێتە گەڕاندن (جەڕاندن) واتەك بادان و گەڕاندن و جوولاندن، لە کوردیدا دەوترێت: بیجەڕێنە واتە بیگەڕێنە. وشەی (جر و جریان) ی عەرەبی لەمەوە هاتووە. هەروەها وشەی (جەیران) کە کوردی باکوور بۆ تەوژمی کارەبا بەکاری دەهێنن لە (گەریان)ەوە هاتووە.**

**- جەواڵ/ جواڵ:**

**تورەگەیەکی دەم پەل و کەم قووڵە. لە (جە) واتە (جێ)و، (واڵ) واتە دەم کراوەو کەم قووڵ، بووە بە (cuval–جوڤاڵ) و لە عەرەبیدا بووە بە (جولق).**

- جووت (جۆت):

له [ جوو+ت] ەوه هاتووه.(جۆ) وێنه یەکی تری (دوو)ەو (ت) یش، له ( تا/ تیٚ)یەوه هاتووه، واته: دووتاکردن/دووتێکردن. جووتکردن/جۆتکردن، جۆتکار، واته: دوو گا بهێنرێن بۆ زەوی کێڵان.

- دەسەڵات (دەستەڵات):

دەستەڵات له [دەست+هەڵهات] ەوه هاتووه، واته دەست هەڵهاتن بۆ کردنی کارێك. وشەی (تسلط)ی عەرەبی له (دەسەڵات)ەوه هاتووه بەم شێوەیەی خوارەوه:

دەسەڵات > تەسەلەت > تەسەلت > تەسەلوت > تسلط. دواتر وشەی (سلطة) ی لیٚ داتاشراوه.

- دەستوور (قانون):

وشەیەکی کوردی کۆنه، له زمانی کوردیدا وشەی (دەستەبەر) و (دەستەوەر) یش هەن که به یەك مانان و بۆ(گرتنه ملخۆی کارێك) بەکاردێن. وشەی (دەستوور) وەك وشەیەکی دیانی کەوتۆته زاری عەرەبییەوەو فارسیش بەکاری دەبەن به مانای ((فەرمانپێدان)). له کاتێکدا که وشەی (دەستەبەر) و (دەستەوەر) له فارسیدا نین.

- دهۆك:

له [دە/دێ (گوند) + وك (نیشانەی بچووککردنەوه] ەوه هاتووه. واته گوندێکی بچووك/ دێی بچووك.

- دایك:

وشەی (دایك) له سانسکریتیدا (ماتا،ماتار)ەو، له پەهلەوی (مەت)و، له زمانه هیندۆئەوروپیه یەکانیش، وەك: له یۆنانی(mater,meter)، ئەڵمانی (mutter)، ئینگلیزی(mother)، لاتینی(mater)، روسی (mat)، سلاڤی(mati). له هەموو ئەو زمانانەی سەرەوەدا، ئەو وشانەی که بەرامبەر وشەی (دایك)ی کوردیین، دەیانبەنەوه سەرەتا که ڕەگێکی هیندۆئەوروپایی کۆن (ماتێر). بەڵگەش بۆ ئەمه ئەوەیه که تا ئێستا له کرمانجی سەروودا وشەی (مەت/ پوور(خوشکی باوك))، می، مێینه، ڕەنگه ( ما) له وشەی ( ماین) و (ماذ گا)ش، که تێکڕا یان شێوەی گۆڕاوی ڕەگه هیندۆئەوروپییه کۆنەکه (ماتێر)ەوه هاتبیٚ، چونکه هەموویان جنسی مێن.

وشەی (دایك) پێکهاتووە لە ڕەگی یا مۆرفیمی (دا)+پاشگری (ك/ یك)، کە (ك/ یك) دیسان لە یرەدا واتای خۆشەوی ستی و بچووککردنەوە دەگەیەنێ. ڕەگی (دا) لەوانەیە لە وشەی (dad)ی ئۆسێتییەوە هاتبێ کە بەواتای (مژین، مەمك مژین، دۆشین) دێت. بەم جۆرە لە ڕەگی (دا)، چەندین وشە دروست کراوە وەك: داپیر، دایە گەورە، دایە، دادە، دایك، داك...هتد.

– چادر:

لە وشەی سەنسکریتی (چەتەر)ەوە هاتووە. کە وشەی (چەتر–سەیوان) یش هەر لەمەوە هاتووە. فارسی ئەم وشەیەی وەرگرتووەو بەکاری دەهێنێ بۆ ئەم سەرپۆشە ژنانەیەی کە هەموو سەروچاو دادەپۆشێ، کەبە کوردی (چارشێو)ە.

– زەلام:

لە (زەل+ئام) پێکهاتووە. زەل< زل (زەبەلاح) واتە (گەورە)، (ئام) واتە (ئادەم). مرۆڤی زل بە زۆری بۆ پیاو بەکاردێ.

– کەمتیار:

ناوی چوار پێیەکەو لە (کەم + تەر)ەوە هاتووە، کە (کەم + تەر+کردن) بەواتای (دەم بەستنەوە) دێت لەسەردەمی کۆندا کورد پێیان وابووە کە (کەمتیار) زۆر حەز لە ئاوازی مۆسیقا دەکات و، بەوە ڕاویان کردووەو گوتوویانە : (کەمتیار پیاوێکی چاکە، قولێ پێی بسمێت دەنگ ناکات.

– گوریس:

لە (گوش+ڕێس)ەوە هاتووە، واتە: گوشی ڕێسراو. لە هەندێ شێوەزاری کوردی باکووردا بە (گوریس) دەڵێن: ڤەریس. ئەم وشەیە لە (ڤەش+ڕێس)ەوە هاتووە، کە (ڤەشاندن/وەشاندن و گوشین) یەك مانایان هەیە.وشەی (گوش) خۆی لە (گوشین)ەوە هاتووە.

– کەروێشك:

لە (کەر+گوێچك) ەوە هاتووە، واتە:گوێچکەکانی وەك گوێچکەی کەر وانە.

– کۆتر:

لە فارسیدا بووە بە (کبوتر).(کۆتر) لە (کەوی+تر)ەوە هاتووە ،واتە:(شینتر).

- **ماچ:**

له (ماش)ەوه هاتووه، كه به واتای ماڵینی جێگه یەك دێت (ماشەدان).ماچ:واته ماڵینی ڕوومەت،یان شوێنێكی تر به دەم. ماچكردن:ماشدان.

- **خاوێن/پاكژ:**

وشەی (خاوێن) له (خا+وێن) پێكهاتووه. (خا) له زمانی كورد یدا به واتای (هێلكه) دێت. (وێن) كورتكراوەی (وێنه) یه، به واتای (وەك هێلكه وایه)و به شێوەی وی یه( ئەوه). كەوا ته(خاوێن) مانای پاكژو بێگەرده وەك هێلكەی پاككراو، كه (هێلكەی پاككراو) له زمانی كورد یدا نموونەیه كه بۆ بێگەردی و خاوێنی، لەوانه شه وشەی (خاوێن) له (خاس+وێنه)ەوه هاتبێ.

- **گەسك:**

له (كەزی) یەوه هاتووه. كەزی به پرچ و زوڵفی ژن دەوترێت. گزیك ناوی جۆره گیایەكی ڕیشووداره.گەسك خۆی له بنەڕه تدا له تاڵی وشكەوەبوو و جۆره دەوەزێك دروست دەكرا. وشەی (دڕكەزی)یش، له [دڕك+كەزی] یەوه هاتووه.

- **هەنگ:**

چەند مانا یەكی هه یه وەك: نیشانه، ئا مانج، كۆمه ڵه شتێك، یان به شێك له له شكرێك (فارسەكان وشەی سەرهەنگ بەكاردێنن). وشەكه له بنەڕه تدا كوردیيه. وشەی هەنگ بووه به (هەند) به مانای پڕ (مقدار) ، له فارسیشدا بووه به (اند). كورد ده ڵێ: به هه ندیان نەزانی، واته: قەدریان نەگرت. هەر له مەوه (هەنده سه) و (هەندازه)ش دروست بوون.

- **چارچی:**

لەهەندێ شێوەزاری باكووردا به دوو شەقام دەوترێ كه یەكتریان بڕیبێ و چوار ڕێیان لەمه دروست كردبێ. چارچی له چوار جی (چوارجێ) وه هاتووه.

- **چارشێو/ چارشەو/ چارشۆ:**

چارشێو< چار+شێو، چار كورتكراوەی (چادر)ه، شێو/ شێڤ: واته تاریكایی شەو/ڤ، واته چادرێك كه تاریكایی و نەبینراویيەك پەیدا بكا، وەك تاریكایی شەو. چارشێو لای كورد بەو جاجمەش دەوترێت كه نوێنی شەوی تێدەخرێ.

- **چەمچە:**

**بە چووککراوەی و شەی ( چەم)ە. چەم وێنە یەکی تری ( جام)ە، وا تە: جام چە (جامێکی بچووک).**

- **بوودەڵە:**

**لە [بوود+ەڵە (نیشانەی بچووککردنەوەیە)]ەوە هاتووە. (بوود) لە (پووت) ەوە هاتووە کە هاوما نای (پووچ)ە. بوودەڵە کەسێکە هیچی لەباردا نەبێ و بێ دەسەڵات بێ، واتە ناوەڕۆکی پووچ و پووت بێ.**

- **دەهۆڵ:**

**دەهۆڵ لە (دەوێڵ)ەوە وەرگیراوە،کە ئەویش لە (زەوێڵ)ەوە وەرگیراوە. دەوێڵ بە پارچە چەرمێکی باریك دەوترێت، کە بۆ دروست کردنی دەهۆڵ بەکاردەهێنرێ.**

- **دەرزیی:**

**لە بنەڕە تدا (دەرژەن)ە ، ئەم و شەیە لە کورد یدا هە یەو بۆ دەرزی دروو مان بەکاردەهێنرێ(دەن) بە واتای (کون) دێت، (دەرژەن)، واتە (کونکەر) یا (کونلێدەر).**

- **دۆلاب:**

**لە [دوو+لەپ] ەوە هاتووە. لەپ لە کوردیدا بە مانای (( دوو پارچەو دوو بەش)) بەکاردێت، (لا) لە (لەپ) ەوە هاتووە. دۆلاب لە عەرەبیدا بووە بە (دولاب).**

- **ئەردەلان:**

**پێدەچێ ئەردەلان لە:[ ئار+داڵ+ان] ەوە هاتبێ. (ئار) واتە (ئاگر)، (داڵ) واتە (جێ و شوێن)، وشەی (ئەردەلان) واتە (شوێنی ئاگر).**

- **عەمبار/ عەمار/ هەمبار/ هەمار:**

**بۆ شوێنی شتومەك هەڵگرتن بەکاردێ، کە لە عەرەبیدا بۆ ئەمە (مخزن) بەکاردێت کە لە (خزینە) وە وەرگیراوە. هەمبار لە پەهلەویدا (هەنبار) ەو لە فارسیدا بووە بە (انبار).**

- **عەینەك:**

**دەنگی (ع) لە زمانی کوردیدا نەبووە، بەڵام لەڕێی فێربوونی زمانی عەرەبی و وەرگرتنی هەندێ وشەی عەرەبی کە ئەم دەنگەیان تێدایە، وەك: عەرەب، عەیب... .**

یان له تەنگکردنەوەی دەنگی بزوێنی درێژ پەیدابووە، وەك: وشەی (کانی) کراوە بە (کەعنی) و (تاڵ) کراوە بە (تەعل) و (ئا سمان) کراوە بە (عا سمان)، له هه ندێ شێوەزاردا (عەینەك) و شەیەکە لەم بابەتە. عەینەك له بنەڕەتدا ئاو وێنەك(ئاوێنە) بووەو بووە بە (عەوێنەك) و ئیدجا بە (عەینەك). (ەك) پاشکۆیەکە بۆ بچووککردنەوە. وشەی(عوینە) ی عەرەبی بە ڕێکەوت وشەی (چاویلکە)ی کوردی دەگرێتەوە.

**– کۆچکردن:**

وشەی (کۆچ) لە بنەڕەتدا وشەیەکی مەغۆڵییە، کە بە کوردی (ڕەو کردن)ە. وشەی کۆچەر کەوتۆتە زمانی کوردییەوە، بەڵام بە کوردی ڕاستییەکەی، ڕەوەندە.

**– کشمیش:**

پێکهاتووە لە [کش+ میش]. (کش) کورتکراوەی (کشك)ە، کە وێنەیەکی کۆنی (وشك/ هیشك)ەو لە فارسیدا بووە بە (خشك). (میش) وێنەیەکی تری (مەویژ/ مەویش/ مێوژ)ە. کەواتە (کشمیش) بریتییە لە مێوژێکی وشك.

**– مامۆستا:**

لە دوو بەش پێکهاتووە: مام+وەستا. مام، لە مام (برای باوك)ەوە نەهاتووە، بەڵکو لە (ئام)ەوە هاتووە کە بەشێکە لە وشەی (ئامۆژگار) واتە کەسێك کە ئامۆژگاری بکا. ئامۆژگار لە فارسیدا بووە بە (اموزگار). بەشی دووەمی وشەی (مامۆستا)، واتە (ستا) لە (ستات)ی پەهلەوییەوە هاتووە کە بە مانای (گەیاندن)ە، بەڵام وشەی (استاد) کە فارسەکان بەکاری دێنن بۆ مامۆستا، عەرەبەکان کردوویانە بە (استاذ)، ئەمە لە شەی پەهلەوی (ئۆستات)ەوە هاتووە کە بە مانای لێزان و شارەزا دێت. هەر لە وشەی (ئۆستات)ەوە وشەی کوردی (وەستا) وەرگیراوە، کە بە کوردی باکوور (هۆستا) یەو بەم شێوەیە کەوتۆتە تورکییەوە.

**– مامر:**

واتە مریشك. لە دوو بەش پێکهاتووە: ما+مر. (ما) وێنەیەکی دیکەی (مێ) یە. (مر) واتە (مەل). کەواتە مامر واتە (مەلێکی مێ).

**– لووت:** کەپوو شی پێدەڵێن. وشەی (لووت) لە (ڕووت)ەوە هاتووە. ڕووت خۆی وشەیەکی ترە بۆ لووت.

- لەق لەق:

ئەو مەلە یە  کە هەمیـ شە لاقیٚ کی دادە نیٚ و لاقیٚ کی هە ڵدەبریٚ و لا قەو لاق دەوەستیٚ. وشەکە کوردییەکی ڕووتە، لە عەرەبیدا بووە بە (اللقلق)، وشەکە پەیوە ندی بە وشەی (لاق)ەوە هەیە (لاق-لنگ). کاری لەقینیش هەر لە وشەی لاقەوە هاتووە. (طة باقر) لە کتیٚ بی (( من تراث نا الل غوی ال قدیم)) دا، دەیبا تەوە سەر و شەی (( رەق رەققوور))ی بابلی.

- حانووت:

و شەیەکی کوردیـ یە کەوتۆ تە زاری عەرەبی و عـ یبری یەوە، بۆ دو کانی بـ چووك بەکاردەهیٚنریٚت. ڕە چەڵەکی و شەکە بریتیـ یە لە[خانوو+ تك]، وا تە خانووی بـ چووك، خانووتك > خانووت > حانووت. هەروەها وشەی (حانە)ی عەرەبی، کە شویٚنی (مەی) خواردنەوە یە، لە (خا نە)ی کوردیـ یەوە وەر گیراوە. دەنـ گی (ح  خ) زۆر جار شویٚنی یەکتری دەگرنەوە.

- گیان:

بە ئاڤیٚستایی (گەییە)و بە پەهلەوی هەر (گیان)ە. لە فارسی و هەندیٚ شیٚوەزاری کوردیدا بووە بە (جان) و هەر بەو مانایە چووەتە ناو زمانی تورکییەوە.

- هاڕین:

واتە کردن بە ئارد، هاڕ بە ما نای (بەرد) دیٚ لە کورد یدا و، وەك پا شکۆی و شە، دەبیٚتە ئامیٚریٚك کە شت ورد بکا (دەستاڕ).

- هەگبە:

واتە (جانتای بچووك). لەسەردەمی کۆندا جۆرە خورجیٚك بووە کە لە پـشتی ولآخ قایم کراوە بۆ سەفەر. هەگبە لە (هەژگ بار) ەوە هاتووە، کە (هەژگ) بە چڕو چیلکە، یان بەو ڕە شکەیە دەو تریٚ کە (کا) ی پیٚ دەکیٚشریٚ. (هەژگبار) بووە بە (هەگبار) و ئیـنجا بووە بە (هەگـبە). و شەی (حقیـبە) ی عەرەبی لەم هەگبـە یەوە هاتووە، نەك لە (bag) ی ئینگلیزی کە بە مانای جانتا دیٚت.

- میرزا:

وشەی (میرزا) لە (ئەمیر زادە) وە هاتووە، یاخود فۆڕمی گۆڕاوی (ئەمیر زادە) یە، کە ناو بانگ دەرکرد نی ( تەیمور لەنگ) وەك داگیر کەری هەموو گیٚ تی وای کرد ئەم

وشەیە دەبێ بە نازناو یاخود ناوی تایبەتی. زاراوەی (ئەمیر) بۆ دەستەڵاتدارانی دەوڵەت و فەرماندەکانی سوپا بەکاردەهات، تا ئێستا لە ئاسیای ناوەڕاست (تەیموری لەنگ) بە (ئەمیر تەیمور) ناو دەبەن، چونکە وشەی (ئەمیر) پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بە (تیموری لەنگ)ەوە هەبوو. جا لەبەرئەوەی ئەو کەسانەی کە نازناوی (ئەمیر) یان پێ درابوو، ژمارەیان زۆر بوو، بۆیە نازناوی (ئەمیر زادە) یان بە کوڕەکانی (تەیموور) بەخشی بۆ جیاکردنەوەیان لەوانی تر. دواتر وشەی (ئەمیر زادە) گۆڕانێکی فۆنەتیکی بەسەرداهات، فۆنێمی (ە)ی سەرەتا و (د–و–ە)ی کۆتایی وشەکە پەڕێنرا و فۆڕمەکەی بوو بە (میرزا).

## وشە خواستراوەکانی زمانی کوردی و ڕەچەڵەکیان:-

بۆ دەست نیشانکردنی ڕۆنانی وشە خواستراوەکان، دوو ڕێباز گیراوەتەبەر:

1–ڕێبازی وەسفی: لە باری ئێستادا باس لە وشە دەکات، بۆ نموونە وشەی (مریشك) وشەیەکی سادەیە.

2–ڕێبازی مێژوویی: لە ڕووی ئیتیمۆلۆجییەوە لە وشە دەکۆڵێتەوە لەگەڵ ئەو گەشەو گۆڕانانەی کە بەسەری داهاتووە، بۆ نموونە وشەی (مریشك) پێکهاتووە لە:

مرغ+هیشك (وێنەیەکی کۆنی وشك)ە ⟵ مریشك.

ئەوکەسەی کە لە ڕووی مێژوویییەوە لە وشەکانی زمان دەکۆڵێتەوە، دەبێ شارەزای زمانە مردووەکان بێت و هەروەها هەڵگری چەند زمانێك بێت. ئێمەش لێرەدا لە ڕووی ئیتیمۆلۆجییەوە لە وشە خواستراوەکانی زمانی کوردی دەکۆڵینەوە، بەڵام بۆ ئەم کارەی ئێمە بە زۆری سوود سوود لە سەرچاوە ئەبینین، چونکە زمانی مردی نازانین.زمانی کوردی وشەی لەو زمانانەوە خواستووە:

## 1-وشەی عەرەبی:

دەبێت ئەم وشانە لێکۆڵینەوەی ئیتیمۆلۆجی لەسەر بکرێت تا بزانرێت سەر بە چ زمانێکە یاخود خێزانێکە، بەڵام شارەزایی ئێمە ئەوەیە، کە دەبینین لە زمانی عەرەبیدا بەرچاو دەکەوێت.بۆ نموونە وشەی:

– **هەڵبەت:** لە (البتە) ی عەرەبییەوە وەرگیراوە، کە بە مانای جەخت کردن لەسەر شتێك بە دڵنیایی، چونکە هیچ سەرچاوەیەکم دەست نەکەوت کە پێی چەوانەی بۆچوونەکەی من بسەلمێنێ.

- **وەزیر:** بەکەسێك دەوترا کە بیروڕا یەك دەربڕێ یا ئامۆژگاریەك بکات، یان ڕاوێژکاریەك پێشکەش بکات. ئەم وشەیە لەپێش ئیسلامەتی کەوتۆتە ناو زمانی عەرەبی و بەو مانایەی سەرەوە هەبووە.

- **ڕکات:**

لە (رکعات) ەوە هاتووە.

- **ئیمام:**

لە (امام) ەوە هاتووە.

- **دەوڵەت:**

لە (دولة)وە هاتووە.

- **زەکات:**

لە (زكاة) ەوە وەرگیراوە.

- **حەج:**

لە (حج) ەوە وەرگیراوە.

- **خەت:**

لە (خط) ەوە وەرگیراوە.

- **حاڵ:**

لە (حال)ەوە هاتووە.

- **خێر:**

لە (خير)ەوە هاتووە.

- **مزگەوت:**

لە (مسجد)ەوە هاتووە.

- **وەفا:**

لە (وفاء)ەوە هاتووە.

- **خزمەت:**

**لە (خدمە)وە هاتووە.**

- **قەساب:**

**لە (قصاب)ەوە هاتووە.**

- **ئافرەت:**

**لە (عورة)ی عەرەبییەوە هاتووە.**

- **مەینەتی:**

**لە (محنة)ی عەرەبی یەوە وەرگیراوە.**

- **سەروەت:**

**لە (ثروة)ی عەرەبییەوە وەرگیراوە.**

- **متفەرك:**

**لە (متبرك)ی عەرەبییەوە وەرگیراوە.**

- **مۆڵەت:**

**لە (موهلة)وە هاتووە.**

- **قەرز:**

**لە (قرض)ەوە هاتووە.**

- **زوڵم:**

**لە (ظلم)ەوە هاتووە.**

- **قازی:**

**لە (قاضی)یەوە هاتووە.**

- **ملاك:**

**لە (ملعقة)وە هاتووە.**

- **شایەد:**

**لە (شاهد) ەوە هاتووە.**

- **مامەڵە:**

له (معامله)ەوە هاتووە.

- **ویژدان:**

له (وجدان)ەوە وەرگیراوە.

- **لەحزە:**

له (لحظة)ەوە هاتووە.

- **ئەلفاز:**

له (الفاظ)ەوە هاتووە.

- **منەت:**

له (منة)وە هاتووە.

- **زەعیف:**

له (ضعیف)ەوە هاتووە.

- **واریس:**

له (وارث)ەوە هاتووە.

- **زەلیل:**

له (ذلیل)ەوە هاتووە.

## 2- وشەی تورکی:

- **یەلغار:**

شاعیرانی کلاسیك، لەناو شیعرەکانیاندا گەلێ وشەی بیانییان بەکارهێناوە، بۆ نموونە (کوردی)ی شاعیر لە دێرە شیعرێکی دا وشەی تورکی بەکارهێناوە، وەك:

**ترنگەی تەپڵی باز ئاتلانی چاوەش دەنگی جارچی دێ**

**بە تیپی غـــــەم دەڵێن نامەرد ئەسەر دڵ ئەمڕۆ یەلغارە**

(ئیلغار) وشەیەکی تورکییە، واتە هێرش، پەلاماردانی خێرای سوپا بەرەو دوژمن (د.محمد نوری عارف:2009: 1018).

- **بۆيمباخ:**

**و شەيەكى توركيـ يە، لە ( بوين باغ) ەوە هاتووە، (boyon–بۆ يون) لە زارى توركيدا بە (مل) دەوترىٚ و، (باغ) ماناى (بەند)ە.**

- **قورميش:**

**قورميش كردن وا تە ( كۆككردن) ى كا تژمێر. لە (قورو لموش) ى توركيـ يەوە هاتووە كە ماناى سازكردن و كۆككردنە.**

- **ياپراخ:**

**وشەيەكى توركييە، كورديیەكەى (پەڵى ڕەزان).**

**هەروەها و شەكانى ( پاقلاٚوە، تەكيـ يە، دۆندر مە، چەقۆ، ئارد، قاڵى، قوتى، قەرەبالغ، قاپى، دۆڵ مە، قام چى، دۆ شەك، پەرداخ ، باجى، قەرەتە پە، قو شتەپە، ئاڵتوون، بورغى، خانم، خاتوون، جەندر مە، قەرەداغ، قەرە هەنجير، يا سا، ئۆغر، قوزەڵقورت، چەكوچ، تەختە،...هتد) هەموويان بە ڕەچەڵەك لە توركييەوە هاتوون.**

## 3- وشەى عيبرى:

- **ئادەم:**

**وشەيەكى عيبرييە، بە واتاى (خاك) يان (گڵ) دێت.**

- **ئامين:**

**بذ جى ئەم و شەيە عيبر يى كۆ نەو، دە قاودەق وا تاى (ڕا ستە، وا يە، تەواوە...) دەگەيەنىٚ.**

- **يۆبيل: لە عيبرييەوە وەرگيراوە، بە واتاى پەنجا ساڵە دێت.**

## 4- وشەى يۆنانى:

- **ئيبليس:**

**لە و شەى (د يابۆلۆس)ى يۆنانيـ يەوە وەر گيراوە، عەرەب لە يۆنانيـ يەوە وەرى گرتووە، كورديش لە عەرەبييەوە وەرى گرتووە، كە بە واتاى (درۆزن، دووزمان) دێت.**

- **ئەڵماس:**

لە وشەی (ئەڵماس)ی یۆنانییەوە هاتووە.

- **ئەبەنووس:**

لە وشەی (EBENOS)ی یۆنانییەوە وەرگیراوە، کە واتای داری ڕەش دەگەیەنێ. بە فارسی (ابنوس)ە.

- **ئەتڵەس:**

وشەیەکی یۆنانییە، لە بنەڕەتدا ناوی دێوێکی ئەفسانەیی بووە، وشەکە کەوتۆتە گەلێ زمانی ئەوروپایی و ڕۆژهەڵاتییەوە. لە عەرەبی و فارسی بە شێوەی (اطلس) دەنووسرێ، هەروەك کوردی بۆ پەرتووکێك بەکاردەهێنرێ کە نەخشەی وڵاتانی تیابێ.

- **تۆمار:** ئەم وشەیە بنەڕەتێکی یۆنانی هەیە کە (tom)ە، بە واتای نەخشەکێشان دێت. سەرنجی وشەی (tomography)ی ئەڵمانی و فەڕەنسی بدە کە مانای بەشێکە لە پەرتووکێك.

- **تاپۆ:**

لە وشەی یۆنانی (تۆپۆگرافیگۆس)ەوە هاتووە.

- **دراو/ ڤ (پارە):**

لە (دراخمێ) ی یۆنانییەوە هاتووەو، لە فارسی و عەرەبیشدا بووە بە (درهەم).

- **کۆلێرا (ڕشانەوە):** لە وشەی یۆنانی (خۆلێرا)وە هاتووە.

- **فانۆس/ فانۆز:** چرایەکی تایبەتییە لە ( فانۆس)ی یۆنانییەوە هاتووە، کەوتۆتە عەرەبی و فارسییەوە بە شێوەی (فانوس).

- **(فرات):**

واتە ئاوی سازگار ( ماء عذب). دوورنییە وشەکە یۆنانی بێ و لە ( پارا- بۆتامیا)وە هاتبێ کە مانای (دەوروبەری ڕووبار)ە، کە زرێباریش شتێکە لەو بابەتە.

- **گاز:**

بنچینەی وشەکە یۆنانییەو بە مانای شوێنێکی بۆش دێت. لە عەرەبیدا بووە بە غاز.

- **ئینسکلۆپیدیا**:

**لە یۆنانییەوە وەرگیراوە.**

- **ئیتیمۆلۆژیا:**

**لە یۆنانییەوە هاتووە، لە لاتینیدا (etymologia) یەو، لە ئینگلیزیدا بووە بە (etymology).**

- **فیردەوس:**

**لە وشەی (پەرەدایس)ی یۆنانییەوە وەرگیراوە.**

- **قەپان:**

**جۆرە تەرازوویەکە بۆ شت کێشان، لە وشەی (گەپپان)ی یۆنانی یەوە هاتووە، کە لە یۆنانییەوە کەوتۆتە فەڕەنسییەوەو زاری عەرەبی کردوویەتی بە (قبان).**

- **پیاڵە:**

**وشەیەکی یۆنانییە (piale) کە لە عەرەبیدا بووە بە (فیالجە). دەنگی (p–پ) لە زمانی کوردی و زمانە هیندۆئەوروپاییەکانی تردا، بە زۆری لە عەرەبیدا دەبێتە (f–ف).**

- **پوول:**

**لە وشەی یۆنانی (obolos)ەوە هاتووە.**

- **کەرامات:**

**لە وشەی (کرامە) ی عەرەبییەوە نەهاتووە کە بە مانای (ئابڕوو/ ئاوڕوو) دێ، بەڵکو لە یۆنانییەوە هاتووە، کە لە لاتینیشدا بە شێوەی کاریزمایە (charisma) یەو بریتییە لە بەهرەی تایبەتی و بلیمەتی کەسێک بۆ لێکدانەوەی شت.**

- **ئیقلیم:**

**لە وشەی یۆنانی (کلیما) وە هاتووە، بە ناو چەیەکی جوگرافی دەوترێ، بە ئینگلیزی (climate) و (clime)ە، بە ئەڵمانی (klima) یە، بەڵام ئێستا بۆ کەش و هەوا بەکاردێت. وشەی (کلیم) بووە بە (هەلیم) و ئینجا (هەرێم) و لە عەرەبیدا بووە بە (حریم).**

- قانون:

له (قانون) ی یۆنانییەوە هاتووە، کە بە مانای دەستوورو نەریتە.

- قەنارە:

پارچە ئاسنێکە، کە قەساب  ئاژەڵی سەربڕاوی پێ هەڵدەواسێ. ئەم وشەیە لە بنەڕەتدا کەنارە (kenare) یەو، وشەیەکی کۆنی هیندۆئەوروپایییەو لە (گەننارە) ی یۆنانییەوە هاتووە. لە زمانی ئەڵمانیدا وشەی (kannare) هەیە بۆ لغاوی ئەسپ. وشەکە بۆ کۆنترۆڵ کردن و لە جووڵە خستنی شتێك بەکاردەهێنرێت. ئەم وشەیە لە عەرەبیدا بووە بە (قنارە)، دواتر بەم شێوەیە کەوتۆتە زمانی کوردییەوە.

هەروەها وشەکانی (تەلیسم، ئۆقیانوس، سنور، سەمتور، ئەنتیکە، قانون، قالب، نافورە، قنینە، کیس، بیتاقە، سیما، باروت، ئەفەندی ، مەڕمەڕ، بورج، قەڵەم،..... هتد) هەموویان لە یۆنانییەوە وەرگیراون.

## 5- وشەی فارسی :

-ئەفسەر:

واتە (زابت). ئەم وشەیە لە ڕێی زمانی فارسییەوە هاتۆتە کوردییەوە. لە (ئەفیسێر)ی ڕووسی و (ئۆفیسییە)ی فەرەنسی و (ئۆفیسەر) ی ئینگلیزی... وەرگیراوە. ئەوانیش لە (ئۆفیسیووم)ی لاتینییەوە بە مانای (فەرمانبەری گشتی)یان وەرگرتووە.

هەروەها بە بۆچوونی من ئەم وشانەی خوارەوە ڕەچەڵەکەکانیان بەم شێوەیە بووە:

- هەست و نەست:

له (هست و نیست)ی فارسییەوە وەرگیراوە.

- نوشتە:

لە (نەویشتە)ی فارسییەوە وەرگیراوە.

- ناوزەد:

لە (نام زەد)ی فارسییەوە وەرگیراوە.

**- وەرزش:**

**پێکهاتووە لە (وەرز+ش)، وشەیەکی فارسییە و وەکو خۆی هاتۆتە ناو زمانی کوردی. (وەرز) ڕەگی چاوگی (وەرزیدن)ە، (ش) (اسمی مصدری یە-ناوی چاوگ).**

**- ڕۆژنامە:**

**لە (روزنامە)ی فارسییەوە هاتووە.**

**- ئوستاز:**

**لە (استاد)ی فارسییەوە وەرگیراوە.**

**- سروشت:**

**لە (سرشت)ەوە وەرگیراوە.**

**- نایاب:**

**لە (نا+یاب) پێکهاتووە. (یاب) دۆخی ڕانەبردووی (یافتن)ە، وشەی (نا یاب) بە واتای شتێکی دەگمەن و نادر دێت.**

**- پاڵەوان:**

**لە (پهلوان)ی فارسییەوە هاتووە.**

**- ئاشوب:**

**بە واتای ئاژاوە دێت، لە زمانی فارسییەوە هاتۆتە ناو زمانی کوردی. (ئا شوب) ڕەگی چاوگی (اشفتن)ە، (ئاشوبگەر) واتە ئاژاوەچی.**

**- نمایش:**

**پێک هاتووە لە ( نما+یش). ( نما) ڕە گی چاوگی(نمودن)ە، (ش) شینی مەصدەریەیە. نمایش بە واتای پیشاندان (عەرزکردن) دێت.**

**هەروەها شاعیرە کلا سیکییەکان بە ڕێژە یەکی زۆر و شەی فار سییان لەناو شیعرەکانیاندا بەکارهێناوە، بۆ نموونە لە دێڕە شیعرێکی (سالم)دا:**

**یــــــادگاری حاکیمان و جانشینی سیلسیلە**

**نامراد و نەورەسی مەقسەد نەدییوو نەوجەوان.**

**نەورەس**: واتە تازە پێگەیشتوو. پێکهاتووە لە (نەو+رەس)، (نەو) واتە نوێ، (رەس) ڕە گی چاوگی (ر سیدن)ی فار سییە، وا تە (گەیـ شتن، گەیین). **نەو جەوان**: پێکهاتووە لە: [نەو+جەوان]، (نەو) واتە نوێ، بە واتای تازە پێگەیشتوو دێت (محمد نوری عارف:2009: 946).

( هەروەها (نالی) شاعیر بە هەمان شێوە و شەی بیانی لەناو شیعرەکانیدا بەکارهێناوە، بۆ نموونە لە دێڕە شیعرێکیدا وشەی فارسی بەرچاو دەکەوێت، وەك:

**شاهێنی دوو چاوت کە <u>نیگا</u> و مەیلی بە دانگە**

**کـێشانــی بە قـــوللابی دلاوێــزی بـــژانـگە**

**نیـگا**: لە و شەی فار سی (نیـگاه–نیـگەه)ەوە هاتووە، وا تە ( سەیرکردن، تەماشاکردن) ) (سەرچاوەی پێشوو: 963).

هەروەها لە دێڕە شیعرێکی (سالم)ی شاعیردا بە هەمان شێوە وشەی فارسی بەرچاو دەکەوێت، بۆنموونە:

**(چ مننەت گەر نەوازشت و تەعاروف کەی لەگەڵ مونعیم**

**بە مــن فەرزە کە ڕووت و موستەحەقی خێر و ئیحسانم**

نەوازشت: نەوازش ، بە واتای دڵدانەوە و دڵ ڕاگرتن دێت.

نەواز ← دڵ نەواز

شت ← پاشگرە) (محمد نوری عارف:2009: 946).

## 6-وشەی سریانی:

**– قەشە:**

وشەکە لە بنەڕەتدا وشەیەکی سریانی یە، لە عەرەبیدا بووە بە (قس) و لە فارسیدا بووە بە (کشیش).

**– یەلْدا:** وشەیەکی سریانییە، درێژترین شەوی ساڵە، شەوی یەکەمی بورجی (جەدی)یە، شەوی چلەی گەورەی زستان.

هەروەها وشەکانی (شەممە ، خەبات ، خشل ، لەواشە ، ناتر، دیان) هەموویان لە سریانییەوە وەرگیراون.

## 7-وشەی فەرەنسی:

– پیل:

وشەیەکی فەرەنسییە (pile). بە پاتری بچووك دەوترێ.

– شۆستە:

لە وشەی فەرەنسی (chaussee)ەوە هاتووە.

– قۆنتەرات:

لە و شەی فەرەنسی (contract)ەوە وەرگیراوە، کە وەك ( کۆنترا) دەردە بڕدرێ و(ct) دەرنابڕدرێ، قۆنتەرات بە مانای گرێبەند دێت.

– قورەنتێنە:

و شەیەکی فەرەنسییە، شوێنێکە بۆ تێداهێ شتنەوەی ئەوا نەی کە نەخۆ شی درمیان هەیە تا بە ەڵکی دیکە نەگا.

– سرنج:

جۆرە ئامێرێکە کە بەوە دەرمانی شلاو دەکرێتە ڕەگ و گیانی نەخۆشەوە. لە و شەی فەرەنسی (seringue) هاتووە کە بە ئینگلیزی (syringe)ەو، و شەی شرینقە(شریقە) هەر لەوەوە هاتووە.

– فانیلە:

وا تە (ژێر کراس). فانیلە لە (flanelle) ی فەرەنسی یەوە هاتووەو بووە بە فانیلە. لە ئەڵمانیدا بەشێوەی (flanell) دەنووسرێ، لە یۆنانیشدا هەر فانیلەیە.

– **کۆنتڕۆڵ:** لە فەرەنسییەوە وەرگیراوە(controle) ، بە ئەڵمانی (kontroll) و بە ئینگلیزی (control). و شەکە لە بنچینەدا (contre-rolle) بووە، وا تە : ڕۆلێکی پێچەوانە.

– بلووز:

لە وشەی فەرەنسی (blouse) ەوە هاتووە.

- قوماش:

له بنەڕەتدا وشەیەکی فەڕەنسی ( chemise)ە،که ما نای (کراس)ە، له عەرەبیدا بووه به (قمیص). (قەمسەله)ش که جۆره چاکەتێکه هەر لەم بنەڕەتەوەیە.

هەروەها وشەکانی(پا سپۆرت، بۆفیه، دیکۆر، ڕجیم، صالۆن، کا سێت، کۆبۆن، مۆبلیات، ئەژدیها، ژا له، گ لۆپ، به لەکۆن، شۆ ستە، پرۆژە، ماذ شێت، کۆنترۆل، ......هتد).

## 8-وشەی لاتینی:

– گومرگ:

وشەکه بنەڕەتێکی لاتینی هه یه که (commercium)ە، له فەرەنسیدا بووه به (commerce) و له ئیتاڵ یدا (commercio) و له ئەڵماذ یدا (kommerz) و له ئینگلیز یدا (commerce). له سەردەمی کۆ ندا بۆ بازر گانی و کڕین و فرۆ شتن و هاتوو چۆ بەکاردەهێنرا. له سەردەمی عوسمانییەک ندا ئەو و شەیە له ئەوروپاوە گەیشتۆته ئەوێ و بەشێوەی (gumruk) کەوتۆته زاری تورکی عوسمانی وبه شێوەی (گومرگ) کەوتۆته زاری کوردی و بەشێوەی (کمارك) کەوتۆته ناو زمانی عەرەبییەوە.

– بلوور:

جۆره شووشویەکی به نرخه له (beryllus)ی لاتینییەوە هاتووە، که به ما نای درەوشان و تێکهاویشتن و بەردی بەنرخ دێ.

– دینار:

له وشەی لاتینی (dinarius)ەوە هاتووه که به یۆنانی (دیناریۆ) یه.

– سانسۆر:

چاوح ستنه سەر و تاری ڕۆژنا مەو بلاّو کراوەی دی و هەڵ سەنگاندنی که به عەرەبی (رقابه) یه. له وشەی لاتینی (censor)ەوە هاتووه که له ئەڵمانیدا (zensor)و له زمانی فەرەنسیدا (censure) بۆ نمره دانان لەسەر ئەزموونی قوتابی بەکاردێت. به ئینگلیزی (censor).

– قەنەفە:جۆره کورسیەکه. وشەیەکی لاتینی یەو له فەڕەنسیدا بەشێوەی (canapé) و له ئەڵمانیدا به شێوەی (kanape) بەکاردێ.

- لۆگاریتم:

له ماتماتیكدا بەكاردێ. و شەیەكی لاتینی نوێیە، لە ئینگلیزیدا بووە بە (logarithm) و لە ئەڵمانیدا بووە بە (logarithmus). ئەم وشەیە كەوتۆتە ناو زمانی كوردییەوە.

- پرۆسە:

بە مانای ڕەوەندی كارێك، یا هێڵی گەڕیانی كارێك دێت، وشەكە لە بنەڕەتدا لاتینییە بە شێوەی (processus)ە، لە ئینگلیزیدا (process)ە، كە بە مانای بە گژیەكداچوون دێ لەسەر مافێك، بە تایبەتی لە ڕێی دادگاوە. وشەكە لە فەرەنسیدا (proces)ە، كە بە شێوەی (prose– پرۆ سێ) دەردە بڕێ. كوردی و فارسی لە فەرەنسییەوە ئەم وشەیان وەرگرتووە.

- كابینە:

و شەیەكە لە بنەڕەتدا لاتینیە (capanna). لە فەرەنسیدا (cabine) و لە ئەڵمانیدا (kabine) یەو، بۆ ژووری بچووك بەكاردێ ، بەڵام لە زمانی كوردیدا بۆ كۆمەڵەی وەزیرانی حكوومەتێك بەكاردێ.

- قاموس:

ئەم وشەیە لە زمانی عەرەبیدا بە مانای (قاموس–وشەنامە) و ناوەندی زەریا بەكاردێ، لە بنەڕەتدا وشەیەكی لاتینیەو لە وشەی (campus)ەوە وەرگیراوە، كە بە مانای زەوییەكی تەخت دێت. و شەی (camp) و (camping) یش هەر لەمەوە وەرگیراوە.

- قاڕە:

بە پێنج بەشەكەی جیهان دەوترێ. لە وشەی لاتینی (quartarius)ەوە هاتووە، بەم شێوەیە كەوتۆتە زاری عەرەبی و فارسی و كوردییەوە.

## 9-وشەی ئیتاڵی:

- **قاپووت:** لە وشەی (kaputze)ی ئەڵمانییەوە هاتووە، كە لە بنەڕەتدا (cappuccio)ی ئیتاڵییە. بە ئینگلیزی (cape)ە. بۆ ئەو كڵاوە بەكاردێ كە بەلای سەری پاڵتۆوەوەیە، بەڵام لە كوردیدا بۆ پاڵتۆ بەكاردێ.

هەروەها وشەكانی (ستۆدیۆ ، تیاترۆ ، كارتۆن ، پیانۆ ، گازینۆ ، پانتۆڵ، نمرە ، مەكینە، مۆبیلیا، تاوڵە، ماركە، سجل،...هتد) ئیتالین.

## 10- وشەی ئەرمەنی:

خاكەناز ، تیمرخ ، مەكوك....هتد.

## 11-وشەی ئەوروپی:

**– گەرەنتی:**

وشەیەكی ئەوروپاییە، بە واتای زامنكردنی شتێك یا كارێك دێت.

**– تامپۆن:**

وا تە بەیە كدادانی دوو ئوتومبێل. و شەیەكی ئەوروپاییە، بە ئینگلیزی (tampon) و بە ئیتالی (tamponamento) و بە فەڕەنسی (otamponement).

**– كەناڵ:**

وشەیەكی ئەوروپاییە، بە لاتینی (canalis) و بە ئەڵمانی (kanal) و بە ئیتاڵی (canale) و بە ئینگلیزی (channel). مەبەست لەو لوولەیەیە كە ئاوی پێدا دەڕوات. لە عەرەبیدا بووە بە (قناة).

**– فیستیڤاڵ:**

لە لاتینیدا (festivus)ە بە مانای جەژن كردن لە ئەوروپاییەكاندا هەیە. لە فەرەنسی و ئینگلیزیدا (festival)ە، كە بە مانای یارییەكانی جەژن دێ.

**– چاكەت:**

لە (jaket) ی ئینگلیزی و(jaquetee) ی فەرەنسییەوە هاتووە كە بەئەڵمانی(jacke)یە.

**– لاستیك:**

وشەیەكی ئەوروپاییە. ئەگەر سەیری وشەی (elastisch) ی ئەڵمانی بدرێ كە مانای شتێك دەگەیەنێ كە بتوانرێ بكشێندرێ. واتە لە كشاندنەوە هاتووە.

- کێبڵ:

وشەیەکی ئەوروپاییە، جۆرە گوریسێکی زۆر قایمە، بە ئینگلیزی (cable) و بە فەڕەنسی (cable) و بە ئەڵمانی (kabel).

- زەڵاتە:

و شەی زەلا تە و شەیەکی ئەوروپای یە، لە بنەڕە تدا ئیتاڵی یە وا تە ( شتێکی خوێکراو)،بە ئەڵمانی (salat) و بە فەڕەنسی (salade)ە.

- مانشێت:

و شەیەکی ئەوروپای یە بۆ سەر ناوی وتار ێك یا هەواڵێك بەکاردێ، لە (manchette) ی فەڕەنسییەوە وەرگیراوە کە بە ئەڵمانی (manschette)ە.

- مارکە:

بە ما نای نی شانەو پێنا سەو مۆدێلی شتێك د ێت. بۆ نموو نە دەو ترێ: ئوتومبێلەکەت چ مارکەیەکە؟ وشەکە ئەوروپییە بە فەرەنسی (marque) و بە ئەڵمانی (marke) و بە ئینگلیزی (mark)ە.

## 12-وشەی هیندۆئەوروپی:

- کورت:

و شەیەکی هیندۆ ئەوروپایی کۆ نە. سەیری و شەی (Kurtz)ی ئەڵمانی و (short)ی ئینگلیزی و (court) ی فەڕەنسی بکە. لە فارسیدا و شەی (کو تاە-کوتاهی) بەکاردەهێنرێ، کە ئەمەش لە وشەی کوردی (کورتاهی) یەوە وەرگیراوە، کە لە کرمانجی باکووردا بەکاردێت.

- کلیل:

وشەیەکی کۆنی هیندۆئەوروپاییە، کە لە زمانی فەرەنسیدا (cle) و (clef)ن، بە ئینگلیزی (key) و بە ڕووسی (کلووچ) و بە ئەڵمانی (schlussel) و لە فارسیدا بووە بە (کلید). عەرەبەکان وشەی (کلید) یان کردووە بە (اقلید).

- کڕاندن:

و شەیەکی هیندۆ ئەوروپایی کۆ نە، بۆ نموو نە سەرنجی و شەی ئەڵمانی (kratzen) و وشەی ئینگلیزی (scratch to) بدرێ کە بە مانای کڕاندن دێن.

- حورمێ/ هورمێ :

ناوێکه بۆ بانگ کردنی ژنان لەلایەن مێردەکانیانەوە. وشەکە لە: [ حور/ هور +مێ]وە هاتووە،(مێ) لێرەدا لە (من) ەوە هاتووە. حور/ هور (حۆری/ هۆری) ناوێکە بۆ کچانی ناو بەهەشت، واتە: حۆری من (هۆری من). وشەی حورمێ لە عەرەبیدا بووە بە (حرمە)، بە تایبەتی لە زمانی عەرەبی خەڵکی عیراقدا. ئەم وشەیە لە بنەڕەتدا وشەیەکی هیندۆئەوروپاییە، بەڵام بۆ مەبەستێکی تر، بۆ نموونە لە زمانی ئەڵمانیدا وشەی (هوورە) بۆ ژنی ڕووسپی بەکاردەهێنرێ، کە لە زمانی کۆنی ئەڵمانیدا بۆ ژنێك بەکارهاتووە کە لەگەڵ پیاوانێك دنوێ مێردی خۆی نەبێ. لەزمانی ئینگلیزیشدا وشەی (whore) هەیە کە هەر بەو مانایە بەکاردێت.

- گەرم:

وشەیەکی هیندۆئەوروپایی کۆنە، لە پەهلەویش گەرم و لە فارسیش دا هەر گەرمە. هەروەها بە ئینگلیزی (warm) و بە ئەڵمانی ڤارم (warm)ە.وشەکە بنەچەیەکی سانسکریتی هەیە کە (گەهرمە)یە.

- گەنج:

وشەیەکی کۆنی هیندۆئەوروپییە، کە بە ئینگلیزی (young)ە، بنەچەکەی دەگەڕێتەوە بۆ geong و giung و geng . بە ئەڵمانی ( یونگ)ە. گەنجینە واتە خەزێنە.

- خەزال:

وێنەیەکی تری (کەژاڵ)ە، کە ناوی ژنانەیەو مانای (ئاسك- مامز)ە، وشەکە لە عەرەبیدا بووە بە (غەزال)، وشەیەکی کۆنی هیندۆئەوروپاییە، لە ئەڵمانیدا (gazelle) و لە فەڕەنسیدا (gazelle ) و لە ئیتاڵیدا (gazella) یە. فەرهەنگی (duden) ی ئەڵمانی بە وشەیەکی عەرەبی دادەنێ. ئەمەش جێی گومانە چونکە لە کوردیدا چوار پێیەك هەیە کە وەك ڕێوی وایە ناوی (خەز)ە.

## 13-وشەی ئینگلیزی:

- تەندەر:

لە وشەی (tender)ی ئینگلیزییەوە هاتووە.

- پرۆفایل:

له (profile) ی ئینگلیزییەوە هاتووە، کە مانای دیمەنی لاتەنیشتەو بە ئەڵمانی (profil– پرۆفیل)ە.

- فیتەر:

واتە ئۆتۆمبێل چاککەرەوە، لە (fitter) ی ئینگلیزییەوە هاتووە کە بە (مەکینە چاککەرەوە) یا (مەکینە دامەزرێنەر) دەگوترێ.

- فوول (**full**)/ فوولکردن:

واتە پڕکردن، کاتێ دەوترێ: سەیارەکە فوول بەنزینە،یا دەوترێ: پیاوەکە فوول سەرخۆشە، هەردووکیان لە وشەی (full) ی ئینگلیزییەوە هاتووە.

- ویل:

مەبەست لە ویلی ئوتومبێلە، لە (wheel) ی ئینگلیزییەوە هاتووە.

- کوشین:

شوێنی دانیشتنە لەناو ئۆتۆمبێل دا. لە (couching) ی ئینگلیزییەوە هاتووە.

- سویچ:

کلیلی کردنەوەی تەوژمی کارەبایە یان کلیلی داگیرساندنی ئۆتۆمبێل. وشەکە لە بنەڕەتدا (switch) ی ئینگلیزییە.

- سلف:

کلیلی خستنەکاری ئوتومبێلە. وشەکە لە (slave) ی ئینگلیزییەوە وەرگیراوە، کە بۆ ئەو ئامێرە بەکاردێ کە دەزگای کارەبایی پێ دەخرێتە کار.

- لۆری:

وشەیەکی ئینگلیزییە (lorry) کەوتۆتە ناو زمانی کوردی و زمانانی تری جیهانەوە.

هەروەها وشەکانی(کۆمپیوتەر، ئینتەرنێت، پلەیستەیشن، تو، دی فی دی، سەتەلایت، فۆلکلۆر، سی دی، فیلم، ماتۆر، ڕادیو، ڕێستورانت، فیزیك، لامپ، سوپەر مارکێت، تەلسکۆپ، فریزەر، هیتەر، بەیلەر، توالێت، .... هتد).

## 14-وشەی چینی:

-**چای/ چایی**: وشەیەکی چینییە، کەوتۆتە ناو زمانی کوردی و گەلێك زمانانی تری جیهانەوە. خەڵکی چین 3200 ساڵ بەر لەدایکبوونی عیسا، چاییان ناسیوەو لە چینەوە چایی بەرەو هیندستان و سریلانکاو شوێنانی تر چووە.

- **کاخەز:**

وشەیەکی چینییە کەوتۆتە گەلێك زمانەوە.

## 15-وشەی ئەڵمانی:

- **چیمەنتۆ/ چەمەنتۆ:**

لە وشەی (zemento) ی ئەڵمانییەوە هاتووە، بە ئینگلیزی (zement)ە، کە لە فارسیدا بووە بە سیمان (siman)، لە عەرەبیدا بووە بە (السمنت).

## 16-وشەی هیندی:

- **عەمبە:**

جۆرە گیا یەکی ترشە، ترشیاتی زەردی لێ دروست دەکرێت. وشەکە هیندییە (ئەنب) یان (ئام)ە.

- **قول:**

بە زۆری بە مرۆڤی ڕەش پێست و بەندە دەوترێ. لە کۆیلە (عبد) ەوە هاتووە، کە بنەڕەتەکەی لەگەڵ وشەی (kuli) ی ئەڵمانی و(cooli) ی ئینگلیزی یەکە. وشەکە لە بنەڕەتدا (کوول) ی هیندییە، کە بۆ کارکەری هەرزان و بارگران و خزمەتکارو کۆڵکێش بەکاردەهێنرێ. وشەی قول چووەتە زاری تورکییەوە (kul).

## 17-وشەی روسی:

- **سەماوەر:**

وشەیەکی ڕەسەنی ڕوسییە، کە پێکهاتووە لە:(سام+ە+ڤار).

(سام)= خۆ

(ە)= ناوبەندە (سام) و(ڤار) ی بەیەکەوە بەستووە.

(ڤار)= ڕەگی کرداری (ڤاریت)ە=کوڵ-کوڵان، کە مانای ئەوەیە ((لە خۆوە جۆش دە ستێنیّ)). و شەکە کەوتۆ تە گەلێك زما نەوە بەتاێ بەتی زما نە ئەوروپاێ یەکان و ڕۆژهەڵاتییەکان.

- **یاقووت:**

لە ڕووسییەوە هاتووە.

- **ئیستیکان:**

پیاڵەی چایخواردنەوەیە، وشەکە لە وشەی ڕووسی (ستاکان) ەوە هاتووە.

- **ئوتوو:**

کورد ئەم وشەیەی لە(ئوتیووك)ی ڕووسییەوە وەرگرتووە.

- **کەرپووچ:**

لە ڕووسییەوە وەرگیراوە ( لە دەمی دکتۆر حەمە نوری عارف وەرم گرتووە).

## ***18-وشەی مەغۆلی:***

- **تالان:**

وشەیەکی مەغۆلییە.

دیارە نموو نەی زۆرترمان هە یە، ئە مەش لە هەموو زمانێکدا کارێکی ئا ساییە، گرنگ ئەوە یە کە بزانین هەموو و شەیەك ئە گەر بە دوای ڕە چەڵەکیدا بڕۆین لەوانە یە نموو نەی وا یان ت ێدابێت کە تۆ بە هی خۆتی نەزانی و کە چی لە ڕە سەن دا هی زمانە کەی خۆت بووب ێت زما نانی تر وەر یان گرتب ێت، ئێ مە جارێکی تر وەر مان گرتبێتەوە.

- بە گ شتی بۆ نموو نەکانی ئەم بە شە سوودم لەم سەر چاوانەی خوارەوە وەرگرتووە:

- (ابراهیم السامرائی (1997)، الدخیل فی الفارسیه و العربیه و الترکیه، معجم و دراسه ، الطبعة الاولی ، بیروت  لبنان ).

حسن حسین فهمی (1961)، المرجع فی التعریب المصطلحات العلمیه والفذیه والهندسیه، مطبعة السعادة، اوصی بنشرة(مجمع اللغة العربیة)

-( جەمال نە بەز (2008)، و شەنامەكى ئیتمۆلۆژ یای ز مانی  كوردی،  چاپی یەكەم).

– ئەورەحمانی حاجی مارف(2000)، بنج و بناوانی هەندێ وشە، بەشی یە كەم، بەغدا.

– محمد نوری عارف(2009)  فەرهەنگی دیوانی  شاعیران (نالی– سالم– كوردی)، بەرگی یەكەم، چاپی دووەم.

–  فاروق ع مر صدیق(2007–2008)، موحازەرە كانی خوێ ندنی  بالاّ، زانكۆی سلێمانی، كۆلێژی زمان، بەشی زمانی كوردی.

# ئەنجام

لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەدا چەند خاڵێك دەخەینە ڕوو:

1- و شە ڕۆڵێ کی گرن گی هە یە لە زما ندا، بە یەکە یەکی بن چینەیی ز مان دەژمێردرێت.

2- هۆکارەکانی خواستن بە گشتی لە دوو شێوەدا دەبینرێت:

أ- خواستنی بە ئارەزوو: لە ئەنجامی گەشە و گۆڕانی زمان دێتە کایەوە.

ب- خواستنی سەپێنراو: لە ئەنجامی ململانێی زمانەکان ڕوودەدات.

3- خوا ستن دیاردەیە کە تەنها لە یەك ئا ستدا ڕوو نادات، بەڵکو لە هەموو ئاستەکانی زماندا ڕوودەدات، بەڵام ڕەوتی لە ئاستێکەوە بۆ ئاستێکی تر دەگۆڕێت.

4- ئەو و شە و زاراوە بێگانا نەی کە هەڵگری دەنگێ کی نامۆن، لە ئەنجامی خواستنیان، دەنگەکەش لەگەڵیدا دەپەڕێتەوەو دەخوازرێت

5- وشە خواستن لە زما ندا دیاردە یەکی سرو شتی یەو لە توا نای هیچ کە سێك دانی یە، تەنا نەت دە سەلاتیش ناتوانێت ببێ تە ڕێ گر لە ها تنەناوەوەی و شە بۆ ناو زمانی خۆماڵی.

6- خواستن ئەگەر هەڵقوولاوی پێویستییەکان بێت، ئەوا هیچ زیانێك بە زمانە کە ناگەیەنێت، چونکە دیاردە یەکی سرو شتی یە، نی شانەی دوا کەوتوویی ز مان ناگەیەنێت، بەڵکو زیندوویەتی زمان دەنوێنێت.

7- زاراوە کان کۆمە ڵە و شەیەکن لە زما ندا، خاوەنی چەمکێکی باڵاو پ سپۆری تای بەتن، لە فەر هەنگی و شەی زمانە کەوە دادەڕ ێژرێن و مەرج نی یە هەموو کەس بەکاریان بهێنن.

8- بە شێوەیەکی گ شتی بۆ ڕۆ نانی و شە لە ز مانی کورد یدا دوو ڕێ گا هە یە، ئەوانیش بریتین لە (داڕشتن و لێکدان). لە داڕشتندا پێشگر یان پا شگر دە چێتە سەر بەشە ئاخاوتنێکی دیاریکراو، وشەیەکی نوێ پێکدێت و مانا یەکی نوێ بە دە ستەوە دەدات وەك:

ناو + پاشگر ⟵ دار + ستان = دارستان

پێشگر + ناو← به + جەرگ = بەجەرگ

له لێكدانیشدا دوو بناغه به یاریدەی مۆرفیمی بەستەر یا بیٚ یاریدەی مۆرفیمی بەستەر دەخرێنه پالٚ یەكتری بۆ پێكهێنانی وشەی نویٚن وەك: بەردەنوێژ، مارماسی.

9–له سەر ڕووی ئەم زەمینەدا، هیچ نه تەوەییێك نیه هەڵگری زمانێك بێت، كه هەموو وشەو زاراوەكانی هی زمانه ڕەسەنەكەی خۆی بێت، بەڵكو به شێوەیەكی نائاگا گەلیٚ زاراوەو وشەی نوێباو دێته ناو زمانەكەیەوە، زمانی كوردیش هاوشێوەی زمانانی تر وشەو زاراوه دەخوازێت و بەكاری دەهێنێت له زمانەكەیدا.

10–هەموو بەرەو پێشچوونێكی ژیانی مرۆڤ كاردەكاته سەر جۆری وشه و واتای وشه، بۆیه هەموو داهێنانێكی تازه، پێویستی به كۆمەڵێك زاراوەی نوێباو دەبێت كه بتوانێت ئەو داهێنانه نوێیه لەناو كۆمەڵدا بچەسپێنرێت و بلاٚوبكرێتەوە.

11– به گشتی لەناو وشەكانی زماندا، لەیەك كاتدا دوو چین وشه هەن:

أ– وشەی چالاٚك

ب– وشەی سست

فۆرمی چالاٚك ئەوانەن كه لەگەلٚ ژمارەیەكی زۆر بنجی شیاودا بەكاردێن، به پێچەوانەوە فۆرمی سست ئەوانەن كه لەگەلٚ زۆر بنجی شیاودا بەكارنایەن.

بۆ نموونه پێشگری (ب) له وشەكانی وەك (بكوژ، ببڕ، بنووس) زۆر سسته پێویست ناكات به گیرەك دابنرێت، لەبەر سستی ناچێته سەر ئەو وشانەی كه دەشێت بچێته سەری، وەك وشەی (بنێر، بفرۆش)، بەلاٚم (وو، او) له وشەكانی وەك (دانیشتوو، ڕۆیشتوو، گەیشتوو، كوژراو، نوسراو، بردراو،...) زۆر چالاٚكه.

12– به پێی تیۆری گەشەكردن لای (داروین) وشه به چەند قۆناغێكدا تێپەڕ دەبیٚ تا به تەواوی لەناو دەچێت و دەمرێت. سەرەتا بەكارهێنانی كەم دەبێتەوە، پاشان بەرەو سست بوون دەچیٚ و دەچێته ڕیزی وشه كۆن و پیربووەكان تا به تەواوی دەمریٚ و ون دەبێت و بەكارهێنانی لەناو خەڵك دا نامێنی.

# سەرچاوەکان

# سەرچاوەكان

## 1-سەرچاوە كوردییەكان:


1- ئازاد رەمضان علی (2005)، بنەما زمانییەکانی داڕشتنی هەواڵ لە ڕۆژنامە کوردییەکاندا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین.

2- ئەحمەد حسن ئەحمەد (1975)، پێشگر و پاشگر، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، بەغدا.

3- ئەمجەد شاکەلی (1989)، منداڵی کورد و فەرهەنگی کورد لە هەندەران، سوید.

4- ئەنجوومەنی کۆڕی زانیاری (1973)، نەسرین محمد فەخری، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم، بەغدا.

5- ئەورەحمانی حاجی مارف ( 1975 )، وشەی زمانی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

6- ئەورەحمانی حاجی مارف (1979)، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم(مۆرفۆلۆژی)، بەشی یەکەم–ناو–، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق، بەغدا.

7- ئەورەحمانی حاجی مارف (1987)، وشەڕۆنان لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، چاپی دووەم، بەغدا.

8- ئەورەحمانی حاجی مارف (1998)، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم(مۆرفۆلۆژی)، بەشی چوارەم–ژمارەو ئاوەڵکردار–، بەغدا.

9- ئەورەحمانی حاجی مارف (2000)، بنج و بناوانی هەندێ وشە، بەشی یەکەم، بەغدا.

10- ئەورەحمانی حاجی مارف (2000)، زمانی کوردی و خەوشی هەندێ وشە و زاراوەی نوێ، بەشی یەکەم، بەغدا.

11- ئیبراهیم امین باڵدار (1986)، زاراوەو زمان لە کاروانی زانیاری ئەمڕۆدا، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (112).

12- ابراهیم احمد شوانی (2001)، داهێنان لای مەحوی داهێنانی کۆزاراوە یەکی سۆفیگەرییە، گۆڤاری کاروان، هەولێر، ژمارە(161).

13- ئیبراهیم عزیز ئیبراهیم (1983)، ڕێنووس، زانستگای سەلاحەددین، کۆلێجی ئەدەبیات، هەولێر.

14- بێر نارد کەمریَ (2007)، جێریدایەمە ند، دەوگ وا لَن، ك.دەیڤ ید هارل سین، وەرگێڕانی: کامل محمد قەرەداغی.

15- بەدران ئە حمەد حەبیب (2005)، زاراوە گەلی ڕاگەیا ندن، ئینگلیزی- کوردی- عەرەبی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، هەولێر.

16- بەکر عومەر عەلی (2000)، میتافۆر لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە، نا مەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

17- بەناز ڕەفیق تۆفیق (2008)، ڕێگە بنەڕەتییەکانی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی کوردی لە د یالێکتی خواروودا، نا مەی ماجستێر، کۆلێژی پەروەردە/ئیبن ڕو شد، زانکۆی بەغدا.

18- تابان محمد سعید حسن (2008)، گەشەسەندن و پوکانەوەی گەنجینەی وشە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

19- پاکیزە ڕەفیق حیلمی (1975)، بوژاندنەوەی زمان، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم.

20- جەمال عەبدول (2008)، بەرکولێکی زانستی زاراوەسازی کوردی، چاپی دووەم، قەشەنگ، سلێمانی.

21- جەمال نەبەز (1976)، زمانی یەکگرتووی کوردی، بامبێرگ، ئەڵمانیا.

22- جەمال نەبەز (2008)، وشەنامەکی ئیتیمۆلۆژیای زمانی کوردی، چاپی یەکەم.

23- حسین علی ولی (1999)، گرنگی وەرگێڕان و ئاستەنگەکان، گۆڤاری (ڕامان)، هەولێر، ژ:37.

24- حوسێن محەمەد عەزیز (2005) سەلیقەی زمانەوانی و گرفتەکانی زمانی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

25- ڕۆژان نوری عبدالله (2007)، فەرهەنگی زمان و زاراوە سازی کوردی، چاپی یەکەم، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.

26- ڕەفیق شوانی (1998)، کاریگەری بزوتنەوەی کورد و فراوانبوونی فەرهەنگی وشەی زمانی کوردی، گۆڤاری کاروان، ژمارە:(127).

27- ڕەفیق محەمەد شوانی (2001)، چەند بابەتێکی زمان و ڕێزمانی کوردی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، هەولێر.

28- سعید صدقی کابان (1982)، مختصر صرف و نحوی کوردی، بغداد.

29- شەوکەت اسماعیل حسن (1986)، دەربارەی وشە، گۆفاری کاروان ، ژ:(40) .

28- شێخ محمدی خاڵ (1960)، فەرهەنگی خاڵ، بەرگی یەکەم، سلێمانی.

30- شێرکۆ حەمە ئەمین قادر، مۆرفیمە بەندە لێکسیکی و ڕێزمانییەکان و ئەرکیان لە دیالێکتی گۆڕاندا، نامەی ماجستێر، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، 2002.

31- جوان حسین (2004)، داهێنان لەنێوان توانا کانی لاوان و سیستەمی پەروەردەدا، گۆڤاری ڕامان ،تەموز/ ئاب، ژ:(86).

32- عبدالسلام نجم الدین عبدالله (2007)، شیکردنەوەی دەقی شیعری لە ڕووی زمانەوانییەوە، نامەی ماستەر.

33- عبدالله حسین رسول (2002)، مێژووی شێوەزاری گەرمیان، گۆڤارا زانکۆیا دهۆك(مرۆڤایەتی- ئەکادیمی)، بەربەندا (5)، هەژمارا:(1).

34- عبدالواحد مشیر دزەیی (2005)، ڕەهەندی دەروونی لەبواری ڕاگەیاندندا، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

35- عبدالواحد مشیر دزەیی (2006)، لادانی واتایی لە زمانی شیعردا، باسێکی بلاونەکراوەیە.

36- عبدالواحد مشیر دزەیی (2007)، خواستنی فۆنیم لە زمانی کوردیدا، باسێکی بلاونەکراوەیە.

37- عەبدوڵلا عەزیز محەمەد (1990)، گۆڕانی واتای وشە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.

38- عەلی نانەوا زادە (1380)ی هەتاو، فەرهەنگی هەرمان،کوردی بە کوردی، بەرگی یەکەم، (ئا-ب)، چاپی یەکەم، چاپەمەنی تەوەکولی-تاران، چاپخانەی ناسخ.

39- عیزەدین مستەفا ڕەسول و د.ئیحسان فوئاد و صادق بەها ئەدین(1972)، زمان و ئەدەبی کوردی، بۆ پۆلی یەکەمی ناوەندی، چاپی دووەم، بغدا,.

40- غازی فاتح وەیس (1986)، ڕووناکبیری لە کتێبی (زمانی نەتەوا یەتی)، گۆڤاری ڕۆشنبیری نویٚ، ژمارە (111).

41- غازی فاتح وە یس، فا ضل مج ید (1987)، ز مان و ئەدەبی کوردی، بۆ پۆلی یەکەمی کۆلێجەکانی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

42- فاروق ع مر صدیق (2007-2008)، موحازەرە کانی خویٚ ندنی بالاٚ، زاذ کۆی سلێمانی.

43- فەتاح ما مە عەلی (1998)، ئید یەم لە زمانی کورد یدا، نا مەی دکتۆرا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین.

44- فەتاح ما مە عەلی (2007)، لەبارەی زمانەوانییەوە، کۆلێژی پەروەردەی بنیات، زانکۆی سەلاحەدین.

45- کا مل حە سن البە صیر (1979)، زاراوەی کوردی (لێکۆلێ نەوە و هەڵ سەنگاندن)، چاپخانەی (زانکۆی سلێمانی).

46- کا مل حەسن البصیر (1985)، بەراوردکاری یەك لەنێوان ز مانی کوردی و ز مانی عەرەبیدا، گۆڤاری (کۆڕی زانیاری عیراق)، بەرگی سێزدەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا.

47- کوروش سەفەوی، و: دلـ ێر سادق (2006)، چەند لا یەنێکی واتا سازی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم.

48- کەوسەر گەلاڵی (2006) جووتە وشەی لێکدراو لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.

49- کەوسەر عەزیز ئە حمەد (1990)، بیردۆزی مۆرفیم و هە ندیٚ لا یەنی وشە سازی کوردی، نامەی ماجستێر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

50- مەسعود محەمەد (1988)، زاراوەسازی پێوانە، چاپخانەی سۆمەر، بەغدا.

51- مەهاباد قەرەداغی (2000)، ز مان و نا سنامە، ڕەهە ند، لە بلاٚوکراوە کانی نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی، چاپخانەی ڕەنج، ستۆکهۆڵم.

52- محەمەد وەسمان (2004)، گیروگرفتەکانی زاراوەدانان لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، سلێمانی.

53- محمد معروف فتاح (1990)، زمانەوانی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین.

54- محمد مەعروف فەتاح (1989)، وشەی لێکدراوی بەستراو لە زمانی کوردی دا، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (124).

55- محمد نوری عارف (1981)، تێکستی ئەدەبی کوردی(هۆنراوە)، بەشی یەکەم، بۆ ساڵی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، زانکۆی سلێمانی.

56- محمد نوری عارف (2009)، فەرهەنگی دیوانی شاعیران (نالی- سالم- کوردی)، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، هەولێر.

57- مستەفا پەژار (1997)، کە سایەتی ودنەما دەروذ یەکانی داهێنان، گۆڤاری (ڕامان)، ژمارە (18)، هەولێر.

58- مستەفا زەنگەنە (2003)، پێناسەکانی وشە، گ ( کاروان ) ، ژ (169 )، هەولێر.

59- نەسرین محمد فخری (1987)، ڕێنوسی کوردی، بغداد.

60- نەوشێروان مستەفا ئەمین (1997)، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، چاپی یەکەم، ئەڵمانیا-بەرلین.

61- نسرین فخری و د.کوردستان موکریانی (1982)، کتێبی ڕێزمانی کوردی بۆ پۆلی یەکەمی بەشی زمانی کوردی زانکۆی سەلاحەدین.

62- نوری عەلی ئەمین (1958)، گرتنی کەلێنێکی تر لە ڕێزمانی کوردی، چاپخانەی مەعرف، بەغدا.

63- نوری عەلی ئەمین (1960)، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کامەران، سلێمانی.

64- هەژار (1974)، کورد و سەربەخۆیی زمان، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی دووەم، بەشی یەکەم، ژمارە (1)، بەغدا.

65- وریا عمر امین (2004)، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، وتاری دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، بەرگی یەکەم، هەولێر.

66- یوسف شریف سعید(2001)، فەرهەنگسازی، گۆڤاری نووسەری نوێ، ژ(19)، هەولێر.

## 2-سەرچاوە عەرەبییەکان:

67- ابراهيم السامرائى (1997)، الدخيل فى الفارسية والعربية والتركية، معجم ودراسة، الطبعة الاولى، بيروت-لبنان.

68- ابراهيم انيس السامرائى (1972)، من اسرار اللغة، الطبعة الرابعة، الانجلو، القاهرة.

69- احمد مختار عمر (1982)، علم الدلالة، الطبعة الاولى، مكتبة دار العروبة للنشر والتوزيع، الكويت.

70- ارسطو طاليس (1953)، فن الشعر، وەرگێڕانی عبدالرحمن البدوى، چاپخانەی (مكتبه النهضة العربيه).

71- اسماعيل ملحم (2003)، دراسة في سيكولوجية الاتصال والابداع، منشورات، التحرية الابداعية، اتحاد كتاب العرب، دمشق.

72- ثائر حسن جاسم (1986)، البحث النفسى فى ابداع الشعر، بغداد، (د.ت.).

73- جهينة نصر على (2001م)، المعرب والدخيل فى المعاجم العربية، دراسة تأثيلية، طبعة الاولى.

74- حسن حسين فهمى (1961)، المرجع فى التعريب المصطلحات العلميه والفنيه والهندسيه، مطبعة السعادة، اوصى بنشره (مجمع اللغة العربية).

75- خليل ابراهيم العطية (1986)، التركيب اللغوى لشعر السياب، مطبعة دار الشؤن الثقافية العامة، بغداد.

76- ستيفن اولمان (1986)، دور الكلمة فى اللغة، ت: كمال محمد البشير، مكتبة الشباب، القاهرة.

77- سلمى بركات (2005)، اللغة العربية مستوياتها وادائها الوظيفى وقضاياها، الطبعة الاولى، دار البداية، عمان.

78- على عبدالواحد الوافى(1945)، علم اللغة، الطبعة التاسعة، مطبعة النهضة، مصر، الفجالة- القاهرة.

79- فردينان دى سوسور (1985)، علم اللغة العام، ترجمة: الدكتور يوئيل يوسف عزيز، دار آفاق العربية، بغداد.

80- مجلة كلية اللغات العدد (2007)، جامعة بغداد،العدد(4).

81- محمد على الخولى (1982)، معجم علم اللغة الذظرى، انگليزى-عربى، مكتبة لبنان-بيروت.

## 3-سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

1-Crystal, David (2003), A Dictionary of Linguistics & Phonetics. Fifth Edition ,Oxford Black Well.

2- Crystal,D (1971) Linguistics,London: Pelican.

3- Falk Julia S.(1978),Linguistics & Language: A Survey of Basic Concepts And Implications. Michigan State University.

4- Fromkin.Victoria (2003), Robert Rodman, Ninahyans, Anintroduction to Language Seventh Edition,

5- Hudson. Grover (2000), Essential Introductory Linguistics Oxford.

6-Martin Haspelmath (2002), Understanding Morphology First Published Great Britain, London.

## 4- پێگەی ئەنتەرنێت:

1- http://en.wikipedia.org/wiki/neologism.

# ملخص البحث


يتلخص البحث الموسوم ب(الكلمات المستعارة في اللغة الكوردية) في البحث عن الكلمات التي استعيرت من اللغات الأخرى حيث يهدف إلى بيان وتحديدها أصل الكلمات المستعارة في اللغة الكوردية من اللغات الأجنبية (كالعربية والفارسية والتركية واليونانية والاوربية...)، وتحديداً في اللهجة الكرمانجية الوسطى. مع بيان اسباب هذه الاستعارات التي تتجسّد في الاسباب الدينية والقومية والسياسية كما يعالج كيفية التمييز بين الكلمات المستعارة فيها، من خلال على ثلاثة فصول:

- يتناول الفصل الأول/ تعريف الكلمة ومكوناتها وانواعها في اللغة الكوردية، والمستعمل والمهمل منها والأكثر استعمالاً، ومعوقاتها الابداعية.

- أما الفصل الثاني/ فيعرض نمو الكلمة وتطورها وتغيّر دلالاتها واسباب هذه التغييرات واثر اللغات الأجنبية في اللغة الكردية، كما يعرض معجماً للكلمات الكردية.

- وخصص الفصل الثالث/ للكلمات المستعارة في اللغة الكردية مع ضوء المستويات اللغوية (الصوتي والصرفي والبلاغي).

واختتم البحث بخاتمة للاستنتاجات التي توصلت إليها الباحثة وقائمة بالمصادر والمراجع المستعملة في البحث وملخص البحث باللغتين العربية والانگليزييه.

# Abstract

The research is entitled "Borrowing in Kurdish Language- An etymological Study". It is aiming at the clarification of some borrowed and original Kurdish words in the framework of central Kurdish. The study follows a descriptive- analytical etmology. It talks about borrowing from foreign language into Kurdish via different means such as: occupation, Islamic conquests, neighboring and the Kurdish political situation. Lost of words from Arabic, Turkish, Persian, Greek, and other European languages have come into Kurdish.

The rhesis attempted to distimguish pure Kurdish words from the borrowed ones. Apart from the introduction and conclusion, it falls into three chapters:

Chapter one consists of the definition of word, word structure, types of words, word coinage, active and inactive words, derivational productivity, impossible words, dead words.

Chapter two deals with the topics like word change, ways of word growing, methods of word meaning change, other language influences on Kurdish language, and Kurdish words lexicography: (original words, indo- European words, Iranian words, Arabic, Turkish words and global words).

Chapter three discusses borrowing, its causes and borrowing in accordance with the levels of language (phonology, morphology, syntax and semantics), as well as the borrowed words in Kurdish.

In the end, the result of the study has been presented along with the bibliography and the Arabic and English abstract.

حكومة اقليم كردستان-العراق
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
جامعة صلاح الدين-اربيل
كلية اللغات

# استعارة الكلمة في اللغة الكوردية

## ( بحث ايتمولوجي )

رسالة تقدم بها الطالبة
ساكار أنور حميد
بكالوريوس في اللغة الكردية-جامعة صلاح الدين(2004-2005)

رسالة
إلى مجلس كلية اللغات-جامعة صلاح الدين وهي جزء من متطلبات نيل درجة الماجستير في اللغة الكردية

باشراف
أ.م.د.بكر عمر علي

2009ميلادى 2709كردي 1430هجري

Kurdistan Regional Government- Iraq
Ministry of Higher Education & Scientific Research
Salahaddin University- Erbil
College of Languages

# BORROWING IN KURDISH LANGUAGE- AN ETYMOLOGICAL STUDT

A THESIS
SUBMITTED TO THE COLLEGE OF LANGUAGES-
SALAHADDIN-UNIVERSITY
IN PARTIAL FULFILLMENT OF THE REQUIREMENTS FOR
THE DEGREE OF MASTER
IN KURDISH LINGUISTICS

**By**
**Sakar Anwar Hameed**
**B.A. University of Salahaddeen (2004-2005)**

**Supervised By**
**Assist.Prof. Dr.Bakir Omer Ali**

**2009AD** **2709K** **1430H**